# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سییەم (١٣٧٦)- (١٤)ی ئابی ٢٠٢٣

## خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ چەمکی «پارتی» وەك فیکر

# ساتێک بیرکردنەوە لەناو گلەیی و گازندەی ئەندام و لایەنگرانیدا



سەرۆک بارزانی چەندین ساڵە بیری لەوە کردووەتەوە کە جارێکی دیکە «پارتی» ببێتەوە بەو چەمکەی لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان لە دایك بووە

کاریزمای نەتەوە لە قۆناغە سەختەکاندا تەنیا گوێ لە ڕای گەلەکەی خۆی دەگرێت




# کوردستان تیڤی

# شۆڕشێک بوو لە بواری ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نەتەوەیی

٧٧

کوردستان تیڤی: بۆ یەکەم جار لە کوردستان کەناڵێکی ئاسمانی دەستی بە بڵاوکردنەوە و پەخشی بەرنامەکانی کرد. ڕۆژی ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩، کەناڵی کوردستان تیڤی وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانیی کوردی لەسەر خاکی کوردستان دەستی بە پەخش و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد. دامەزراندن و کردنەوەی کەناڵی کوردستان تیڤی، شۆڕشێک بوو لە بواری ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نەتەوەیی و پێشخستنی بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری لە کوردستان.






لەم ماوەیەدا دوو کتێب لە نووسینی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکران و کتێبخانەی دادوەریی کوردییان ئاوەدانکردەوە، یەکێکیان بە زمانی عەرەبییە بەناونیشانی (قصة العدل)، دوومیشیان بەناوی (سیرة أزمة قانون النفط والغاز بين بغداد واربيل حقائق موثقة للتأريخ) کە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان بە زمانی عەرەبی و بەشی دوومیشیان بە هەمان ئەو ناونیشانەیە کراوە بە کوردی (بیۆگرافیای قەیرانی یاسای نەوت و غاز لەنێوان بەغدا و هەولێر چەند ڕاستییەکی دۆکیۆمێنتکراو بۆ مێژوو).

کتێبی یەکەم کە پێشەکییەکەی لەلایەن پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد سلێمان ئەلئەحمەد- وە نووسراوە، ئاماژە بۆ چیرۆکی دادپەروەری دەکات، کتێبێکە نەخشە بۆ مێژوو و بۆ ئایندە دەکێشێت، نووسەر باس لە پیرۆزترین چیرۆکی گرانبەهاترین بەهای کۆمەڵایەتی دەکات، ڕۆشنایی دەخاتە سەر دادپەروەری، نەك گەڕان بەنێو ئەم چەمکە و چەمك و جیاوازیی بۆچوونەکانی، بەڵکو چیرۆکێکە ناونیشانەکەی دادپەروەرییە بە هەموو ئەو قۆناغانەی پێیاندا تێپەڕیوە، هەر لە سەرەتاکانی مێژوو و پێش مێژووش، تا دەگاتە هێنانەکایەی دادپەروەری لە واقیعی تازە و هاوچەرخدا. نووسەر کە وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەتەنگ ئەوەوە بووە کە خوێنەرئاگاداربکاتەوە سەبارەت بە لێکدانەوە و باوەڕی خۆی بە ململانێی کێبڕکێ و ڕکابەریی نێوان مرۆڤایەتی سەبارەت بەزەفەربردن بە بەرژەوندییەکان و بەرگری لە مافەکان. ئەم کتێبە سێ بەشە: سەرەتاکانی داپەروەری، دادپەرورەی پێش بزاڤی بە یاساکردن، دادپەروەری لەدوای بزاڤی بەیاساکردن.

کتێبی دووەمی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد باس لە بابەتێکی گرنگ دەکات، ئەویش سامانی نەوت و گازە کە پرسێکی جەوهەرییە لەو وڵاتانەی ئەم کەرەستەیە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ دابینکردنی دارایی بودجەی ساڵانەیان، هەروەها ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی تێدا هەیە بۆ پلانی گەشەپێدان و وەبەرهێنان. نووسەر دێتە سەر قەیرانی یاسای نەوت و غاز لە نێوان بەغدا و هەولێردا، لەمەدا ئاماژە بۆ هەوڵەکانی حکومەتی فیدراڵ دەکات کە پەنا بۆ بێبەش کردنی هەرێمی کوردستان دەبات لە داهاتەکانی ئەو سامانە، یان فشارخستنە سەری بۆ کەمکردنەوەی شایستەکان، دوای ئەو هەموو فشارانە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری دەکات لەسەر دابینکردنی گەرەنتی دەستووری لە هەموو شتێکی پەیوەست بە سامانی نەوت و گاز بۆ ئەوەی بگەنە دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی ئەم سامانە و چەسپاندنی باڵادەستیی یاسای هەرێم بەسەر یاسای فیداڵدا، لە ئەگەری ناکۆکی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا یان جیاوازیی نێوان یاساکانی ئەو دوو لایەنە یاخود دژایەتیی نێوانیان و چەندین گەرەنتیی دیکە کە وردەکاری و پاڵپشتیی دەستوورییان هەیە.

ئەم دوو کتێبەی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد سەرچاوەی گرنگن بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چەمکی دادپەروەری، هەروەها بیۆگرافیای قەیرانی یاسی نەوت و گاز لەنێوان هەولێر و بەغدا و ڕاستیی دۆکیۆمێنتکراو بۆ مێژوو، دەستخۆشی لە بەڕێزیان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**


***Web: www.gulanmedia.com***

«« پ. د.عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق:



**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەستی بە چاکسازی کرد**

«« قەشە یترۆن یۆنان داود:



**مەلا مستەفا بارزانی و مارشەمعون یەک ئامانجیان هەبوو کە کوردستان ببێتە شوێنێکی خۆشی و تەنایی بۆ هەمووان**

«« ئیحسان عەبدولڕەحمان بابان:



**پێویستە لێژنەی باڵای مادده هۆشبەرەکان فراوان بکرێت و بکرێتە ئەنجومەنی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان**

«« شێروان جەلال بەگ:



**هەریر بووە قەزا و دانیشتووانەکەشی چاوەڕوانی ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزارین**

سواره عەزیز عەلی:



## لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ١٣ ناوچەی پیشەسازی دادەمەزرێن

ڕێزان محەمەد:

## زیاتر لە بەیانیان زوودا شیعرەکانم دەنووسم



## بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێو ئافرەتان و نەوجەوانان زەنگی مەترسیی لێ داوە




دلستان محەمەد:

## کچان لە وەرزشی کاراتییەوە پشتگوێ خراون



## خراپترین چەوری لە لەشدا




## جزدانێک بۆ پارەی دیجیتالی





# خوێندنەوەیەکی جیاواز بۆ چەمکی «پارتی» وەک فیکر



# ساتێک بیرکردنەوە لەناو گلەیی و گازندەی ئەندام و لایەنگرانیدا

میشێل فۆکۆ لە کتێبی «وشە و شتەکان» دەڵێت: «بۆ ئەم کتێبە شوێنێك هەیە بۆ لەدایکبوونی دەقێکی بۆرگیس، کە لە کاتی خوێندنەوەیدا قاقایەك دروست دەبێت، کە هەموو نەریتەکانی فیکر (فیکری ئێمە) دەلەرزێنێت، ئەو فیکرە کە تەمەن و جوگرافیای ئێمەی هەیە و، وامان لێ دەکات کە شێوازی کۆنی بیرکردنەوەمان بۆ «خود»، «ئەوی دیکە» بۆ ماوەیەك بهەژێنێت و تووشی دڵەڕاوکێمان بکات». ئەو دەقەی «بۆرگیس» کە لە کاتی خوێندنەوەیدا فۆکۆ گوێبیستی ئەو قاقایە دەبێت، ئەو ساتەیە کە تیایدا فۆکۆ چەمکی مۆدێرنە وەك ئایدیۆلۆژیەتێکی سڕبووی چەقبەستوو دەبینێت، نەك وەك بەرهەمی فیکر و ڕۆشنگەری.

ئەم تێڕوانینە وردەی فۆکۆ بۆ چەمکی مۆدێرنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرەتایەی کە لە چوارچێوەی کۆجیتۆی دیکارتدا پێناسە کراوە و دەڵێت: «من بیردەکەمەوە. کەواتە من هەم»، ئەم «هەم»ـەی دیکارت لەگەڵ ئەوەی هایدگەر وەك مانا و پێناسەی «بوون » ڕەخنەی لێ دەگرێت، بەڵام لەم نووسینەدا ئەو «هەم»ـەی دیکارت بەو شوێنە پێناسە دەکەین کە مانا و پێناسەی «بوون» تێیدا لەدایك دەبێت.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت هەموو چەمکێك کە ئاراستەی ژیان دەگۆڕێت، دوای ئازاری بیرکردنەوەیەکی زۆر لەناو منداڵدانی فیکردا لە دایك دەبێت، هەر بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەم دێڕانە زیاتر وەك چەمك مامەڵە لەگەڵ «پارتی» دەکات، نەك حزبێکی سیاسیی هاوشێوەی مۆدێلی حزبی سەرمایەداری، یان کۆمۆنیستی، کەواتە کاتێك وەك چەمك مامەڵە لەگەڵ «پارتی» دەکەین، ئەوا ناچار دەبین بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، کە ئەم چەمکە لەناو کام ئازاری بیرکردنەوەی سەخت و لەناو کام فیکردا لە دایك بووە؟ ئەو کەسە کێیە کە بیری لێ کردووەتەوە؟ ئامانج لەم چەمکە چییە؟ دەبێت ئەم چەمکە وەك ئامراز بۆ چ مەبەستێك بەکار بهێنرێت؟

هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و ئەو مانایانەی چەمکی پارتی کە لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٤٦ـەوە هەتا ئێستا ڕاڤە کراوە، ئەوەمان پێ دەڵێت مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، لە ساتی لەدایکبوونی چەمکی پارتی، یان دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو وەك هەموو چەمکێك پێش لەدایکبوونی پێشخانێکی فیکری هەیە. هەر بۆ نموونە کۆپەر نیکۆس لە سەرەتای سەدەی ١٦ لە کتێبی «شۆڕشی ئەستێرەکان لە ئاسمان»، نووسیویەتی و بە تیۆر سەلماندی ئەستێرەکانی ئاسمان ئازادن و زەویش یەکێکە لەو ئەستێرانە و لەسەر خولگەی خۆی دەخولێتەوە، بەڵام گالیلۆ لە دەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم بە تەلەسکۆپ تیۆرەکەی کۆپەرنیکۆسی سەلماند، ئەمە بۆ لەدایکبوونی چەمکەکانی مۆدێرنە، ڕۆشنگەری، تەنانەت شۆڕش و دەوڵەتی نەتەوەییش بە هەمان شێوەیە و، چەمکی «پارتی»یش لەم چوارچێوەیەدا بە هەمان شێوەیە و ئەو پێشخانە فیکرییەی بووەتە شوێنی لەدایکبوونی ئەم چەمکە «فیکر و عیرفان و عەقیدەی بارزان»، ئەم فیکر و عەقیدەیەش بەرهەمی تەکیەی شێخانی بارزانە کە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

فیکر و عەقیدەی بارزان، پێش لەدایکبوونی چەمکی «پارتی»، چەندین چەمکی بەرزی دیکەی بۆ مرۆڤایەتی لەناو ئەو فیکر و عەقیدەیە لە دایك بوون، کە ئێستا بوونەتە ئەو هێمایانەی کە تەواوی گەلی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە شانازی پێوە دەکەن، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١. مرۆڤبوون، واتە ئێمە پێش هەر شتێك مرۆڤین، ئەوجا ڕەگەز نێر بێت، یان مێ، یان ئایین و نەتەوەمان لە یەکتری جیاواز بێت، هەموومان مرۆڤین و مرۆڤایەتی کۆمان دەکاتەوە.

٢. پێکەوەژیانی ئاشتییانە، لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان و پیادەکردنی ڕێوڕەسمە ئایینی و نەتەوەییە جیاوازەکان.

٣. نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی، بەتایبەتی هەڵگرتنی چەوسانەوە لەسەر ئافرەتان و ڕێگرتن لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ، گەورە بە بچووك، پێدانی ژن لە بری خوێن و...هتد.

**هەموو چەمکێك کە ئاراستەی ژیان دەگۆڕێت، دوای ئازاری بیرکردنەوەیەکی زۆر لەناو منداڵدانی فیکردا لە دایك دەبێت**

**ئەو پێشخانە فیکرییەی بووەتە شوێنی لەدایکبوونی ئەم چەمکە «فیکر و عیرفان و عەقیدەی بارزان»، ئەم فیکر و عەقیدەیەش بەرهەمی تەکیەی شێخانی بارزانە کە مێژووەکەی بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا دەگەڕێتەوە**

**مستەفا بارزانی جیا لەوەی لە ساڵی ١٩٠٣ لە زیندان لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩١٩ و لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە، دوای ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان هێزێك دەنێرێت بۆ بەهاناوەچوونی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید، بە کردەیی هاتووەتە ناو کۆڕی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە**

٤. پاراستنی ژینگە و ڕێگرتن لە بڕینەوەی دار و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان، ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەم چەمکە بەرزە بکەین (ڕێگرتن لە بڕینەوەی دار و پاراستنی دارستانەکان) و کەشوهەوا و جوگرافیای ئەو ناوچانەش لەبەرچاو بگرین، کە هەم کەشوهەوایەکی کوێستانی و زۆر سارد و جوگرافیایەکی زۆر سەخت و دوورەدەستیان هەیە، کە زیاتر پێویستییان بە سووتەمەنی بەتایبەتی لە وەرزی زستان هەیە، کەچی پێش زیاتر لە سەدە و نیوێك پابەندی جێبەجێکردنی ئەم چەمکە بەرزە بوون: «ڕێگرتن لە بڕینەوەی دار و پاراستنی دارستانەکان»، هەر بۆیە ئێستا کە دەچیتە ئەو ناوچەیە دەبینی، هەم دارستانەکان پارێزراون و هەمیش ئاژەڵە کێوییەکان بە ئازادانە بە گوندەکاندا دەسووڕێنەوە.

٥. بەرگریکردن لە هەق و ڕووبەڕووبوونەوەی ناهەق و زۆرداری، ئەم چەمکە تەنیا بۆ پارێزگاریکردن لە شوێنکەوتووانی فیکر و عەقیدەی بارزان، جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو لە هەر شوێنێك ناهەقی و زۆرداری هەبووبێت، شوێنکەوتووانی فیکر و عەقیدەی بارزان داکۆکییان لە ستەملێکراو کردووە، تەنانەت بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان شەڕی زۆر گەورەیان کردووە و بە دەیان شوێنکەوتووانی بارزان بۆ داکۆکیکردن لە هەق شەهید بوون.

٦. خوداناسی، خودا پەرستی، نیشتمانپەروەری، بەرزی و گەورەیی ئەم چەمکە لەوەدایە، تۆ چۆن خودای خۆت دەناسیت، چۆن خوداپەرستی دەکەیت ئازادی، بەڵام گرنگە نیشتمانەکەی خۆتت خۆش بوێت.

چەمکەکانی «فیکر و عەقیدەی بارزان» زۆر لەو چەمکانە زیاترن کە ئاماژەمان پێ کردن، بەڵام هەوڵ دەدەین ئەو ئەو چەمکانە بکەینە پێشخانێك بۆ ئەوەی بزانین چۆن چەمکی «پارتی» لەناو ژانی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا لە دایك بووە؟

بە چەند خاڵێك وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەینەوە:

١. مستەفا بارزانی جیا لەوەی لە ساڵی ١٩٠٣ لە زیندان لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩١٩ و لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە، دوای ئەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان هێزێك دەنێرێت بۆ بەهاناوەچوونی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید، بە کردەیی هاتووەتە ناو کۆڕی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە.

٢. مستەفا بارزانی پێش ئەوەی ببێتە پێشمەرگەی پاراستنی کۆماری کوردستان، شکستی مەملەکەتەکەی شێخ مەحموودی حەفید، دامرکاندنەوەی شۆڕشی یەکەم و دووەمی بارزانی بینیوە، هۆکاری ئەم هەموو شکستەش لەناو فیکری مستەفا بارزانیدا کە زۆر بە وردی دەستنیشان کراوە و تا ئێستاش بە دەست ئەو هۆکارەوە دەناڵێنین، نەبوونی یەکڕیزی و تەبایی بووە لە نێوان تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەم هۆکارەشی لەناو ئەو شیعرە بەرزەی ئەحمەدی خانی کۆکردووەتەوە کە دەڵێت:

گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەك
ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەك
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت
تەحسیل دکر مە عیلم و حکیمەت

٣. کاتێك لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ پێشەوا قازی محەمەد دامەزراندنی کۆماری کوردستانی لە «چوار چرا»ی شاری مەهاباد ڕاگەیاند، مستەفا بارزانی بڕیاری دا سەرەتای یەکڕیزی و تەبایی و هاریکاری دەستی پێ بکرێت و خۆی و پێشمەرگەکانی چوون بۆ کۆماری کوردستان و بوونە پارێزەری ئەو کۆمارە، بەڵام لە دوای چەند مانگ وەك مێژوو بۆ مان باس دەکات، سەرۆك هۆزەکانی کوردستان وەك پێویست هاوکاریی پێشەوا قازی محەمەدیان نەکرد و، تەنیا هێزی بارزانییەکان مانەوە کە پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، ئەم بەرگرییە قارەمانانەی هێزی بارزانییەکان بوو، کە وای کرد، پێشەوا ئاڵای کوردستان وەك ئەمانەت بە ژەنەڕاڵی کۆمار مستەفا بارزانی بسپێرێت.

ئەم خاڵانە کە واقیعی مێژوویین، ئەوەمان پێ دەڵێت، کاتێك لە ژانی بیرکردنەوەی مستەفا بارزانیدا چەمکی «پارتی» لەدایك دەبێت،

**کاتێک لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ پێشەوا قازی محەمەد دامەزرانی کۆماری کوردستانی لە «چوار چر»ی شاری مەهاباد ڕاگەیاند، مستەفا بارزانی بڕیاری دا سەرەتای یەکڕیزی و تەبایی و هاریکاری دەستی پێ بکرێت و خۆی و پێشمەرگەکانی چوون بۆ کۆماری کوردستان و بوونە پارێزەری ئەو کۆمارە**

**سەرۆک هۆزەکانی کوردستان وەک پێویست هاوکاریی پێشەوا قازی محەمەدیان نەکرد و، تەنیا هێزی بارزانییەکان مانەوە کە پارێزگاری لە کۆماری کوردستان بکەن، ئەم بەرگرییە قارەمانانەی هێزی بارزانییەکان بوو، کە وای کرد، پێشەوا ئاڵای کوردستان وەک ئەمانەت بە ژەنەڕاڵی کۆمار مستەفا بارزانی بسپێرێت**

**بۆ ئەوەی «پارتی بەهێز بێت»، سەرۆک بارزانی بڕیاری داوە کە پرۆسەی چاکسازی لەناو پارتییەوە دەستی پێ بکرێت و، دەبێت ڕەحم بە گەندەڵکاران نەکرێت و سنووریکیان بۆ دابنرێت**



بەتایبەتی لەو کاتەی بەرگری لە کۆماری کوردستان دەکات و دەشزانێت بەو پەرتەوازەییە لە بەرانبەر سوپای شای ئێراندا پاراستنی ئەو کۆمارە مەحاڵە، ئا لەم واقیعە تاڵ و نائومێدییەدا مستەفا بارزانی داوا لە سەرجەم حزب و لایەنە کوردستانییەکان و سەرۆك هۆز و کەسایەتییە دیارەکانی کوردستان دەکات، کە یەك بگرن و لە ژێر یەك چەتردا کۆببنەوە، کە ئەویش چەتری پارتی دیموکراتی کوردستانە.

لێرەوە ئەگەر بەها بەرزەکانی چەمکی «پارتی» لە ناو فیکری مستەفا بارزانی بخەینە ڕوو، دەبینین چەمکی «پارتی»یش، هاوشێوەی چەمکەکانی دیکەی «فیکر و عەقیدەی بارزان» بریتییە لە چوارچێوەیەك بۆ «ڕاستگۆیی، یەکڕیزی و تەبایی، دادپەروەری و سەروەریی یاسا، پێکەوە ژیانی ئاشتییانە، وەفاداری بۆ نیشتمان، لە سەرووی هەمووشیانەوە کۆکردنەوەی کۆی هێز و تواناکانی گەلی کوردستان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و پاراستنی ئەم دەوڵەتە، ئەمەشی لە یەك دروشمدا کۆکردۆتەوە ئەویش «کوردستان یان نەمان»ە.

ئەمەی تا ئێستا ئاماژەمان پێ کرد، تەنیا چەمکی «پارتی»یە لە هەناوی بیرکردنەوەی پەتییانەی مستەفا بارزانیدا وەك ئەمانوئێل کانت ناوی لێ ناوە «ڕەخنەی ئەقڵی پەتی»، هەر بۆیە ئەگەر ئەم چەمکە لەسەر ئەرزی واقیع وەك پارتێك بە ناوی «پارتی دیموکراتی کوردستان» پراکتیزە دەکرێت، ئایا دەتوانین بڵێین ئەم پارتە توانیویەتی ئەو هەموو بەها بەرزانەی ئەو چەمکە «پارتی» بپارێزێت کە لە بیرکردنەوەی زیاتر لە سی ساڵی خەباتی مستەفا بارزانی پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدایك بووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لە پەیڤێکی سەرۆك مسعود بارزانی وەردەگرینەوە کە لە ماوەی یەك ساڵدا لە دوو بۆنەی گرنگی کۆنگرەی ١٤ و کردنەوەی یادگەی نیشتمانی بارزان زۆر بە بوێری و ڕاستگۆیانە پێی گوتین: لە ئێمەوە سەیری فیکر و عەقیدەی بارزان مەکەن، فیکر و عەقیدەی بارزان لە ئایدیۆلۆژیەتێکی موعەیەن گەورەترە».

ئەم پەیڤە بەرزەی سەرۆك بارزانی دەکەینە ئەو ساتەی کە بیر لە گلەیی و گازندەکانی ئەندام و لایەنگرانی کوردستان دەکەینەوە.

## ● ساتێك بیرکردنەوە لەناو گلەیی و گازندەکانی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا

لە دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩١ و دروستبوونەوەی کۆڕی فراوانی پارتییانە، لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی فەرمی و نافەرمی کە تەنیا ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوون، گوێبیستی گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان بووین، ئەوانەشی کە ئامادەن لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و نیشتمانی خۆیان شەهید بکرێن، گلەیی و گازندەیان لە هەموو ئەوانەی دیکە زیاترە، ئەم گلەیی و گازندانەش زۆر بە ڕاشکاوانەتر لەو کۆبوونەوە فراوانانەی پارتی زیاتر دەردەکەون کە شەخسی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەندام و لایەنگران و پێشمەرگە دێرینەکانی هەردوو شۆڕشی «ئەیلوول و گوڵان» کۆ دەبێتەوە. لەمەش زیاتر ئەو جەماوەرە بەرفراوانەشی کە لە ڕۆژی ١٦ی ئاب دەڕژێنە سەر جادە و شەقامەکان و لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا ئاهەنگ بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگێڕن، ئەوانیش گلەیی و گازندەیان هەیە و، گەلێك جاریش ئاستی گلەیی و گازندەی تێکۆشەرە دڵسۆزەکان دەگاتە لووتکە و بارودۆخەکەیان پێ ناگۆڕێت، بۆیە دەڵێن: «ئێمە مەلایین، پارتی نین»، ئەم تووڕەییە پیرۆزەی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزانە شایەنی ئەوەیە کە دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێت. لەناو دیمەنی ئەم گلەیی و گازندە بێ شومارانەدا، وەك مێشێل فۆکۆ دەڵێت: شوێنێك دروست دەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقێك کە لەگەڵ خوێندنەوەیدا قاقایەك دروست دەکات، کە هەموو نەریتەکانی فیکری ئێمە دەلەرزێنێت، ئەو فیکرەی تەمەن و جوگرافیای ئێمەیە، تێڕوانینمان بۆ تێگەیشتنی کۆنمان لە خود و ئەوی دیکە دەگۆڕێت، ئەو شوێنەش لەناو گلەیی و گازندەکانی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دروست دەبێت، دووبارە

**ئەو فیکرەی تەمەن و جوگرافیای ئێمەیە، تێڕوانینمان بۆ تێگەیشتنی کۆنمان لە خود و ئەوی دیکە دەگۆڕێت، ئەو شوێنەش لەناو گلەیی و گازندەکانی ئەندام و لایەنگرانی پارتی دروست دەبێت**

**ئەوانەی کە ئامادەن لەسەر پارتی دیموکراتی کوردستان و نیشتمانی خۆیان شەهید بکرێن، گلەیی و گازندەیان لە هەموو ئەوانەی دیکە زیاترە، ئەم گلەیی و گازندانەش زۆر بە ڕاشکاوانەتر لەو کۆبوونەوە فراوانانەی پارتی زیاتر دەردەکەون کە شەخسی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەندام و لایەنگران و پێشمەرگە دێرینەکانی هەردوو شۆڕشی «ئەیلوول و گوڵان» کۆ دەبێتەوە**

**گەلێك جار ئاستی گلەیی و گازندەی تێکۆشەرە دڵسۆزەکان دەگاتە لووتکە و بارودۆخەکەیان پێ ناگۆڕێت، بۆیە دەڵێن: «ئێمە مەلایین، پارتی نین»، ئەم تووڕەییە پیرۆزەی ئەو تێکۆشەرە دڵسۆزانە شایەنی ئەوەیە کە دەیان کتێبی لەسەر بنووسرێت**

**شەخسی سەرۆک بارزانی خۆیشی کە دەگەڕێتەوە ناو فیکر و عەقیدەی بارزان و دووبارە چەمکەکان دەخوێنێتەوە هەمان گلەیی و گازندانەی بۆ دروست دەبێت و ئەویش هەمان گلەیی و گازندەی هەیە**

**ئەو کەسانەی لەناو ئۆرگانەکانی پارتیدا پلە و پۆست وەردەگرن، پلە و پۆستەکانیان کاتین و لەژێر چاودێریی وردی بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەبن و، ئەگەر سەرکەوتوو نەبن و بە کردەیی نەیسەلمێنن لە ئاستی ئەو پلە و پۆستەن، ئەوا پلە و پۆستەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە**

**هیچ کەسێک لەناو پارتیدا ئەو دەسەڵاتەی نییە ئەم گلەیی و گازندانە ڕەت بکاتەوە، لەسەر ئەو گلەیی و گازندانەش لێپرسینەوە لەگەڵ کەس ناکرێت**

خوێندنەوەی دەقەکانی «چەمکەکانی فیکر و عەقیدەی بارزان»ـە کە هەمـوو شێوازی بیرکردنەوەی ئێمە دەڵەرزێنێت و، ئەو فیکرەش تەمەن و جوگرافیای کوردستانە.

کەواتە شوێنی پیرۆز بۆ دووبارە خوێندنەوەی چەمکەکانی «فیکر و عەقیدەی بارزان» ناوەندی ئەو گلەیی و گازندە بێشومارانەیە کە لەناو کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گوێبیستی دەبین و، خوێندنەوەی ئەم دەقانەش لەناو فەزای سیاسی و ڕێکخراوەیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بووەتە پارێزبەندی بۆ هەمـوو ئەندام و لایەنگران و هیچ کەسێك لەناو پارتیدا ئەو دەسەڵاتەی نییە ئەم گلەیی و گازندانە ڕەت بکاتەوە، لەسەر ئەو گلەیی و گازندانەش لێپرسینەوە لەگەڵ کەس ناکرێت و، هۆکاری سەرەکییش بۆ ڕێزگرتن لەم گلەیی و گازندانە ئەوەیە شەخسی سەرۆك بارزانی خۆیشی کە دەگەڕێتەوە ناو فیکر و عەقیدەی بارزان و دووبارە چەمکەکان دەخوێنێتەوە هەمان گلەیی و گازندانەی بۆ دروست دەبێت و ئەویش هەمان گلەیی و گازندەی هەیە.

سەرۆك مسعود بارزانی بە هاوشێوەی هەمان بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان، چەندین ساڵە بیری لەوە کردووەتەوە کە جارێکی دیکە «پارتی» ببێتەوە بەو چەمکە فیکرییەی کە لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان لە دایك بووە، ئەو ئاستەنگانەشی دەستنیشان کردووە کە ڕێگرن لەبەردەم ئەم پرۆسە نیشتمانییە کە ئامانجی کوردستانێکی بەهێزە و هەمـوو هەوڵ و تواناکانیشی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو زەمینەیە دروست بێت، کە جارێکی دیکە پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتەوە بەو «چەمکەی» کە لەناو فیکر و عەقیدەی بارزاندا لەدایك بووە، بۆ ئەمەش بڕیاری سەرۆك بارزانی بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو کوردستانێکی بەهێز گرێ دراوەتەوە بەوەی، دەبێت پارتی بەهێز بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ئاستی داواکارییەکانی ئەم قۆناغە بێت، هەر بۆیە لەناو پارتییەوە کۆمەڵێك هەنگاوی گرنگی هەڵگرتووە و لە کۆنگرەی ١٤شدا نەخشە ڕێگەی ئەم پرۆسە نیشتمانییەی خستە سەر ڕێگەی ڕاستی خۆی و هەنگاوی پراکتیکی بۆ هەڵگیراوە.

١. بۆ ئەوەی «پارتی بەهێز بێت»، سەرۆك بارزانی بڕیاری داوە کە پرۆسەی چاکسازی لەناو پارتییەوە دەستی پێ بکرێت و، دەبێت ڕەحم بە گەندەڵکاران نەکرێت و سنوورێکیان بۆ دابنرێت.

٢. ئەو کەسانەی لەناو ئۆرگانەکانی پارتیدا پلە و پۆست وەردەگرن، پلە و پۆستەکانیان کاتین و لەژێر چاودێریی وردی بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی دەبن و، ئەگەر سەرکەوتوو نەبن و بە کردەیی نەیسەلمێنن لە ئاستی ئەو پلە و پۆستەن، ئەوا پلە و پۆستەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە.

٣. بە هەمان شێوە ئەو کادرانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان (سەرۆکایەتیی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان) پلە و پۆست وەردەگرن و نوێنەرایەتی پارتی دەکەن، پۆستی کاتین و، ئەگەر بە کردەیی نەیسەلمێنن کە خزمەتکاری میللەتی خۆیانن ئەوا پۆستەکانیان لێ وەردەگیرێتەوە.

٤. بڕیار دراوە لەناو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بایەخێکی گەورە بە ئافرەتان بدرێت و ڕێز لە تواناکانیان بگیرێت و ژینگەیەکی تەندروست دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بتوانن تواناکانی خۆیان پیادە بکەن.

٥. بڕیار دراوە لەناو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دادپەروەری جێبەجێ بکرێت و، توانای گەنجەکان «نێر و مێ» بهێنرێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بەردەوام پارتی لە نوێبوونەوەدا بێت.

٦. بڕیار دراوە کە ڕاستگۆیی ببێتە بەشێك لە ئاکاری ئەندام و لایەنگرانی پارتی و، ئەو گلەیی و گازندانەی هەیانە بوێرانە و ڕاستگۆیانە لەناو ئۆرگانەکانی پارتی بیخەنە ڕوو و، بەرپرسی هەر ئۆرگانێك ملکەچە بۆ ئەوەی گوێ لەو گلەیی و گازندانە بگرێت و بە ڕێگەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن وەڵامی پێویستی ئەو گلەیی و گازندانە بداتەوە و ئەگەر لە توانای خۆیشی قورستر بوو،

مەکتەبی سیاسیی لێ ئاگادار بکاتەوە.

ئەم هەنگاو و بڕیارانەی کە سەرۆك بارزانی بە شەخسیی خۆی سەرپەرشتیی جێبەجێکردنیان دەکات، هەنگاوێکە بۆ دروستکردنی پانتاییەکی کراوە لەناو فەزای سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، بۆ ئەوەی هەموو ئەو گلەیی و گازندانە گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و بکرێنە ڕەخنەی جددی و هەموو ئەندامانی پارتی پێکەوە بیر بکەنەوە، بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو و شایستە بۆ ئەو ڕەخنانە بدۆزرێتەوە و تێگەیشتنێکی هاوبەشی ئەوتۆ لە نێوان ئەندامانی پارتی دروست ببێتەوە، کە هەر ئەندامێکی پارتی کەموکورتییەکانی پارتی بە کەموکورتیی خۆی بزانێت و هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییانە پڕ بکرێنەوە.

## ● ئەرکە قورسەکەی کوردستان لەسەر شانی پارتەکەی عەقیدە و فیکری بارزانە

ڕۆژی ١٦ی ئاب کە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ساڵیادی لەدایکبوونی «سەرۆك بارزانی»یە، کە وێڕای ئەوەی پیرۆزبایی ڕۆژبوونی لێ دەکەین، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر هەڵوێستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیشی دەکەینە وەڵام بۆ ئەم تایتڵە «ئەرکە قورسەکەی کوردستان لەسەر شانی پارتەکەی عەقیدەی و فیکری بارزانە» کە ئەویش ئەوەیە و دەڵێت: «من لەژێر سێبەری ئەم ئاڵایە لە کۆماری کوردستان لەدایك بووم و هەموو کاتیش ئامادەم لە پێناوی ئەم ئاڵایەدا بمرم».

ئەم پەیڤە بەرزەی سەرۆك بارزانی پێمان دەڵێت: پارتی ئامرازە، نەك ئامانج، ئامرازیش ئەو کاتە مانای دەبێت کە بزانین چۆن بەکاری دەهێنین بۆ گەیشتن بە ئامانجەکە و ئامانجەکەش پاراستنی ئاڵای کوردستانە، ئەم ئامانجەش کە ئامانجێکی زۆر قورس و پیرۆزە و لەسەر ئەرزی واقیع بە کردەیی ئەرکە قورسەکەی لەسەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە سەرۆك بارزانی گەیشتبێتە ئەو قەناعەتەی ئەرکە قورسەکەی کوردستان لەسەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، دەبێت چۆن زەمینەسازی بکات، هەتا پارتی دیموکراتی کوردستان شان بداتە بەر ئەم ئەرکە قورسە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: کاتێك وەك گۆڤاری گوڵان لە سەرۆك بارزانیمان پرسی: حەزت لە خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێکە؟ لە وەڵامدا پێی گوتین: «زۆر حەزم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیە کە باس لە چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن»، ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی ئەوەمان پێ دەڵێت ئەو گەیشتووەتە ئەو قەناعەتە ڕاستەی کە چیرۆکی سەرکەوتنی هەر نەتەوەیەك پێویستی بەوەیە کە فیکرێکی گەورەی لە پشتەوە بێت، هەر بۆ نموونە شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ ئیلهامی لەو فیکرە بەرزەی جۆن لۆك وەرگرتووە کە دەڵێت «بە بێ نوێنەرایەتی باجدان بوونی نییە»، سەرنج بدەن ئەمریکییەکان باجیان دەدا و نوێنەرایەتیشیان لە پەرلەمانی بەریتانیا نەبوو، بۆیە ئەم فیکرە ئیرادەی گەلی ئەمریکای یەکخست و شۆڕشەکەیان سەرکەوت، بە هەمان شێوە گاندی لە ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەوە گەیشتە ئەو قەناعەتەی بە بوونی پەساپۆرتێکی بەریتانی تۆ نابیتە هاووڵاتییەکی بەریتانی، بۆیە یەکەم هەنگاو هیندییەکانی باشووری ئەفریقیای گەیاندە قەناعەت بۆ ئەوەی پەساپۆرتەکانیان بسووتێنن، دواتر لەناو هەناوی فیکری سەرمایەداریدا ئەو کۆڵەگەیەی شکاند کە ناوی «بازاڕە» و ئەو فیکرەی سەرمایەداری کە مەبەستی لە داگیرکردنی هیندستان بۆ ئەوە بوو، بیکاتە بازاڕێکی گەورە، گاندی ئەو بازاڕەی داخست و چۆکی بەو بەریتانیایە دادا، کە خۆری لێ ئاوا نابێت، بە هەمان شێوە نیلسۆن ماندێلا گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر شەڕ و کوشتار فکرێکی گەورەی لە پشتەوە نەبێت، سەرکەوتن بەدەست نایەت، بۆیە لەو کاتەی سیستمی ئاپارتاید دەیویست بە کوشتن و تیرۆر ڕووبەڕووی ڕەشپێستەکانی باشووری ئەفریقیا ببێتەوە، ماندێلا هات بە وەرگرتنی ئیلهام لە دەقێکی ئینجیلی پیرۆز «ددان پێدانان و ئاشتبوونەوە» کە سپیپێستەکانی

سەرۆک مسعود بارزانی بە هاوشێوەی هەمان بیرکردنەوەی مستەفا بارزانی لە کۆماری کوردستان، چەندین ساڵە بیری لەوە کردووەتەوە کە جارێکی دیکە «پارتی» ببێتەوە بەو چەمکە فیکرییەی کە لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان لە دایک بووە

بڕیار دراوە لەناو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بایەخێکی گەورە بە ئافرەتان بدرێت و ڕێز لە تواناکانیان بگیرێت و ژینگەیەکی تەندروست دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئافرەتانیش بتوانن تواناکانی خۆیان پیادە بکەن

مێژووی خەباتی نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان ڕاستییەکی دیکەمان پێ دەڵێت، کە گەڕانەوە و قەناعەت هێنان بە ئیلهام وەرگرتن لەو فیکرە بەهێز و پیرۆزە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە حەماس و پێداگری ئەو کاریزمایەیە کە گەیشتووەتە قەناعەت بە بێ ئیلهام وەرگرتن لەو فیکرە بەرزە، ڕێگەیەکی دیکە بۆ سەرکەوتن و سەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشتمانی بوونی نییە



**کاریزمای نەتەوە لە قۆناغە سەختەکاندا، تەنیا گوێ لە ڕای گەلەکەی خۆی دەگرێت، نەک حزبە سیاسییەکان، یان ئەو گفتوگۆیانەی لەناو پەرلەماندا دەکرێن**

**بڕیار دراوە لەناو ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دادپەروەری جێبەجێ بکرێت و، توانای گەنجەکان «نێر و مێ» بهێنرێنە پێشەوە بۆ ئەوەی بەردەوام پارتی لە نوێبوونەوەدا بێت**

ڕژێمی ئاپارتاید بڕوایان پێی بوو، کودەتای بەسەر شەڕدا کرد و سەرکەوتنی بە دەست هێنا، کە ئێستا بەو کودەتایە دەڵێن «کودەتاکەی ماندێلا بۆ ڕزگارکردنی باشووری ئەفریقیا».

لەم قۆناغەدا کە سەرۆك بارزانی گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی بە پارتێکی بەهێز نەبێت، ناتوانرێت شان بدرێتە بەر ئەو ئەرکە قورسەی کە ئێستا لەسەر شانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوا بێجگە لە گەڕانەوەمان بۆ ناو ئەو فیکرە بەهێزەی «فیکر و عەقیدەی بارزان»، ناتوانرێت سەرکەوتن بەدەست بهێنرێت.

مێژووی خەباتی نەتەوە سەرکەوتووەکانی جیهان ڕاستییەکی دیکەمان پێ دەڵێت، کە گەڕانەوە و قەناعەت هێنان بە ئیلهام وەرگرتن لەو فیکرە بەهێز و پیرۆزە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە حەماس و پێداگری ئەو کاریزمایەیە کە گەیشتووەتە قەناعەت بە بێ ئیلهام وەرگرتن لەو فیکرە بەرزە، ڕێگەیەکی دیکە بۆ سەرکەوتن و سەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشتمانی بوونی نییە، هەر سازشێك لەسەر ئەم پرسە ئایندەی نەتەوە تووشی کارەساتی گەورە دەکاتەوە، بەڵام ئەو فیکرە دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەوەی ئیرادەی گەل و نەتەوە ببێتە یەك ئیرادە و دوژمن چەند گەورە و بەهێز بێت، لە ئاستیدا چۆك دادەدات.

کاریزمای نەتەوە لە قۆناغە سەختەکاندا، تەنیا گوێ لە ڕای گەلەکەی خۆی دەگرێت، نەك حزبە سیاسییەکان، یان ئەو گفتوگۆیانەی لەناو پەرلەماندا دەکرێن، ئەزموونی نەتەوەکان پێمان دەڵێن حزبی سیاسی و گفتوگۆکانی پەرلەمان لە ساتەوەختە چارەنووسسازەکانی نەتەوەدا، هێندەی چاویان لەسەر بەرژەوەندیی حزبیی خۆیانە، هێندە ئایندەی نەتەوە و نیشتمان لەبەر چاو ناگرن، هەر بۆیە لە قۆناغە سەخت و چارەنووسسازەکانی نەتەوەدا، کاریزما ناچار دەبێت لەو بازنەیە بێتە دەرەوە و لە بازنەیەکی فراوانتردا ڕاستەوخۆ لەگەڵ گەلەکەی خۆیدا قسە بکات. هەر بۆ نموونە فرانکلین ڕۆزڤێلت کە تەنیا سەرۆکە لە ئەمریکا بۆ ماوەی چوار خولی لەسەر یەك (١٦ساڵ) سەرۆکی ئەمریکا بووە و گەورەترین سەرکەوتنی بە سەر هەڵاوسانی ئابووری لە



سییەکانی سەدەی ڕابردوو بەدەست هێنا، کاتێك گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر بەرەی نازیزم نەشکێت، ئەمریکا شکۆی نابێت لە جیهاندا، کۆنگرێسی ئەمریکا دژی ڕاوەستایەوە و، بۆیە ناچار بوو، ڕوو لە دیالۆگ لەگەڵ گەلی ئەمریکا بکات و سەرەنجام ڕای گەلی ئەمریکا بردیەوە، هەروەها ژەنراڵ دیگۆل پاڵەوانی ڕزگاریی فەرەنسا لە نازیزم، کاتێك گەیشتە قەناعەت کە کۆماری چوارەم فەرەنسا بەرەو هەڵدێر دەبات، حزبە سیاسییەکانی پەرلەمانی فەرەنسا ڕێگەیان نەدا، کۆماری پێنجەم ڕابگەیەنێت، بەڵام کاتێك فەرەنسا کەوتە سەر لێواری هەڵدێر، ژەنەراڵ دیگۆل ناچار بوو دەستوری کۆماری پێنجەم بخاتە دەنگدانەوە و دوای ئەوەی گەل پەسەندی کرد، فەرەنسای لە لێواری هەڵدێر ڕزگار کرد.

لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە بارودۆخێك هاتە پێشەوە، هەموو بەرپرسیاریەتییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان خستە سەر شانی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان خۆیان لە بەرپرسیاریەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی دوور خستەوە، ئەوە بوو هەر ئیرادەی بارزانی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، توانییان ئەو واقیعە تاڵە پێچەوانە بکەنەوە، دوای ئەو کارەساتە سەرۆك بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر پارتی بەهێز نەبێت، بەرگەی ئەم ئەرکە قورسە ناگرێت.

لەماوەی ٦-٧ ساڵی ڕابردوودا، سەرۆك بارزانی لەو هەنگاوەی سەرکەوتوو بووە، کە نەخشەیەك دابڕێژێت بۆ ئەوەی پارتی ببێتەوە ئەو چەمکەی کە لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان لە دایك بووە و، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەندامان و لایەنگرانی پارتی وەك یەك کاراکتەر لەسەر ئەو نەخشەیە هەنگاو هەڵبگرن کە دەمانباتەوە ناو ئەو فیکر و عەقیدەیە، ئەم نەخشەیە کە لەبەر ڕۆشنایی گلەیی و گازندەی ئەندام و لایەنگرانی پارتی داڕێژراوە، بە گلەیی و گازندەی هەق و تووڕەبوونی پیرۆز لە قەڵەم دەدرێت.

**کاتێک وەک گۆڤاری گوڵان لە سەرۆک بارزانیمان پرسی: حەزت لە خوێندنەوەی چ جۆرە کتێبێکە؟ لە وەڵامدا پێی گوتین: «زۆر حەزم لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەیە کە باس لە چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوە ژێردەستەکان دەکەن»**

**لەماوەی ٦-٧ ساڵی ڕابردوودا، سەرۆک بارزانی لەو هەنگاوەی سەرکەوتوو بووە، کە نەخشەیەک دابڕێژێت بۆ ئەوەی پارتی ببێتەوە ئەو چەمکەی کە لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان لە دایک بووە**



### سەڵاح حەسەن مەهدی بۆ گوڵان:

# کوردانی فەیلی لە عێراقدا بەهۆی کوردبوونیانەوە جینۆساید کران

## سەرۆک مسعود بارزانی
## لەسەر مافی کوردانی فەیلی هاتووەتە دەنگ

**شۆڤێنییە قەومییەکان و ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق پرۆسەیەکی تەعریبی بەرنامەداڕێژراویان بەرانبەر کورد جێبەجێ کردووە، ڕژێمە عەسکەرتارییەکان لەم عێراقەدا بەردەوام کوردیان کۆمەڵکوژ کردووە، کوردانی فەیلییش پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردن و بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی ئەم جینۆسایدە بوونەتەوە، ئەوەی خۆی بە عەرەب ناونووس نەکردایە ماڵ و حاڵیان دەستی بەسەردا دەگرت و بە زۆرەملێ ڕاپێچی ئێرانیان دەکردن، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی سازدا لەگەڵ سەلاح حەسەن مەهدی فەیلی مافپەروەر و کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

* سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی ئەو ڕەشبگیری و کۆمەڵکوژییەی جارێکی دیکە بە گوێی دونیادا دایەوە، دوای ئەوەی ئەم کەیسە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جۆرێك لە شاردنەوە و پشتگوێخستنی پێوە دیار بوو، با سەرەتای پرسیارەکەمان لەوەوە دەست پێ بکەین، حزبی بەعس مەبەستی چی بوو لە ڕاگواستنی بە زۆرەملێی خێزانە کوردەکانی فەیلی و بێسەروشوێنکردنی سەدان گەنجی کوردی فەیلی؟

- کۆمەڵکوژی و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانە کوردە فەیلییەکان تەنیا تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی نییە بە نێوچەوانی حزبی بەعسەوە، ئەمە پەیوەندی بە مێژوویەکی خوێناویی گەلی کوردەوە هەیە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، هەر جارەو ڕژێمێکی دڕندەی شۆڤێنی دژ بە نەتەوەی کورد بە پاساوی جۆراوجۆر پێکهاتە کوردەکانی قەتڵوعام کردووە، سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلیدا ئامانجی بوو چیتر ئەوەندە ئەم تاوانە پەردەپۆش نەکرێت و بە بەڵگەی زانستی و دیکۆمێنتەوە پرۆسەی جینۆسایدەکە بە دونیا بناسێندرێت و قەرەبووی زیانلێکەوتووانیش بکرێتەوە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش پاڵپشتیی ئەم نەتەوە مەزڵوومەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، کە بەردەوام کەوتووەتە بەر شاڵاوی دڕندانەی بێبەزەیی، ئەوەتا لە دامەزراندن و بە زۆرەملێی لکاندنی کورد بە عێراقەوە هەر لە ڕژێمی پاشایەتی تاکو ئەمڕۆ، ئەم دوژمنکارییەی کورد چووەتە خوێنی قەومییەکانەوە، تا ئەمڕۆ جینۆسایدی کوردانی ئێزدی و بڕینی بودجە و ئابڵوقەدانی کورد بەردەوامیی هەیە، لە عێراقدا کوردانی فەیلی بە هۆکاری نەتەوەیی و کوردبوونیانەوە ڕووبەڕووی جینۆسایدێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بوونەتەوە، کوردە فەیلییەکان مۆرکی نەتەوەییان زاڵترە لەسەر مۆرکی ئایینی و مەزهەبی، بەڵگەش بۆ ئەمە خۆشەویستییان بوو بۆ ڕەمزی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی، کوردە فەیلییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا، ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان بە بەرنامە و قۆناغ بە قۆناغ هەر جارەو ژمارەیەك خێزانی کوردی فەیلییان بە پاساوی «التبعیة الایرانیة» ڕاپێچی ئێران دەکردن، بۆ ئەوەی ژمارە و ڕێژەی کورد وەکو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق کەم بکەنەوە، هەر لە ناو شاری بەغداوە تاوەکو بەدرە و جەسان و خانەقین و دیالە و حەمرین و کووت و بەعقووبە ژمارەی دانیشتووانی کورد کەم ببێتەوە، کووت شارێکی کوردە، بەڵام خەڵکەکەی لە ترسی ڕاپێچکردن و دەرکردنیان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا خۆیان بە نەتەوەی عەرەب ناونووس کردووە، بەم شێوەیە نەك تەنیا دوو کۆچی بەزۆرەملێی نێوخۆیی بۆ خوارووی عێراق و بۆ ئێران لە دژی کوردە فەیلییەکان جێبەجێ کراوە، بەڵکو ئەو خێزانە کوردە فەیلییانەی لە ڕەگەزنامەی عێراقیدا خۆیان بکردایە بە قەومییەی عەرەبی ڕزگاریان دەبوو، ئەمەش وەکو بەشێك لە پرۆسەی تەعریب لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا درێژەی هەیە، هەر لە سەردەمی پاشایەتی و ڕەشید عالی گەیلانی و دواتر لە ساڵانی حەفتاکان و تا سەرەتای هەشتاکانیش درێژەی هەبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ زۆرترین کوردی فەیلی

**کۆمەڵکوژی و بە زۆر ڕاپێچکردنی خێزانە کوردە فەیلییەکان تەنیا تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی نییە بە نێوچەوانی حزبی بەعسەوە، ئەمە پەیوەندی بە مێژوویەکی خوێناویی گەلی کوردەوە هەیە لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا**

**سەرۆک بارزانی لە کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلیدا ئامانجی بوو چیتر ئەوەندە ئەم تاوانە پەردەپۆش نەکرێت و بە بەڵگەی زانستی و دیکۆمێنتەوە پرۆسەی جینۆسایدەکە بە دونیا بناسێندرێت**

**لە دامەزراندن و بە زۆرەملێی لکاندنی کورد بە عێراقەوە هەر لە ڕژێمی پاشایەتی تاکو ئەمڕۆ، ئەم دوژمنکارییەی کورد چووەتە خوێنی قەومییەکانەوە**

**کوردە فەیلییەکان مۆرکی نەتەوەییان زاڵترە لەسەر مۆرکی ئایینی و مەزهەبی، بەڵگەش بۆ ئەمە خۆشەویستییان بوو بۆ ڕەمزی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی**

لە بەغدا و ناوچەکانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی عێراق دەرکران بە بیانووی «التبعية الايرانية» و ڕووداوی تەقینەوەی زانکۆی موستەنسرییەشی کردە سەرەتای شاڵاوە گەورەکە.

*** لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و هاتنەوەی مەلا مستەفا بارزانی هەڵوێستی کوردانی فەیلی لە بەغدا چۆن بوو؟ تا چەند ئەمە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لای بەعسییەکان؟**

- ژمارەیەکی زۆری کوردانی فەیلی ڕۆڵیان لە ناو شۆڕشی ئەیلوول و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستاندا هەبوو، تەنانەت خۆشەویستییان بۆ مەلا مستەفا بارزانی بە ڕادەیەك بوو، ترس و دڵەڕاوکێی لای ڕژێمی بەعس دروست کردبوو، بە شێوەیەکی گشتی کوردانی فەیلی ئەو سەردەمە لە ناو دوو حزبدا بوون، ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی بوو، دوای ماوەیەك زۆربەی کوردە فەیلییەکانی ناو حزبی شیوعی هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی، لە بیرمە ئەو سەردەمە کاتێك ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار خوێندرایەوە، یەك ملیۆن کورد کە زۆرینەیان کوردی فەیلی بوو ڕژانە سەرشەقامەکان و بە دروشمی کوردایەتی و هەڵپەڕکێی کوردی خۆشییان دەردەبڕی، تەنانەت کاتێك مەلا مستەفا بارزانی گەڕایەوە لە شاری بەسراوە تاوەکو بەغدا پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرد، ئێ خۆ هەر یەك لە حەبیب جەعفەر و پێشتریش دکتۆر محەمەد جەعفەری برای و یەدوڵڵا فەیلی و دەیان کوردی دیکە لە دامەزرێنەرەکانی پارتی بوون، لە ناو ڕیزەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانیشدا فەیلییەکان پێگەی گەورەیان هەبووە، هەر دامەزراندنی پارتی لە بەغدا لەناو ماڵی کوردێکی فەیلی بوو، من کورادنێکی فەیلی دەناسم حەماڵی و کرێکارییان لە ناو بازاڕدا دەکرد و بڕێکی پارەکەیان لا دەدا و دەیانگوت ئەمە بۆ کۆمەکی شۆڕشەکەی مەلا مستەفا بارزانییە، لە بەغدا کوردە فەیلییەکان بەردەوام سەردانی مەلا مستەفا بارزانییان دەکرد و پاڵپشتییان لێ دەکرد، ئەوەتا نەوەکانی ئەو کوردە فەیلییانە ماون کە ئێزگەی ڕادیۆی شۆڕشیان گەیاندە چیاکانی کوردستان، هەموو ئەم هەڵوێست و خۆشەویستییانەیان بۆ مەلا مستەفا بارزانی بە دڵی شۆڤێنییەکان نەبوو، بۆیە پلانەکانیان چڕتر کردەوە بۆ لێدانی گورزە گەورەکە لە کوردانی فەیلی، بەتایبەتی کە ڕژێمی بەعس لە سەروبەندی خۆئامادەکردن بوو بۆ شەڕێکی گەورە لە دژی ئێران.



**کووت شارێکی کوردە، بەڵام خەڵکەکەی لە ترسی ڕاپێچکردن و دەرکردنیان لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا خۆیان بە نەتەوەی عەرەب ناونووس کردووە**

*** فەیلییەکان کوردی ڕەسەنن و هاوکات بە مەزهەبیش شیعەن، ئایا تا چەند مەسەلەی مەزهەب کاریگەریی لەسەر لایەنی نەتەوەیی کوردبوونی فەیلییەکان هەیە؟**

- ڕاستە کوردانی فەیلی شیعە مەزهەبن و ئینکاری مەزهەبەکەیان ناکەن، هەروەکو چۆن ئینکاری نەتەوەکەشیان ناکەن، بەڵام بابەتی مەزهەبی بابەتێکی خوداپەرستی و مەزهەبییە و کاریگەریی لەسەر لایەنی نەتەوەیی و کوردبوونیان نەکردووە، پێشتر گرفت و کێشەی مەزهەبی لە عێراق نەبووە، ئێمەش موسڵمانین و نوێژ و خوداپەرستیمان وەکو یەکە، پارتی تاکە حزبی کوردستانی بووە کە کوردانی فەیلی بەشدارییەکی کارایان تێدا هەبووە، زۆربەی گەڕەك و بازاڕ و شوێنە ناسراوەکانی بەغدا کوردەکان بە زمانی کوردی کاروکاسبیان تێدا کردووە، بەتەمەنەکان کە سەردانی بەغدایان کردووە، ئەم ڕاستییە باش دەزانن، بەڵام بە هۆی پاکتاوکردنی نەتەوەییەوە کورد لە بەغدا لە ڕووی ڕێژەوە کەمی کردووە، بۆیە لەم قۆناغەدا پێم باشە ستراتیژیەتی کوردستانی بەرەو بەغدا بچێتەوە و ژمارە و ڕێژەی کورد لە بەغدا زیاد بکرێتەوە، لەمەشدا دەکرێت پشت بە کوردە فەیلییەکان ببەسترێت کە کوردی ڕەسەنی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاستن.

*** بۆچی جینۆسایدی کوردانی فەیلی مافی تەواوەتی خۆی پێ نەدراوە و لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسیشەوە لەلایەن عێراقەوە ئەم کەیسە گرنگە پشتگوێ خراوە؟**

- یەکێك لە مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی و شاردنەوەی جینۆسایدەکەیان ئەوە بوو شاڵاوەکە لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێك ئەنجام درا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی عێراقیان دەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتایدا بوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هەڵکشانی شیعە دەترسا، بۆیە بەڵێ قۆناغە ناسکەکە وای کرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو گرنگییە بە جینۆسایدی کوردانی فەیلی نەدەن و بە تێپەڕبوونی کات زۆر دیکۆمێنت و بەڵگەنامە لەدەست درا، ئەو سەردەمە دۆخی دارایی و ئابووریی ئێرانیش باش نەبوو، تەنانەت پێیان دەوتین ئێوە عێراقین، هەروەکو چۆن لە عێراقیش پێمان دەوترا ئێوە ئێرانین، لە ئۆردوگاکانیش بارودۆخی ژیان و بژێویمان باش نەبوو، خەڵکێکی زۆرمان ڕوویان لە هەندەران کرد، لە ئێستادا زیاتر لە ٤٠ ساڵ تێپەڕی کردووە بەسەر ئەو جینۆسایدەدا، بەڵام بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کورد وا بێکەس کوژ نەکرێت و ماف بۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە، ناکرێت ماوە و کات ڕێگر بێت لە بەردەم هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان و دداننان بە کۆمەڵکوژییەکەدا، هەر خۆی تاوانی نێودەوڵەتی دژی مرۆڤایەتی (جینۆساید) پەیوەست نییە بە ماوە و کاتەوە، دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی مسعود بارزانی وەکو سیمبولی نەتەوەیی کورد هاوکارمانە بۆ وروژاندنەوەی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، هەروەکو چۆن ڕۆڵ و پێگەی لە ناساندنی جینۆسیادی کوردانی ئێزدی دیار و لەبەرچاوە، کاتی ئەوە هاتووە کوردە فەیلییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و نەوەکانیان ببەسترێنەوە بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کوردەوە، لە هەندەران ڕێکخراو و دامەزراوەیان بۆ دابنێن. حزبە عێراقییەکان قەرەبووی هەموو ئەو شیعە عەرەبانەیان کردووەتەوە کە لە ئێران گەڕانەوە، کەچی هێشتا لە ئێران کوردی فەیلی ماوە و بڕوای نییە بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە ئاوارە نەبێتەوە.

*** لە ئێستادا لیژنەیەك لە لقی بەغدای پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە بۆ بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەجینۆسایدناساندنی کوردانی فەیلی، ئایا داواکاری و پێشنیارت چییە بۆ ئەوەی لە کۆنفرانسەکە جێبەجێ بکرێت؟**

- مادام مسعود بارزانی لە کۆنفرانسی بە جینۆساید ناساندنی کوردانی فەیلی هاتە دەنگ، کەواتە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە دامەزراوەیەك بۆ کاروباری کوردانی فەیلی دابمەزرێنێت، هەواڵەکانی نزیکبوونەوەی دامەزراندنی ئەو دەستەیە، یان فەرمانگەیە بۆ ئێمە دڵخۆشکەرن، ئێمە پێویستیمان بە کەسانێکە لە بەغدا لە ڕووی یاساییەوە شارەزا بن و بتوانن لە ڕێگەی پەیوەندی و شارەزاییەکانیانەوە مافەکان بۆ کوردانی فەیلی بگەڕێننەوە، بەتایبەتی حکومەتی عێراق ڕاستگۆ و ڕازی نییە بە گەڕانەوەی مافی کوردانی فەیلی، ئەوەتا ئێستاکەش بەناو و شێوازی جیاوازەوە پرۆسەی تەعریب بەردەوامیی هەیە.

**ئەو خێزانە کوردە فەیلییانەی لە ڕەگەزنامەی عێراقیدا خۆیان بکردایە بە قەومییەی عەرەبی ڕزگاریان دەبوو، ئەمەش وەکو بەشێک لە پرۆسەی تەعریب لە مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا درێژەی هەیە**

**لەم قۆناغەدا پێم باشە ستراتیژیەتی کوردستانی بەرەو بەغدا بچێتەوە و ژمارە و ڕێژەی کورد لە بەغدا زیاد بکرێتەوە، لەمەشدا دەکرێت پشت بە کوردە فەیلییەکان ببەسترێت کە کوردی ڕەسەنی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاستن.**

**یەکێک لە مەینەتییەکانی کوردانی فەیلی و شاردنەوەی جینۆسایدەکەیان ئەوە بوو شاڵاوەکە لە ساڵی ١٩٨٠ کاتێک ئەنجام درا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریی عێراقیان دەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێران**

**حزبە عێراقییەکان قەرەبووی هەموو ئەو شیعە عەرەبانەیان کردووەتەوە کە لە ئێران گەڕانەوە، کەچی هێشتا لە ئێران کوردی فەیلی ماوە و بڕوای نییە بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە ئاوارە نەبێتەوە**

قەشە یترۆن یۆنان داود

قەشەی کەنیسەی مارگۆرگیس لە دیانا بۆ گوڵان:

# مەلا مستەفا بارزانی و مارشەمعون یەک ئامانجیان هەبوو کە کوردستان ببێتە شوێنێکی خۆشی و تەنایی بۆ هەموومان

## مسعود بارزانی لەسەر بیر و ڕێبازی مەلا مستەفا بارزانی پارێزگاری لە پێکەوەژیانی ئایین و ئایینزاکان دەکات

## بە قەزابوونی عەنکاوە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و بەهێزکردنی پێکەوەژیانە



**پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە بووەتە بەرنامەی کاری ستراتیژیەتی حکومەت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و لە لایەن وڵاتانی دونیاشەوە پێکەوە ژیانی هەرێمی کوردستان بە نموونەیەکی جوان و سەرکەوتوو دادەنرێت، ئەوەی زیاتر بووەتە هۆکاری بەهێزبوونی پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی سەرۆك مسعود بارزانییە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ یترۆن یۆنان داود قەشەی کەنیسەی مارگۆرگیس لە دیانا سازدا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** یەکێك لە جوانییەکانی هەرێمی کوردستان کە بووەتە جێگەی شانازیی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئەو پێکەوە ژیانەیە کە ئێستا لە کوردستان هەیە، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی هەرێمی کوردستان دەکەن؟**

- پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان مێژوویەکی دێرینی هەیە و لە دێرزەمانەوە هیچ جیاوازییەك نەبووە لە نێوان کورد و ئاشوورییەکاندا، لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی مۆزەخانەی بارزانیی نەمر لە بارزان جەنابی سەرۆك بارزانی فەرمووی: تا ئێستا من قەرزاری مەتران (مارشەمعون)م، چونکە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی و مارشەمعون یەك ئامانجیان هەبوو، کە کوردستان ببێتە شوێنێکی خۆشی و تەنایی بۆ هەموومان بەبێ جیاوازی، ئەو ئامانجە کە لەلایەن مەلا مستەفا بارزنی و مارشەمعون هەبووە لەو کاتەدا، بۆ ئێستاش بۆ ئێمە جێگای شانازییە و ئەو ڕێگە و ئامانجەش ئەوان هەیان بووە، ئێمە لەسەری دەڕۆین و دەمانەوێت زیاتر و باشتر و بەهێزتر بێت.

لێرەدا نموونەیەك لەو پێکەوە ژیانە دەهێنمەوە لە گوندی دیانا بۆ یەکەم جار بوو ببێتە دابونەریت کە ڕۆژێك لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا نانخواردن و ڕۆژووشکاندنەکەی ئیسلامەکانی ئەو گوندە بکەوێتە سەر کریستیانەکان و، ئەو پێکەوە ژیانە درێژەی کێشاوە لە هەرێمی کوردستان و

لە ئێستادا ئەوەی ئێمە دەیبینین زۆر بەهێزتر و قووڵتر بووەتەوە، چونکە لەلایەن سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بەتایبەت مەرجەعمان کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانییە بە گرنگییەکی زۆرەوە بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان لە نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت، ئەمەش وای کردووە، ئێستا خۆمان بە یەك ماڵ و یەك ژیان دەزانین و بەپێی بەسەرهاتەکانی مێژووەش بەتایبەتی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، هەموومان دەست لە ناو دەست لە ناو یەك سەنگەر بەرخۆدان و بەرگریمان لە خاك و گەلی کوردستان کردووە. ئەو پێکەوەژیانەش کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە، بووەتە جێگەی سەرنج و تێڕامانی هەموو کریستیانەکانی دونیا.

*** ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان درێژەپێدان و پشتگیریکردنی تەواوی ئەو پێکەوە ژیانەیە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چۆنە؟**

- حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان کە کابینەی نۆیەمە، هەر لە یەکەم ڕۆژیدا زۆر هەوڵیداوە کە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لە شوێنی خۆی ڕانەوەستێت، بەڵکو زیاتر گەشە بکات، تا ئەو ئاستەی ببێتە ئەو نموونەیەی کە ئێستا لە نێوەندەکانی وڵاتانی دونیای پێشکەوتوو بە نموونەیەکی جوان و گەشاوە ئاماژەی پێ دەکرێت، ئەمەش بەو کار و هەنگاوانە هاتووەتە دی کە حکومەت کار و پڕۆژەی گرنگ و پێویستی پێشکەش بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان کردووە و، هەوڵی داوە هەر کێشە و گرفتێك هەبێت لەبەردەم ئەو پێکەوەژیانە چارەسەری بکات و ماف و بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی لەبەرچاو گرتووە، هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڵگەیەکی دیکەیە کە لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ڕاستەقینە هەیە و، ئاشتیی و لێبووردەیی باڵی بەسەردا گرتووە، لەلایەن سەرچاوە ئایینییەکانی ئێمە وەك کریستیانەکان چ کلدان بێت، یان ئاشووری و ئەرمەن و سریانی بێت، لە هەموو پەیام و ڕاگەیاندنەکانمان ئەوەمان بە قەداسەتی پاپا گەیاندووە کە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایین و ئایینزای تێدا بەرقەرارە، کار و ئاراستەکانی حکومەتەکەشی بەو شێوەیە کە دەیەوێت پێکەوەژیانەکە بەرەوپێشەوە بچێت و زیاتر لەوەی ئێستاش کە هەیە بەهێزتر و پتەوتر بێت، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەوە هەبوو کە قەداسەتی پاپا بە شەخسی لەو دۆخە ناخۆشەی پەتای کۆڕۆنا سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستان بکات و نوێژی قەداس لە گۆڕەپانی شەهید فەرەنسۆ هەریری بە ئامادەبوونی هەزاران کوردستانی و کریستیانەکانی هەرێم و عێراق ئەنجام بدات، ئەمەش پەیامێکی گرنگ و مێژوویی بوو کە بە دونیای ڕاگەیاند، ئارامی و هێمنی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان هەیە، پێکەوەژیان لەو پەڕی بەهێزیدایە و لە شوێنی خۆیشی ڕانەوەستاوە و هەنگاوی باشتر و قووڵتر بۆ پێشەوە دەنێت.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان گرنگیی زۆر و باش بە خزمەت و پڕۆژەکان دراوە بە بێ جیاوازیی ناوچە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، هەر بۆ نموونە سەردانی عەنکاوە بکەین، دەبینین جگە لەوەی زۆر بەرفراوان بووە و گەشەی کردووە، هاوکات بەرنامە و پلانی باشتر و زۆرتری بۆ دارێژراوە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دامەزراوەیەکی بەرپرسیارییەتی واقیعییە و دەیەوێت بە ستراتیژیەت و پراکتیکی خزمەت بە کۆمەڵگە و نیشتمانە فرە ڕەنگ و دیمەنەکانی بکات، چونکە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاکان لە هەموو کایەکانی حکومەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا بەشدار و هاوبەشن و وەك یەك گرووپ دەبینرێن، ناتوانین نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لەو چوارچێوە فۆتۆگرافییە کوردستانییە لە یەکتر جیا بکەینەوە، بارودۆخی کوردستان لە ڕووی داراییەوە باش نییە، ئەگەر ببێتە خاوەن دارایی سەربەخۆیی خۆی و عێراقی فیدراڵ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بدات، هەرێمی کوردستان لەو سنوور و ناوچەیەی تێدایە وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، چونکە کەسایەتییەکی لێزان و پێشکەوتنخواز و نیشتمانپەروەری بوێر و ڕاشکاو و ماندوویی

**هاتنی قەداسەتی پاپای ڤاتیکان بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڵگەیەکی دیکەیە کە لە هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ڕاستەقینە هەیە**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان بە بێ جیاوازیی ناوچە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، گرنگیی زۆر و باش بە خزمەتگوزاری و پڕۆژەکان دراوە**

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان دامەزراوەیەکی بەرپرسیارییەتی واقیعییە و دەیەوێت بە ستراتیژیەت و پراکتیکی خزمەت بە کۆمەڵگە و نیشتمانە فرە ڕەنگ و دیمەنەکانی بکات**

**بارودۆخی کوردستان لە ڕووی داراییەوە باش نییە، ئەگەر ببێتە خاوەن دارایی سەربەخۆیی خۆی و عێراقی فیدراڵ مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بدات، هەرێمی کوردستان لەو سنوور و ناوچەیەی تێدایە وەک مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە**

نەناسی وەك مسرور بارزانی سەرکردایەتیی ئەو حکومەتەی هەرێمی کوردستان دەکات.

*** لە پرۆسەی نووسینەوەی دەستووری کوردستاندا سەرۆك بارزانی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە نوێنەری نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان خۆیان مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستاندا بنووسنەوە، ئایا ئێوە وەك مەسیحییەکان دەتانەوێت مافەکانتان لە دەستووری کوردستاندا چۆن دیاری بکرێت؟**

- ئەمە هەڵوێستی یەکەمی سەرۆك مسعود بارزانی نییە بۆ ئێمە و هەموو پێکهاتەکان، بەڵکو ئێمە لە جەنابیانەوە فێربووین و تێگەیشتووین کە گرنگییەکی زۆر بە ئایین و ئایینزاکان بدەین، ئەو بڕیار و فەرمانەی جەنابی سەرۆك بۆ ئەوەیە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان ئەندامیان لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووردا هەبێت، تاوەکو بە خۆمان کە ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەزانین چییە، لە ناو دەستوورەکەدا جێگیری بکەین، چونکە دەستوور لە وڵاتدا وەك قیبلەنما و ڕێگەنیشاندەرێکی یاساییە کە تێیدا ماف و ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکان بەپێی یاسا دیاری دەکرێت و مومارەسەکەشی هەر بەو دەستووره دەبێت، بۆیە ئەو بڕیارەی جەنابی سەرۆك و هەموو بڕیارەکانی دیکەشی هەر بەو جۆرەیە و لەلای ئێمە جێگەی ڕێز و ستایشێکی گەورە و دیاری هەیە.

*** لێکدانەوەتان چییە بۆ ئەو بڕیارەی سەرۆك بارزانی کە لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر مووسڵ و چەند شاری دیکەی عێراق و دەشتی نەینەوا، هەموو دەروازە و سنوورەکانی بە ڕووی کریستیانەکان و هەموو ئاوارەکانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەی عێراقدا کردەوە؟**

- ئەمە هەڵوێستێکی بوێرانە بوو، بەتایبەت لەو کات و بارودۆخەدا کە هەرێمی کوردستان بە قەیرانی زۆر گەورەی داراییدا دەڕۆیشت، سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری دا دەروازەکان بە ڕووی ئاوارە و پەناهەندەکاندا واڵا بکرێت و هیچ کۆسپ و ڕێگرییەك لە بەردەم ئاوارەکانی کە لە عێراق دێن بۆ هەرێمی کوردستان نەبێت، لە ناوخۆی هەرێمیش ئامادەکاری کرابوو تا دەگاتە ئەو ئاستەی مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام دەرگایان واڵا کرا، کە ئاوارەکان تێیدا بحەوێنەوە، ئەو هەڵوێستەی جەنابی بارزانی وای کرد، ژمارەیەکی زۆر لە کریستیانەکانی عێراق بەتایبەت شاری مووسڵ و دەشتی نەینەوا و نەتەوەی عەرەب و ئایین و ئایینزاکانی دیکە ڕزگاریان بێت لە کۆمەڵکوژی لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، هەر بۆیە لەو کاتیش کە جەنابی بارزانی ئەو بڕیارەی فەرموو، ئێمە وەك کریستیانەکان گوتوومانە هەرگیز ئەمە لەبیر ناکەین و ئەو هەڵوێستەی سەرۆك مسعود بارزانی لەو کات و ساتە زۆر گرنگ و پێویست بوو، دەبێت بە قەڵەمی زێڕین بنووسرێتەوە و بەڵگەیەکی مێژوویی بێت، کە جەنابیان داکۆکیکارێکی سەرسەخت و بەردەوامیی هەموو پێکهاتەکانە، نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە عێراق و ناوچەکە و هەموو دونیاش.

*** ئایا بوونی عەنکاوە لە ناحیەوە بۆ قەزا مانای چییە و تا چەند کاریگەری لەسەر پێکەوە ژیانی هەرێمی کورددستان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بە دەستی من بێت، ڕۆژانە بۆ ئەو جۆرە بڕیارە جوامێرانە ئاهەنگ و مەراسیم دەگێڕین، ئەو بڕیارەی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی کابینەی نۆیەم خۆی لە خۆیدا بڕیارێکی بوێرانە و حەکیمانە بوو، یەکێکە لە بنەما و هۆکارەکانی گرنگیدان بە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، جگە لەوەی بەرفراوانکردن و شۆڕبوونەوەی دەسەڵاتی ئیداری و داریییە بۆ خوارەوە و گرنگیدانە بە کریستیانەکان بە شێوەیەکی گشتی، هاوکات داواکارین کە دیاناش وەك عەنکاوە لە ڕووی ئیدارییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بچێتە قۆناغێکی باشتر لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

*** ئایا جیاوازیی پێکەوەژیان لە نێوان هەرێم و عێراق چۆن دەبینیت؟**

- لە سنووری هەرێمی کوردستان بچیتە دەرەوە، ئەوا عێراق ژیانی تێدا نەماوە، بەتایبەت بۆ کریستیانەکان، من جیاوازیی پێکەوە ژیان لە نێوان هەرێم و بەغدا بەو جۆرە دەبینم کە لە هەرێمی کوردستان پێکەوە ژیان وەك چیاکانی حەسەن بەگ و هەڵگورد بەرز و دیارە و لە عێراق وەك بیابانەکانی نزم بێ ژیانە، ئەمەش بۆ ئەو سیاسەتە خراپ و شۆڤێنی و مەزهەبییەی دەسەڵاتدارانی عێراق دەگەڕێتەوە.

**دەستوور لە وڵاتدا وەک قیبلەنما و ڕێگەنیشاندەرێکی یاساییە کە تێیدا ماف و ئیمتیازات و بەرژەوەندییەکان بەپێی یاسا دیاری دەکرێت و مومارەسەکەشی هەر بەو دەستووره دەبێت**

**لەو کات و بارودۆخەدا کە هەرێمی کوردستان بە قەیرانی زۆر گەورەی داراییدا دەڕۆیشت، سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری دا دەروازەکان بە ڕووی ئاوارە و پەناهەندەکاندا واڵا بکرێت**

**داواکارین کە دیاناش وەک عەنکاوە لە ڕووی ئیدارییەوە گۆڕانکاریی بەسەردا بێت و بچێتە قۆناغێکی باشتر لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران**

**جیاوازیی پێکەوەژیان لە نێوان هەرێم و بەغدا بەو جۆرە دەبینم کە لە هەرێمی کوردستان پێکەوە ژیان وەک چیاکانی حەسەن بەگ و هەڵگورد بەرز و دیارە و لە عێراق وەک بیابانەکانی نزم بێ ژیانە**




# ڕێکخستنەوەیەکی نوێی جیۆپۆلیتیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ماوەیەکە دەوڵەتە گرنگەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرقاڵی سەرلەنوێ ڕێکخستەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و خاوکردنەوەی گرژییەکان و پێکهێنانی هاوپەیمانیی نوێن، بە شێوەیەك دوو ساڵ بەر لە ئێستە ئەو جۆرە ڕێکخستنەوەیە بە ئەستەم دەبینرا. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا، گەورە بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان خەریکی پێکەوە بەستنەوەی داوەکانی تێڕوانین و سیاسەتێکی نوێن لە ناوچەکەدا بەگشتی و بەرانبەر ئێران بەتایبەتی. هەرچەندە ئەم سیاسەتە هێشتا لەسەر بنەمای سێ پایە سەرەکییەکەی ستراتیژیی ئەو وڵاتە لە ناوچەکەدا دامەزراوە کە بریتین لە: دوورخستنەوەی ناوچەکە لە (هەیمەنە)ی نەیارە سەرەکییەکانی ئەمریکا، وەك چین و ڕووسیا و ئێران و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و هەوڵدان بۆ بەردەوامیی هەناردەکردنی نەوت لە ناوچەکەوە بۆ وڵاتانی نزیك لە ئەمریکا، بەڵام تاکتیك و تێڕوانینی جیبەجێکردنی ئەو ستراتیژە بە پێی گۆڕانکاریی هەلومەرجەکان و ڕێکخستنەوە جیۆپۆلیتیکەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. دەوڵەتە دەسترۆیشتووەکانی ناوچەکەش خەریکی خۆگونجاندنن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانە بە جۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیاندا بگونجێت.

یەکێك لەو گۆڕانکارییانە بریتییە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی (De-escalation)، ڕەنگە لە کوردیدا «هێورکردنەوە» ئەو مانایە بگەیەنێت و واتە هێشتنەوەی دۆخەکە وەك خۆی و خراپترنەکردنی، ئەمەش هاوئاهەنگە لەگەڵ هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی پەیمانی ئەبرەهام بەتایبەتی هەوڵەکان بۆ ڕازیکردنی شانشینی سعودییە بۆ بوونە لایەنێکی پەیمانەکە. واتە پەنابردنە بەر هێزی نەرم بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژەکان، نەك هەڕەشەی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانی هێزی زبر، بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەش پێدەچێت بازووی تورکیا و گیرفانی دەوڵەتانی کەنداو هاوکاری چەسپاندنی ئەو هێورکردنەوەیە بن.

لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەدا و بۆ کەمکردنەوەی گرژی و ململانێکان و هێورکردنەوەی دۆخی ئەمنی و سیاسی لە ناوچەکەدا، نزیکبوونەوەی زۆر ڕووی داوە لە نێوان بەشی زۆری وڵاتانی ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە نێوان ئیمارات و ئێران، سعودیە و قەتەر، میسر و قەتەر، تورکیا و میسر، ئیمارات و تورکیا، ئیسرائیل و تورکیا، سعودیە و ئێران، تورکیا و سعودیە. سەردانی داهاتووی سەرۆکی تورکیا بۆ بەغداش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم خۆڕێکخستنەوە جیۆپۆلیتیکەی ناوچەکە. هەوڵەکان لەگەڵ عێراق و سووریاش بە هەمان ئاراستە بەردەوامن، بەڵام لەبەر نزیکییان لە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕەنگە سەرگرتنی هەوڵەکان ئاسان نەبێت، یان نزیکبوونەوە و



**وشیار سیوەیلی**
بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی
پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

هاوکارییەکان لە شێواز و فۆرمی دیکەدا بن.

ڕاستە عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە لەژێر کاریگەریی ئێراندایە، بەڵام ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەش هەر یەکەیان بە ئەندازە و لە بواری جیاوازدا دەتوانن کاریگەرییان لەسەر عێراق هەبێت. بازاڕی دارایی عێراق هێندە گرێ دراوە بە سیستەمی دارایی ئەمریکا لە ڕێگەی بانکی فیدراڵی ئەمریکی زەحمەت نابێت بۆ ئەمریکا گوشاری گەورە لەسەر هاتنی پارە بۆ عێراق دروست بکات. هەروەك لە ڕابردوودا بینیمان. گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و زیادبوونی وشکەساڵی و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و سنووردارکردنی بەردانەوەی ئاو، عێراقی تووشی کێشەی گەورە کردووە و، بەپێی هەندێك زانیاری و سەرچاوە ڕەنگە لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوودا هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات وشك بکەن. بۆیە عێراق ناچارە لەگەڵ تورکیادا بە هەر نرخێك بێت هاوکاری بکات، تا هەر هیچ نەبێت ڕوودانی کارەساتی بێ ئاوی لە عێراق دوورتر بخاتەوە. بۆیە پێویستی بە جۆریك لە تێگەیشتن و نزیکبوونەوە هەیە لە ئەمریکا و تورکیا و خۆتێهەڵکێشکردنی لەو سیاسەتەی کە هێشتا لە قۆناغی گەڵاڵەبووندایە. هەر لە چوارچێوەی ئەم هێورکردنەوەیەدا بەشێك لە وڵاتانی ناوچەکە پەیوەندییان لەگەڵ سووریا ئاسایی کردووەتەوە و سووریا لە کۆمکاری عەرەبی وەرگیرایەوە. هەرچەندە بەرانبەر بەم هەنگاوە هێشتا سووریا کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی نەبووە و هیچ کرانەوەیەکی سیاسی ئەنجام نەداوە، بەڵام سووریا لە دۆخێکدایە کە ئابوورییەکەی بەرەو دارمانی تەواو دەچێت و دۆخی ئابووریی ئێران و ڕووسیاش لەو ئاستەدا نین گوریسی ڕزگاربوونی بۆ هەڵبدەن، بۆیە ناچار دەبێت پەتی بەرژەوەندییەکانی بەرەو لای وڵاتە پارەدارەکان شل بکات، نەك بە پێچەوانەوە. هەرچەندە ئەمریکا و ئەورووپا پێشوازییان لە نزیکبوونەوەی هەندێك وڵاتی عەرەبی لەگەڵ سووریا نەکردووە، بەڵام ڕەنگە بە ئەنجامدانی هەندێك گۆڕانکاری ئەگەر ڕووکەشیش بێت لە سیستەمی سیاسیدا ئەوانیش نەرمی بنوێنن، چونکە ئەگەر دۆخی سووریا ئاسایی نەکرێتەوە، ئەوا وەك مەیدانێکی گونجاو و لەبار بۆ مانەوە و گەشەسەندنی داعش دەمێنێتەوە و بەشێك (ئەو شەش ملیۆن پەنابەرەی ئێستا لە تورکیا و لوبنان و ئوردن ماونەوەتەوە) ڕەنگە بەرەو ئەورووپا بکەونە ڕێ. ئەوەشمان لەبیر نەچێت، دۆخی ئابووریی سووریا وای کردووە ئەو وڵاتە ببێتە سەرچاوەیەکی گەورەی ناردنە دەرەوەی مادەی هۆشبەر بەتایبەتی حەبی کاپتاگۆن. بە پێی هەندێك سەرچاوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٢ بڕی زیاتر لە یەك ملیارد حەبی دروستکراوی سووریا لە بازاڕەکانی جیهان دەستیان بەسەردا

**گرنگە هەوڵ بدرێت کەشتیی بەرژەوەندییەکانمان لە قەڵبەزە و تەوژمی ڕووداو و پێشهاتەکان بپارێزین، ئەمەش یەکریزی سیاسی و حوکمڕانیی باش و حیکمەتی سیاسی پێویستە**

**لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٦ تا ٢٠٢٢ بری زیاتر لە یەک ملیارد حەبی دروستکراوی سووریا لە بازاڕەکانی جیهان دەستیان بەسەردا گیراوە**

**سووریا لە دۆخێکدایە کە ئابوورییەکەی بەرەو دارمانی تەواو دەچێت و دۆخی ئابووریی ئێران و ڕووسیاش لەو ئاستەدا نین گوریسی ڕزگاربوونی بۆ هەڵبدەن**

**بەپێی هەندێک زانیاری و سەرچاوە ڕەنگە لە ماوەی ١٥ساڵی داهاتوودا هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات وشک بکەن**

گیراوە. دروستکردنی یەك حەب لە کارگەکانی سووریادا چەند سەنتێکی تێدەچێت، لە کاتێکدا هەمان ئەو حەبە لە بازاڕەکانی کەنداودا بیست دۆلار دەکات. ئەمەش بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی دارایی و ئابووری بۆ سووریا. هەڵبەتە ئاساییکردنەوەی دۆخی سووریا و گەڕانەوەی بۆ ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە و مەیدانی ململانێ و بەرژەوەندیی ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا و ئێران و هەندێك وڵاتی دیکەیە، هەرچەندە تورکیا و ڕووسیا بە ڕووکەش هاوپەیمانن، بەڵام کێشەی گەورەش لە نێوانیاندا هەیە و پێدەچێت تورکیا لە چوارچێوەی ئەم ڕێکخستنەوەیەدا زیاتر لە ئەمریکا و ئەورووپا نزیك ببێتەوە.

چەندین هۆکار، یان پاڵنەر هەن کە وایان کردووە، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە بدات لەم ناوچەیەدا، گرنگترینیان ئەمانەن: تەرخانکردنی زیاتری کات و توانا ماددی و مرۆییەکانی ئەو وڵاتە و هاوپەیمانەکانی بۆ ململانێکانی لەگەڵ چین و بایەخدانی زیاتر بە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە لایەکەوە و لاوازبوونی ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران دەربارەی بەرنامە ناوکییەکەی و بە بنبەست گەیشتنی سیاسەتی ئابڵوقەی ئابووریی سەر ئێران، لە لایەکی دیکەوە ڕاستە ئەمریکا لەم دواییانەدا هەوڵی داوە گرژییەکان لەگەڵ چین خاو بکاتەوە، بەڵام چین وەك ڕکابەرێکی گەورە و تەنانەت هەڕەشەی ستراتیژی بۆ سەر ئەمریکا دەمێنێتەوە. ئەنجامی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیاش بۆ هەژموون و داهاتووی ئەمریکا لە جیهاندا گرنگە و ئەمریکا و ئەورووپا لایان وایە کە ئەگەر جەنگەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا کۆتایی بێت، ئەوا ڕووسیا لە داهاتوودا دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ئەو وڵاتانە.

هەروەك ئاماژەمان پێ دا، بۆ سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هەوڵی جددیدایە بۆ ڕازیکردنی سعودییە تا ببێتە بەشێك لەم خۆڕێکخستنەوە جیۆپۆلیتیکە. بە پێی ڕاپۆرتێکی ئەلمۆنیتەر شاندێکی باڵای ئەمریکا ڕۆژی پێنج شەمە ٢٧ی تەموز لە سعودییە بوون و لەگەڵ محەمەد بن سەلمان کۆبوونەتەوە. یەکێك لە خاڵەکانی کۆبوونەوەکە ڕێککەوتنی نێوان ئیسرائیل و سعودییە بووە، پێشتریش لە نێوان هەردوو لادا لەم بارەیەوە گفتوگۆ کراوە. گۆڤاری ئیکۆنۆمیست لە ١٥ی حوزەیراندا دەنووسێ «پێدەچێت سعودییە پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ ئیسرائیل پەسەند بکات. ڕەنگە بینیامین نەتەنیاهۆ لە ڕێککەوتنی مێژوویی نزیك بووبێتەوە». پێشتریش لە ٨ی هەمان مانگدا وەزیری دەرەوەی سعودییە، فەیسەڵ بن فەرحان ڕایگەیاندبوو کە «لەو بڕوایەداین ئاساییکردنی پەیوەندییەکان لە بەرژەوەندیی ناوچەکەدایە و سوودی زۆر بە هەموو لایەك دەگەیەنێت». هەڵبەتە سعودییە بەرانبەر بەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ئیسرائیلدا چەند داوا و داخوازییەکی لە ئەمریکا هەیە و لەو دیدار و کۆبوونەوانەدا بە وردی گفتوگۆیان لەبارەوە کراوە.

ئەم هێورکردنەوەیە لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ناوچەکەدا و هەوڵەکان بۆ فراوانکردنی چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئەبرەهام و نزیکبوونەوەی تورکیا لە ئەمریکا و ئیسرائیل و ئەورووپا، پێدەچێت ڕەنگڕشتنی چوارچێوەی گردبوونەوەیەکی دیکەی ناوچەیی بێت کە لە بری هێزی زبر، هێزی نەرم میکانیزمی جێبەجێکردنی بەرنامە و پلانەکان بێت و، لە بری هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بەرانبەر ئێران سیاسەتی «ئیحتیوا»کردن لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەکاربهێنرێت. پێشتر لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و لە گەرمەی جەنگی ساردا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی سیاسەتی «(ئیحتیوا»یان بەرانبەر یەکێتیی سۆڤیەت بەکارهێنا. ئەوەی گرنگە بوترێت، ڕاکێشانی دەوڵەتێکی گەورەی وەك هیندستانە بۆ مەیدانی ململانێی سیاسی و ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هیندستان کە لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە پێش چین کەوتووە، بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە زلهێزێکی ئابووری و لە ڕووی سیاسی و سەربازیشەوە ببێتە ڕکابەرێکی گەورەی چین. هاندان و ڕێگەخۆشکردنی هیندستان لە لایەن ئەمریکاوە بۆ پەلکێشانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەنگە خزمەتی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بکات، وەك پارسەنگێك

بۆ هێز و هەژموونی چین لەو ناوچەیەدا. هەرچەندە هیندستان پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێران هەیە و لە ڕابردوودا سعودییەش زیاتر لەگەڵ پاکستاندا بەین و پەیوەندیی خۆشتری بووە، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندییەکان وا بخوازن، جێگۆڕکێ بە هاوپەیمانێتی لە سیاسەتدا کارێکی زەحمەت و نەکردە نییە.

بە پێی وتارێکی گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ڕۆژی ٣٠ ی حوزەیران بە ناونیشانی «هیندستان بووەتە هێزێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، لە ماوەی یازدە مانگدا (گوڵانی ٢٠٢٢ بۆ نیسانی ٢٠٢٣) قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان هیندستان و ئیمارات گەیشتووەتە ٤٥ ملیارد دۆلار. پەیوەندی بەهێزی نێوان ئیسرائیل و هیندستان بەتایبەتی لە بواری فرۆشتنی چەکی ئیسرائیلی بە هیندستان ئاشکرایە و ئەو پەیوەندییە لە ئایندەدا لە ڕێگەی گرووپی (I2U2) کە لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئیمارات و هیندستاندا دروست بووە بۆ پەرەپێدانی تەکنەلۆجی و خستنەگەڕی سەرمایە لە ئایندەدا بەهێزتر و فراوانتر دەبێت. پەیوەندییەکانی نێوان هیندستان و میسر دوای ئەوەی سەرۆک عەبدولفتاح سیسی چەند جارێک سەردانی نیودەلهی کرد و نارێندرا مۆدیش چووە قاهیرە، بەرەو هەڵکشان دەچێت. هیندستان وەک بازارێکی گەورە و زەبەلاحێکی بواری تەکنەلۆجی ڕۆڵێکی گەورە لە بواری ئابووری و تەکنەلۆجی و زانستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگێڕی و ئەمریکاش لەمەدا پشتگیریی دەکات بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و هەژموونی چین و ڕووسیا لە ناوچەکەدا. ئەمڕۆ هیندییەکان هەزاران وەک چینییەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لە ئایندەدا هیندستان دەبێتە ڕکابەرێکی گەورەی چین و ڕووسیا لە ناوچەکەدا. بێگومان وەک هەمیشە ئەم پێشبینییە لە چارە و نێوچەوانی هیندییەکان نەنووسراوە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاست و ڕاددەی کار و زیرەکیی نوخبەی سیاسیی وڵات و شێوازی قۆستنەوەی ئەو دەرفەتانەی دێنە پێشەوە.

وەک ئاماژەمان پێدا، هێشتا تەنیا هێڵە گشتییەکانی ئەم سیاسەتە دیارن و مەرجیش نییە ڕێککەوتنی فەرمی لە نێوان لایەنەکاندا هەبێت، بەڵام هەندێک ئاماژە هەن لە واشینتۆنەوە کە تێگەیشتنی گشتی هەیە و تەنانەت زانیاریی دزە پێکراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وڵاتە و هاوپەیمانەکانی خەریکی داڕشتنەوەی دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بۆ دروستکردنی سەقامگیرییەکی ئەوتۆ کە نزیکەی سی ساڵە ناوچەکە سەقامگیریی وای بە خۆیەوە نەبینیوە. هەرچەندە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا پاراستنی مافی مرۆڤ و چەسپاندنی دیموکراسی لە جیهاندا وەک یەکێک لە پێشینەی سیاسەت و ستراتیژیی کارکردنیدا داناوە، بەڵام پێدەچێت ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی و هەڕەشەکانی تێرۆر ئەم ئیدارەیەشی هێنابێتە سەر ئەو بڕوایەی کە بگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی کۆنی گرنگیدان بە سەقامگیری، تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا دیموکراسی و مافی مرۆڤ بکرێنە قوربانی.

ئەو وڵاتانەی کە ڕەنگە لە داهاتوودا ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لەم گردبوونەوە جیۆپۆلیتیکیەدا جگە لە ئەمریکا، تورکیا و ئیسرائیل و سعودیە و ئیمارات و قەتەر و میسر بن و هەندێک تێگەیشتنی بنەڕەتیش لەگەڵ سووریا و عێراقدا دروست بکرێت و، دەرفەتی زیاتریش بدرێتە هیندستان تا پێگەی ئابووریی خۆی بەهێز بکات، هەر هیچ نەبێت بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆش بێت، بەرەبەرە ببێتە پارسەنگی پێگە و هێز و کاریگەریی چین و ڕووسیا. پێدەچێت ئازەربایجانیش وەک سەرچاوەیەک بۆ نەوت و غازی تورکیا و ناکۆک لەگەڵ ئێران ڕۆڵی هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان ئازەربایجان و تورکیا و ئیسرائیل لەبەرچاو بگیرێت.

هەرێمی کوردستانیش بە حوکمی جێگە جیۆپۆلیتیکەکەی دەکەوێتە ناو ئەم ململانێ نێودەوڵەتی/هەرێمییەوە و لەبەر دۆخە دەستووری و یاساییەکەی ڕەنگە بوار و توانای موناوەری کەم بێت، بەڵام گرنگە هەوڵ بدرێت کەشتیی بەرژەوەندییەکانمان لە قەڵبەزە و تەوژمی ڕووداو و پێشهاتەکان بپارێزین، ئەمەش یەکریزی سیاسی و حوکمڕانیی باش و حیکمەتی سیاسی پێویستە.

**بازاڕی دارایی عێراق هێندە گرێ دراوە بە سیستەمی دارایی ئەمریکا لە ڕێگەی بانکی فیدراڵی ئەمریکی زەحمەت نابێت بۆ ئەمریکا گوشاری گەورە لەسەر هاتنی پارە بۆ عێراق دروست بکات**

**ڕاستە عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە لەژێر کاریگەریی ئێراندایە، بەڵام ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکەش هەر یەکەیان بە ئەندازە و لە بواری جیاوازدا دەتوانن کاریگەرییان لەسەر عێراق هەبێت**

**گەورە بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان خەریکی پێکەوە بەستنەوەی داوەکانی تیروانین و سیاسەتێکی نوێن لە ناوچەکەدا بەگشتی و بەرانبەر ئێران بەتایبەتی**



پ. د.عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق
بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ گوڵان:

# سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە دەستی بە چاکسازی کرد

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دوو پڕۆژەی زانستی ستراتیژی لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆک ڕاگەیێندرا**

# وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامادەیە کورسی خوێندن بۆ هەموو قوتابیان دابین بکات

**لە هەرێمی کوردستان ١٨ زانکۆی حکومی و ١٩ زانکۆی ئەهلی و ١٢ پەیمانگای تایبەتی ئەهلی هەن، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا گرنگییەکی زۆر بە کەرتی خوێندنی باڵا دراوە و تا دێت ژمارەی قوتابییانی زانکۆ و پەیمانگەکان زیاد دەبێت و بەردەوام هەوڵی گۆڕین و گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن دەدرێت، بۆ ئەوەی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی بازاڕی کاردا بگونجێن، لەگەڵ ئەمەشدا پرۆسەی خوێندنی باڵا بێ گرفت و ئاستەنگ نییە، گۆڤاری گوڵان لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرەیەکی دیکەی پەیوەندیدار دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح عەبدولڕەزاق مەحمود بریکاری وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ساز دا.**

*** هەمیشە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایدەگەیەنێت کە زۆرترین دەرفەتی وەرگرتنی قوتابییان لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان دەڕەخسێنێت لەم ڕووەوە پلان و پێوەری ئەمساڵی وەزارەت چییە؟**

- بەو پێیەی کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بایەخ و گرنگییەکی زۆری لەناو هەموو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان هەیە، لەم ڕوانگەیەوە بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە خوێندنی باڵا داوە، هەر خۆی لە خۆیدا چاکسازی و پەرەپێدان لە هەردوو کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵاوە دەست پێ دەکات، ئەوەتا وڵاتێکی وەکو مالیزیا لە دواکەوتووترین وڵاتی کشتوکاڵییەوە بەرەو پێشکەوتووترین وڵاتی پیشەسازیی هەنگاوی هەڵگرت، مەهاتیر محەمەد سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەو وڵاتە لە پەروەردە و خوێندنی باڵاوە دەستی بە چاکسازی کرد و بودجەیەکی باشی بۆخوێندنی باڵا تەرخان کرد، لە کاتێکدا ڕاوێژکارەکانی پێیان دەگوت دەبێت بودجە بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکەیت.

مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو کارە گرنگ و ستراتیژییانەی کە دوو ساڵ پێش ئێستا ئەنجامی داون، دوو پرۆژەی زۆر پێویست و گرنگی ڕاگەیاند لە زانکۆی ئەمریکی لە دهۆك، یەکەمیان: دروستکردنی دەستەیەك بوو بە ناوی (دەستەی متمانەبەخشین بە پرۆگرام و دامەزراوەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا)، دووەمیان: (تاس فۆرس)ێك دامەزرا بۆ پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکان و خوێندنەوەی بازاڕی کار و چۆنیەتی گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا، تاس فۆرسەکەش گرووپێکن بەردەوام کۆبوونەوە و کاری لەسەر دەکەن، واتە ئەو تێگەیشتنەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان تێگەیشتنێکی ستراتیژییە بۆ داهاتوو، کاریگەریشی لەسەر هەموو کەرتەکانی دیکە دەبێت. سەبارەت بە دەرفەتی خوێندنیش لە ساڵی ڕابردوودا دەرفەتی خوێندنمان

**ساڵی ڕابردوودا دەرفەتی خوێندنمان لە خوێندنی باڵا بۆ هەموو دەرچووانی قۆناغەکانی کۆتایی فەراهەم کرد، بەمەش ٤٠ هەزار قوتابی لە زانکۆکانی حکوومی و ئەهلی وەرگیران**

**بە هۆی ئەم ژمارە زۆرەی قوتابییانەوە لە داهاتوودا کێشەی بازاڕی کارمان دەبێت، کە توانای وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی نابێت**

**ناکرێت پاساو بۆ نەبوونی دەرفەتی خوێندن بدۆزینەوە، دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی وڵاتەکەمان دەرفەتی خوێندنی بۆ بڕەخسێت**

لە خوێندنی باڵا بۆ هەموو دەرچووانی قۆناغەکانی کۆتایی فەراهەم کرد، بەمەش ٤٠ هەزار قوتابی لە زانکۆکانی حکوومی و ئەهلی وەرگیران، ئەگەرچی هێشتا ٢٠ هەزار کورسی مایەوە، ئەمساڵیش وەزارەتی خوێندنی باڵا ئامادەیی هەیە کە کورسیی خوێندن بۆ هەموو قوتابییان دابین بکات، بەڵام بە هۆی ئەم ژمارە زۆرەی قوتابییانەوە لە داهاتوودا کێشەی بازاڕی کارمان دەبێت، کە توانای وەرگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی نابێت، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ئەرکیەتی هەر کەسێك ئارەزووی خوێندنی هەبێت، کورسی بۆ دابین بکات، تاوەکو لە خوێندن بێبەش نەبێت.

*** زۆرجار باس لە ئاست و کۆاڵێتیی خوێندن دەکرێت لەسەر هەر سێ ئاستی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا، ئایا وەزارەت تا چەند کار دەکات بۆ برەودان بە کواڵێتیی خوێندنی باڵا و تا چەند پێویستە لەم ڕووەوە پەرە بە توانای ستافی وانەبێژ و پرۆگرامەکانی خوێندن بدرێت؟**

- ئەرکی وەزارەتی خوێندنی باڵایە ستافی ئەکادیمی و ژێرخانی خوێندنی باڵا دابین بکات، ناکرێت پاساو بۆ نەبوونی دەرفەتی خوێندن بدۆزینەوە، دەبێت هەموو هاووڵاتییەکی وڵاتەکەمان دەرفەتی خوێندنی بۆ بڕەخسێت، سەبارەت بە ئاست و کواڵێتیی خوێندن، بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پرۆسەکە هەیە، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش سەردانی وڵاتەکانی بەریتانیا و یۆنانمان کرد، بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و کواڵێتیی خوێندن زیاتر و هاوچەرخ بکەین، ئەم پرۆسەیەش پرۆسەیەکی بەردەوامە هەر لە بەرزکردنەوەی کوالێتیی خوێندنەوە تاوەکو بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان و ستافی ئەکادیمی، بۆ ئەم مەبەستە خولی پێداگۆییمان هەیە کە ماوەکەی شەش مانگە و بۆ بەشداری لەم خولەش دەبێت ئاستی زمانی ئینگلیزی باش بێت و بڕوانامەی لە زمانی ئینگلیزی هەبێت و مەبەست لە خولەکانیش ئەوەیە مامۆستا و قوتابی بکەینە چەقی خوێندن و مەعریفە، هەروەها ئامادەکردنی ژێرخانی زانکۆ و کۆلیژەکان و تاقیگەکان و ئامێرەکانی تاقیگەکان و...تاد، هاوکات دەبێت بەردەوام پرۆگرامەکانی خوێندن پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێندرێت.

*** ئەو پرسەیەی کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکرێتەوە، ئەوەیە کە پێویستە خوێندن بتوانێت پێداویستیی بازاڕ پڕ بکاتەوە، تا چەند وەزارەت ئەم پرسەی بە هەند هەڵگرتووە و هەنگاوی کرداریی بۆ ناوە؟**

- بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی ١٠ یان ١١ی ئەمساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کۆنفرانسێکی زانستی بۆ پێداچوونەوە و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن ڕێك دەخات، بۆ ئەوەی بە شێوەیەك بێت کە لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێت، بێگومان هەندێك جار لە زۆر بواردا دابڕانێك هەیە لە نێوان خوێندنی باڵا و زانکۆکان و کۆمەڵگە، ئەگەرچی توێژینەوەکانمان و ماستەر و دکتۆرایەکانمان پێویستە کێشەیەك لە کێشەکانی کۆمەڵگەکەمان چارەسەر بکەن و باس لە کەرتێك لە کەرتەکان و بەرەوپێشەوەچوونی کەرتەکان بکەن. لە کۆنفرانسەکەدا چەندین شارەزا و پسپۆڕانی نێودەوڵەتی و زانکۆی پێشکەوتوو پرسیان پێ کراوە و بەشداریش دەبن، زانکۆی دەندی ئۆسکۆتلەندی ئامادەیی خۆی نیشان داوە لە کۆنفرانسەکە ئامادە بن و، ئەو کار و ئەزموونەی خۆیان کە زۆر زانستی و سەرکەوتووە پیشانی ئێمەی بدەن، هەندێك لە شارەزا و پسپۆڕانی زانکۆکانی ئەمریکا بە هەمان شێوە لە کۆنفرانسەکەی ئەمساڵی ئێمە بەشدار دەبن. مەبەست لەو کۆنفرانسە بۆ ئەوەشە کار بکەین بۆ بەدەستهێنانی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆکانی خۆمان جێگایان بکەینەوە، تاوەکو بتوانین متمانەی نێودەوڵەتی وەربگرین. لە لایەکی دیکەوە دونیای ئێستای تەکنەلۆژیا جیهانی گۆڕیوە و شێوە و هەڵسوکەوتی ژیانی ئێمەشی گۆڕیوە، بۆیە دەبێت ئێمەش لە زانکۆکان ئەو گۆڕانکارییانە بە هەند وەربگرین، تاوەکو بازاڕی کار بۆ دەرچووەکانمان دروست بکەین.

*** ئەمساڵ تاقیکردنەوەی زانستی بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا ئەنجام درا، ئایا تا**

**چەند ئەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بوو. ئایا ئەو گرفت و کێشانە چی بوون کە هاتنەئاراوە و چۆن دەکرێت لە ئایندە چارەسەریان بکەن؟**

- لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هەموو هەوڵێکمان دا، ئەو دوو پێوەرە (شەفافیەت و دادپەروەری)یە فەراهەم بکەین لەناو پرۆسەکەدا و پرۆسەکەش بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات، لەگەڵ ئەوەش هەموو پرۆسەیەك تێبینی و سەرنجی لەسەر دروست دەبێت، لە پرۆسەی داهاتوودا کە بڕیارە لە مانگی نۆدا جێبەجێ بکرێت، دووبارە دەرفەت دەڕەخسێنین بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بۆ زیاتر دادپەروەری و شەفافییەت ئەو سەرنج و تێبینییانەی دیاری کراون، چارەسەری بکەین و ئەو تاقیکردنەوەی لە پێشوو ئەنجام درا، هەندێ گۆڕانکاری بە سەردا دێت، بۆ زیاتر دابینکردنی دادپەروەری و شەفافییەت.

*** هەر لە پەیوەندی بە وەرگرتن لە ماستەر و دکتۆرا و بۆ پڕکردنەوەی کورسییە بەتاڵەکان وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری دا، ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستیدا (١٠)یان هێناوە وەربگیرێن، ئایا ئەم بڕیارە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی چین؟**

- دەرچوونی قوتابی مەرجێك بوو بۆ وەرگرتن لە تاقیکردنەوە زانستییەکە، بەڵام لە هەندێك لە بەشە زانستییەکان زۆر کورسیی بەتاڵ مابوون، بۆ نموونە لە بەشە زانستییەکانی پزیشکی دەرچوون زۆر کەم بوو و لە بەش هەبوو یەك قوتابی دەرنەچووبوو، لە هەندێ لە بەشە پزیشکییەکان لە هەشت کورسی تەنیا یەك کەس دەرچووبوو و ئەو بەشە زانستی و پزیشکییانەش زۆر پێویستیان بە مامۆستای ماستەر و دکتۆرا هەیە، لە بەشە هاوشێوەکانیش کەسی زیاد نەبوو تا بیگوازینەوە بۆ ئەو بەشانەی کە کورسیی بەتاڵیان هەبوو، هەندێ لە کۆلێژ و زانکۆکان خۆیان داوایان لە وەزارەت کرد، کە پێویستیان بەو پسپۆڕییانە هەیە.

*** باس لەوە دەکرێت کە کوالێتیی خوێندن لە زانکۆ حکوومییەکاندا باشترە بە بەراورد بە زانکۆ ئەهلییەکان، تا چەند ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستە و ئەگەر وایە وەزارەتی خوێندنی باڵا وەك لایەنی چاودێر و سەرپەرشتیار بە سەر زانکۆ ئەهلییەکانەوە چۆن دەتوانێت ئەم ناهاوسەنگییە ڕاست بکاتەوە؟**

- ڕاستە ئاستی زۆربەی زانکۆ و کۆلێژە حکوومییەکان بەرزترە لە ئاستی زانکۆ ئەهلییەکان، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە زانکۆی ئەهلیی باشیشمان نەبێت، بەڵکو زانکۆی ئەهلیی زۆر باش هەیە و شان لە شانی زانکۆ باشە حکوومییەکان دەدات، لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیشدا ئاستی باش و هاوچەرخی وەرگرتووە و لە پێش هەندێ زانکۆی حکوومیشە لە ڕووی ڕانکینگەوە، لەگەڵ ئەمەشدا بۆ ئەوەی چاودێری و بەدواداچوونیان بۆ بکەین، ئێمە لە ساڵی ڕابردوو سەردانی پەیمانگا تایبەتە ئەهلییەکانمان کردووە و چەندین سەرنج و ڕێنماییان پێ درا، لە پاش حەوت مانگ سەردانێکی دیکەی ئەو پەیمانگا ئەهلییانەمان کردەوە و دیتمان لە ڕووی ئەو ڕێنمایی و بەدواداچوونانەی بۆیان کراوە ٪٩٠ گۆڕانکارییان تێدا ڕووی دابوو.


*** زۆربەی زانکۆ حکوومییەکان کامپی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێی هەڵوەستەیە ئەوەیە کە هێشتا زانکۆی سەڵاحەددین خاوەنی کەمپ نییە، ئایا هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- تا ئێستا کە ماوەی زیاتر لە (٤٠) ساڵە زانکۆی سەڵاحەدین هەیە، سەرەڕای ئەوەی کەمپەکە ماستەرپلانیشی تەواو بووە، بەڵام هەر وەك خۆی ماوەتەوە، ئەگەرچی پلان و بەرنامەشی بۆ دادەنرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بودجەیەکی زۆری پێویستە و ئەمەش لەو کات و قەیرانانەی هەرێمی کوردستان ناتوانرێت بۆی تەرخان بکرێت، ئەگەر هەر ساڵێك یەك کۆلێژ باڵەخانەکەی دروست بکرایە، تا ئێستا هەموو کەمپەکە تەواو دەبوو، بۆیە ڕاوبۆچوونی من ئەوەیە کە هەر ساڵێك کۆلێژێك دروست بکرێت، کە چەند ملیۆن دۆلاری پێویستە و لە ماوەی چەند ساڵێکی دیکە دەتوانرێت بەشی زۆری کەمپەکە جێبەجێ بکرێت. لەلایەکی دیکەوە دەکرێت ئەو شوێن و زەوییە باش و نایابانەی ئێستا کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدینی لێیە بفرۆشن و بەو پارەیانە باڵەخانەی چەندین کۆلێژ لەسەر ماستەرپلانی کەمپەکە دروست بکرێت.

**دەبێت بەردەوام پرۆگرامەکانی خوێندن پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێندرێت**

**تەکنەلۆژیا شێوە و هەڵسوکەوتی ژیانی ئێمەشی گۆڕیوە، بۆیە دەبێت ئێمەش لە زانکۆکان ئەو گۆڕانکارییانە بە هەند وەربگرین و بازاڕی کار بۆ دەرچووەکانمان دروست بکەین**

**زانکۆی ئەهلیی زۆر باش هەیە و شان لە شانی زانکۆ باشە حکوومییەکان دەدات، لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیشدا ئاستی باش و هاوچەرخی وەرگرتووە**



■

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆی گشتیی کارگە دامەزراوەکان ٧٨٦ کارگە بووە و هەلی کار بۆ ١٣،٤٥١ کەس دابین کراوە

■

سوارە عەزیز عەلی

بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ گوڵان :

# لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ١٣ ناوچەی پیشەسازی دادەمەزرێن

**فرەچەشنکردنی داهات و هەمەجۆرکردنی ئابووری بە یەکێك لەو کارە ستراتیژی و گەورانە دادەنرێت کە ئاستی وەبەرهێنان و گەشەی ئابووری بەرەوپێشەوە دەبات، کەرتی پیشەسازی و هەمەجۆرکردنی ئابووری، هەروەکو چۆن لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بە یەکێك لە کەرتە زیندوو و گرنگەکان دادەنرێت، بەڵام ئاستەنگ و بەربەستی لە بەردەمدایە، ئەمە وێڕای ئەو سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونانەی لەم چوار ساڵەدا ڕووی داوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەتای کۆرۆنا شوێنەوارەکانی کەم بووەوە. گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ سوارە عەزیز عەلی بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ساز دا. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاو دەکەینەوە**

*** کەرتی پیشەسازی و بازرگانی لە هەرێمی کوردستاندا دووبارە ڕووی لە بووژانەوە کردووە، بەتایبەتی دوای هەوڵەکانی بەگەڕخستنەوەی کارگەکان و دروستکردنی ژمارەیەك کارگەی نوێ لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ئێوە وەکو بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان، دەکرێت پێمان بڵێن کەرتی پیشەسازی و دامەزراندنی کارگەکان لە چ دۆخێکدان؟**

- هەمەجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی داهات یەکێکە لە سیاسەتە سەرکەوتووەکانی هەر وڵاتێکی پێشکەوتوو، سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی بەردەوامە و هاوسەنگی لەنێوان هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازیدا لێ دەکەوێتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجەکانمان لەخۆ دەگرێت، کۆمەڵگەش لە کۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەرەوە دەگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن. سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو هەمەجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی داهات دەچێت، ئەوەتا لە تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێدانی هێمای بازرگانی بۆ کۆمپانیای خۆماڵی گەیشتە ٢،٤٣٤ و بۆ کۆمپانیای بیانیش ١،٢٠٣ هێما، هەروەها چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بۆ پارێزگاکانی هەولێر ٢،٨٦٤ و سلێمانی ١،٢٦٢ و دهۆك ٢٩٧ و کۆی گشتی هەموو کۆمپانیاکان ٤،٤٢٣ کۆمپانیا بووە، لەلایەکی دیکەوە بەو پێیەی کەرتی پیشەسازی ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشخستنی ئابووری و بەهێزبوونی ئابووریدا هەیە، لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە پلانی چوار ساڵەی خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی بە بووژاندنەوەی پیشەسازی داوە، هەرچەندە ئەم پلان و بەرنامەیە لە دەستپێکی دەستپێکردنی کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و شوێنەوارە مەترسیدارەکانی و دواتر داشکانی بەهای نەوت و بەردەوامیی قەیرانی دارایی، تووشی سستبوونەوە و ئاستەنگی گەورە بووەوە، بەڵام لە زۆر ڕووەوە کەرتەکە دەستی بە جووڵە و بووژانەوە کردەوە. سیاسەتی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دامەزراوە، ئەویش (پاراستنی کارگەکان و دابینکردنی پێداویستیی بازاڕ)ـە، لەم پێناوەشدا ڕێنمایی پێویست بۆ دامەزراندنی کارگەکان دانراوە و لە نزیکەوە چاودێری و بەدواداچوونی کارەکان دەکەین و لە پێشکەشکردنی ئاسانکاریمان کردووە، بەپێی ئامارەکانیش لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٤٧ کارگەی نوێ دامەزراون و لە ساڵی ٢٠٢١ تا ڕاددەیەکی باش چالاکی لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی زیادی کردووە و ٢٠٤ مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگە دراوە، واتا بە ڕێژەی ١٣٣٪ مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە زیادی کردووە و ژمارەی ئەو کارگانەی دامەزراون گەیشتووەتە ٤،١١٥ کارگە بە بڕی دوو ملیار دۆلار و نزیکەی ٤٣،٣٤٨ هەلی کار لە کەرتی بەرهەمهێنانی پیشەسازی دابین کراوە، بەتایبەتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە کۆی گشتیی کارگەکان ٧٨٦ کارگە بووە و هەلی کار بۆ ١٣،٤٥١ کەس دابین کراوە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا کۆمەڵێك ئاستەنگ و بەربەست لە بەردەم

**سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو هەمەجۆرکردنی ئابووری و فرەچەشنکردنی داهات دەچێت**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە پلانی چوار ساڵەی خۆیدا گرنگییەکی تایبەتی بە بووژاندنەوەی پیشەسازی داوە**

**ڕێنمایی پێویست بۆ دامەزراندنی کارگەکان دانراوە و لە نزیکەوە چاودێری و بەدواداچوونی کارەکان دەکەین و لە پێشکەشکردنی ئاسانکاریمان کردووە**

گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی کوردستاندا ماوە.

سەبارەت بە مۆڵەتەکانیش لە ئێستادا چوار جۆر مۆڵەت هەیە، بۆ نموونە پرۆژەی زۆر بچووك ژووری بازرگانی و پیشەسازی مۆڵەتی پێ دەدات، هەروەها پرۆژەی بچووك و مامناوەند بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازیی -وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی مۆڵەتەکە دەدات، پرۆژەی گەورە و ستراتیژیی دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی پێ دەدات.

*** لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرنگییەکی زۆر درا بە دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان و لە شاری دهۆك دەست بە جێبەجێکردنی کرا، ئایا دەکرێت بزانین دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان بەکوێ گەیشتووە؟**

- دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی بە بونیادنانی ژێرخانی کەرتەکە دادەنرێت، ئێمە چوار ناوچەی پیشەسازیمان بە بڕی ١٨٠ ملیار دینار لەسەر ڕووبەری ٣٠٠٠ دۆنم زەوی پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە و، سەرجەم ژێرخانی خزمەتگوزاریی کارەبا و ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و ڕێگەوبان و بنکەی تەندروستی و بنکەی ئاگرکوژێنەوە و بنکەی پۆلیس و خواردنگە و پانتایی سەوزایی و پەیمانگەی پێگەیاندنی کادیران و چەندین بواری دیکەی لە کۆگا و پێداویستییەکانی دیکەی لەخۆ گرتووە و، لە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر درا، خراپیی بارودۆخی قەیرانی دارایی وای کردووە، ئەم پرۆژانە کەمێك دوا بکەون، بوونی ئەم ناوچە پیشەسازییانە بۆ دروستکردنی ژێرخانی پیشەسازی و دۆزینەوەی هەلی کار و چەندین بواری دیکە گرنگن، بۆیە ساڵانە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی پێکەوە ڕێنمایی دەردەکەین بۆ پێشکەشکردنی بەرچاوڕوونی بۆ وەبەرهێن و خاوەن کارگەکان، ئەمەو لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە بڕیارە ١٣ ناوچەی پیشەسازی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستاندا دروست بکرێت.

*** لە سەرەتای قسەکانت باسی ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیت کرد، وەك بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەکرێت گەورەترینی ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەمان بۆ دەستنیشان بکەیت؟**

- یاسا و ڕێنماییەکانی زەمانی ڕابردوو ڕەنگە سەرەتا و گەورەترین ئاستەنگ بێت لە بەردەم خراپیی ژینگەی یاسایی گەشەکردنی پیشەسازیدا، کاتێك عێراق و هەرێمی کوردستان لە کەرتی گشتییەوە بەرەو کەرتی تایبەت و لە ئابووری سۆشیالیستییەوە بەرەو ئابووریی بازاڕ هەنگاوی ناوە، نەتوانراوە هەموو ئەو یاسایانە دابڕێژرێنەوە، یان جێبەجێیان بکەین، کە بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی گرنگن، بەمەش بۆشایی یاسایی گەشەکردنی کەرتی پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە. دوای یاساکان دەبێت کەموکورتییەکی دیکە چارەسەر بکەین، کە بریتییە لە نەبوونی ژێرخانی گەشەکردنی پیشەسازی، بۆ ئەم مەبەستەش توانیومانە چەندین ناوچەی پیشەسازی بخەینە پلان و بەرنامەوە و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، هەندێکی بەردی بناغەی بۆ دانراوە وەکو ناوچە پیشەسازییەکانی خۆراك، هەروەها کێشەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی پیشەسازیی کوردستانمان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەیە، کە بەردەوام کێشە و گرفتمان بۆ دروست کراوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لە پەیوەندیداین لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق تاوەکو کارئاسانی بۆ ساغکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی ناوخۆی کوردستان لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بکرێت، هەروەها کێشەی بەرزیی نرخی کارەباشمان هەیە، لە ماوەیەکی نزیکدا ئومێد زۆرە بڕیاری داشکانی بەهای نرخی کارەبای پۆلی پیشەسازی لە بەرژەوەندیی خاوەن کارگەکان دەربچێت.

کێشەی کۆڕانەوەی زەویشمان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و کشتوکاڵ هەیە، گفتوگۆی جدی هەیە بۆ ئەوەی چارەسەر بێت، بە سوپاسەوە ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنی تایبەتیان بۆ ئێمە ڕێکخست لەگەڵ ئەو وەزارەت و دەستە و فەرمانگەیانەی پەیوەندیدارن بە کەرتی پیشەسازییەوە و گرفتمان لەگەڵیاندا هەیە و بڕیاری دامەزراندنی لیژنەیەکی باڵا دراوە بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو گرفتانەی ئەم کەرتە بە خۆیەوە بینیوە.

*** سەبارەت بە بۆشایی یاسایی، ئایا گرنگترینی ئەو یاسایانە چین کە کاری لەسەر**

**لە ساڵی ٢٠٢٠دا ٤٧ کارگەی نوێ دامەزراون و لە ساڵی ٢٠٢١ تا ڕادەیەکی باش چالاکی لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵی زیادی کردووە و ٢٠٤ مۆڵەت بۆ دامەزراندنی کارگە دراوە**

**بە ڕێژەی ١٣٣٪ مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە زیادی کردووە و ژمارەی ئەو کارگانەی دامەزراون گەیشتووەتە ٤،١١٥ کارگە**

**چوار ناوچەی پیشەسازیمان بە بڕی ١٨٠ ملیار دینار لەسەر ڕووبەری ٣٠٠٠ دۆنم زەوی پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە**

**کێشەی ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی پیشەسازیی کوردستانمان لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق هەیە، کە بەردەوام کێشە و گرفتمان بۆ دروست کراوە**

**ئەنجومەنی وەزیران دانیشتنی تایبەتیان بۆ ئێمە ڕێکخست لەگەڵ ئەو وەزارەت و دەستە و فەرمانگەیانەی پەیوەندیدارن بە کەرتی پیشەسازییەوە و گرفتمان لەگەڵیاندا هەیە**

| کۆمەڵگەی پیشەسازی | لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەم/ هەولێر | | | لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەم / سلێمانی | | | لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەم / دهۆک | | | لە چوار ساڵی کابینەی نۆیەم | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ. کارگە | هێزی کار | سەرمایە بە ١٠٠٠$ | ژ. کارگە | هێزی کار | سەرمایە بە ١٠٠٠$ | ژ. کارگە | هێزی کار | سەرمایە بە ١٠٠٠$ | ژ. کارگە | هێزی کار | سەرمایە بە ١٠٠٠$ |
| خۆراك | ١٢٩ | ١,٣٣٨ | ٣٦,١٣٨ | ٤٩ | ١,٦٤٠ | ١٦٦,٠٨٣ | ٣١ | ٩٧٥ | ١٠٤,٢٢٨ | ٢٠٩ | ٣,٩٥٣ | ٣٠٦,٤٤٩ |
| بیناسازی | ٨٥ | ٩٩١ | ٤٤,١٧٤ | ١٣ | ٢٤٤ | ٩٦,٩٨٣ | ١١ | ٢٣٦ | ٣,٤٢٣ | ١٠٩ | ١,٤٧١ | ١٤٤,٥٨٠ |
| ڕستن و چنین | ١٠ | ١٠٧ | ١,٤٢٢ | ٢ | ٢٤ | ١,٤٥٧ | ٢ | ٩٠ | ٢,٠٣٧ | ١٤ | ٢٢١ | ٤,٩١٦ |
| فلزییەکان | ٨٣ | ٨٢٣ | ٢٤,٦٧٤ | ٢٤ | ١,٥٧٨ | ١٧٢,٦٩٣ | ١١ | ٢٧٠ | ١٤,٤٧١ | ١١٨ | ٢,٦٧١ | ٢١١,٨٣٨ |
| کیمیاوی | ٧٩ | ١,٠٢٠ | ٣٨,٦٧٩ | ٥٤ | ١,٢٨٣ | ٢٤٣,٤٠٩ | ١٢ | ١٧٨ | ٤,٤٦٧ | ١٤٥ | ٢,٤٨١ | ٢٨٦,٥٥٥ |
| پلاستیك | ٤٢ | ٣٨٩ | ٨,٨٣٣ | ٤١ | ٦٢٥ | ٢٧,٣٧٤ | ٣ | ٨٣ | ١,٠٢٠ | ٨٦ | ١,٠٩٧ | ٣٧,٢٢٧ |
| سلیلۆزی | ٢٦ | ٢١٠ | ٤,٦٥٥ | ٢١ | ٢٥٠ | ١٢,٠٤٨ | ١١ | ٢٥٠ | ٤,٣٨١ | ٥٨ | ٧١٠ | ٢١,٠٨٤ |
| ئامێر و مەکائن | ١١ | ١٧٣ | ٥,٥٨٩ | ١ | ٨ | ٦٤٠ | ١ | ٣٨ | ١,٨٩٠ | ١٣ | ٢١٩ | ٨,١١٩ |
| مۆبیلیات | ٢٠ | ٢٨٤ | ٦,٢٧٥ | ٥ | ١٢٣ | ٢,٧٤٥ | ١ | ١٤٤ | ١,٨٨١ | ٢٦ | ٥٥١ | ١٠,٩٠١ |
| دووبارە بەکارهێنان | ٥ | ٥٥ | ٢,٩٤٥ | ١ | ٥ | ٦٩٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٦ | ٦٠ | ٣,٦٣٧ |
| خزمەتگوزاری | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ١٧ | ٢٢٢ | ٠ | ٠ | ٠ | ٢ | ١٧ | ٢٢٢ |
| کۆی گشتی | ٤٩٠ | ٥,٣٩٠ | ١٧٣,٣٨٤ | ٢١٣ | ٥,٧٩٧ | ٧٢٤,٣٤٦ | ٨٣ | ٢,٢٦٤ | ١٣٧,٧٩٨ | ٧٨٦ | ١٣,٤٥١ | ١,٠٣٥,٥٢٨ |

کۆی گشتی ژمارەی کارگەکانی مۆڵەتپێدراوی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم (بە پێی ISIC)

**دەکەن، یان بۆ چارەسەری ئەو گرفتە دەرکراون و پەسەند کراون؟**

- یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و یاسای گەشەپێدانی پیشەسازی بۆ هەردوو کەرتی تایبەت و تێکەڵاو، یاسای یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی پەسەند کران و، چەندین یاسای دیکەش هەیە ئامادە کراون، لەوانە (یاسای شار و ناوچەی پیشەسازیی ڕێکخراو- یاسای ناوچەی پیشەسازی و بازرگانیی خزمەتگوزاریی ئازاد- پرۆژە یاسای ئامادەکراو تایبەت بە دامەزراوەی خۆراك و دەرمان و...هتد) ئەمە و چەندین ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی چیمەنتۆ بە هاووڵاتیان و بوارەکانی بازرگانی دەرچوون، ئەمە وێڕای ئامادەکردنی کارنامەی چاکسازی و کارکردن لەسەر بەئەلیکترینیکردن و دانانی سیستمی مۆڵەتی کارگەکان و ئامادەکردنی چەندین پرۆژەی وەکو پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیارەکان، دوا جار یاسا بەپێی بارودۆخی کەرتەکە و گۆڕانکارییەکان و بەپێی قۆناغەکە و گۆڕانکارییەکانی بەردەوام پێویستی بە دووبارە هەموارکردنەوە هەیە و ئەمە کارێکی نۆرماڵ و ئاساییە.

*** ئەرکی سەرەکیی وەزارەتەکەتان بریتییە لە (پاراستنی کارگەکان، دابینکردنی پێداویستیی بازاڕ) ئایا چۆن دەتوانن هاوسەنگیی نێوان هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی ڕابگرن؟**

- ئەمە کارێکی وا ئاسان نییە، بەتایبەتی بۆ هەرێمی کوردستان کە وابەستەی ئابووریی عێراقە و لە دۆخێکی وادا نییە، بتوانرێت ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ هەموو پێداویستییەکانی بازاڕ پڕ بکاتەوە، بۆیە هاوسەنگبوونی نێوان هەردوو بواری هەناردە و هێنراوەکان کە پێی دەگوترێت تەرازووی بازرگانی، کارێکی وا ئاسان نییە، هەردوو بوارەکە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی جیا کراونەتەوە و بڕیاری تایبەت بە خۆیان هەیە، تا ئێستا هەناردەمان زۆر کەمە بەتایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێ و جیهان، لەمەشدا لە هەوڵی ئەوەین پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی بکەین بۆ ئەوەی بەرهەمی بیانی نەتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی خۆماڵی بکات و تەنانەت بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ بدۆزینەوە، لەم بارەیەوە چەندین هەنگاو نراون، وەکو پەرەپێدانی پیشەسازیی خۆراکی و کارئاسانی بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازیی خۆراکی و هەوڵەکانی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمە نێوخۆییەکان و چەندین کارو ڕێکاری دیکە، تاوەکو بتوانین ئاستی بەرهەمی نێوخۆ بەرز بکەینەوە.

**یاسا بەپێی بارودۆخی کەرتەکە و گۆڕانکارییەکان و بەپێی قۆناغەکە و گۆڕانکارییەکانی بەردەوام پێویستی بە دووبارە هەموارکردنەوە هەیە و ئەمە کارێکی نۆرماڵ و ئاساییە**

**لە هەوڵی ئەوەین پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی بکەین بۆ ئەوەی بەرهەمی بیانی نەتوانێت کێبڕکێی بەرهەمی خۆماڵی بکات و تەنانەت بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆ بدۆزینەوە**

دیمانەی تایبەت



ڕیتا ئەبراهامسەن، پرۆفیسۆری کاروبارە گشتییەکانە لە زانکۆی ئۆتاوا لە کەنەدا، لە چەند بوارێکدا توێژینەوە دەکات، لەوانە سیاسەتی ئەفریقا، ئاسایش و پەرەپێدان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و حوکمڕانیی جیهانی. پێشتریش وانەبێژ بووە لە زانکۆی کەیپ تاوون و زانکۆی کوینزلاند. بۆ شرۆڤەکردنی ڕۆڵ و سیاسەت و کاریگەریی وڵاتانی ئەفریقا لە نێو سیستمە جیهانییەکە و کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئەم وڵاتانە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

## پرۆفیسۆر ڕیتا ئەبراهامسەن بۆ گوڵان:

# ئەفریقا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە

*** ئەگەر بە وڵاتانی ئەفریقا بوترێت وڵاتانی باشوور، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەم وڵاتانە سوودمەند نەبوون لەوەی پێی دەوترێت سیستمی نوێی جیهان، یان سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاش، یان ئەوەتا پشتیوانی لە سەرۆك پوتین دەکەن بۆ کۆتاییهێنان بە سیستمە جیهانییەکە، یان هەڵوێستی بێدەنگییان هەڵبژاردووە. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی وڵاتانی باشوور نییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆز و گرنکە، ئەم پرسە چەندین ڕەهەندی جیاواز و ڕیشەی قووڵی لە مێژوودا هەیە. یەکەم شت کە بتوانرێت لەم بارەیەوە بوترێت، ئەوەیە کە ئەوەی پێی دەوترێت «سیستمی لیبراڵیی جیهانی»، سیستمێکی هەرەمبەندی و نایەکسانە، ئەوەش ڕاست نییە کە بوترێت ئەفریقا و وڵاتانی باشووری جیهان لەم سیستمە سوودمەند نەبوون. بە هەمان شێوە، ئەوەش دروست نییە کە بوترێت کە سیستمی لیبراڵیی جیهانی- ئیدی مێژووەکەی بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ١٩٤٥ و کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەت، یان بۆ کۆتایی شەڕی سارد و دووجەمسەری لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوودا کە بە تەواوی لە نێو ڕۆژئاوادا داڕێژدراوە و گەڵاڵە بووە. بە واتایەکی دیکە پێویستە وریا بین و ڕۆڵ و کاریگەریی وڵاتانی باشوور لە ڕەنگرێژکردنی ڕووداوەکانی جیهان و نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا نادیدە نەگرین. وڵاتانی باشوور کاریگەرییەکی زۆریان هەبوو لەسەر کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆریەت و هاتنەئارای جیهانی وڵاتە خاوەن سەروەرییەکانی دوای ساڵی ١٩٤٥، داواکاریی ئەم وڵاتانە بۆ نەهێشتنی ئیستیعمار ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە خێراکردنی پرۆسەی ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەت و ڕەتکردنەوەی دیدگا بەدیلەکانی هێزە ئیستیعمارییەکان کە دەیانویست درێژە بە حوکمڕانیی ئیستعیماری بدەن. هەروەها وڵاتانی ئەفریقا و کاراکتەرەکانی دیکە لە باشوور ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە جۆراوجۆرەکانی کە کار دەکەن بۆ برەودان بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاماژەی پێ کرا، ئەوا ئەوەی بە تێڕوانینی من گومان هەڵناگرێت لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە سیستمی لیبراڵیی جیهان شکستی هێناوە لە بەدیهێنانی بەڵێنەکانی پەیوەست بە یەکسانی و ئەم سیستمە بەردەوام بەرەو هەرەمبەندی و نایەکسانییەکی قووڵ دەچێت، واتە ئەم سیستمە تا ڕادەیەکی زۆر میراتی ئیمپراتۆریەتی ڕابردووە. نموونەیەك کە ئەم پرسە ڕوون بکاتەوە، بریتییە لە پەیکەربەندیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی بەرجەستەکاری هاوسەنگیی هێزی سەروەختی کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهان- ١٩٤٥- بوون، واتە لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقا هێشتا شەڕی بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووسیان دەکرد. هەروەها لایەنەکانی دیکەی سیستمە نێودەوڵەتییەکە لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوان، یان ئەو وڵاتانەن کە لە پێگەیەکی دارایی و سەربازیی باشتردان، ئەمەش ڕاستییەکی ڕوون بوو لە سەروەختی ترۆپکی باڵادەستی و هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای ڕووخانی دیواری بەرلین لە ساڵی ١٩٨٩ تاوەکو ڕوودانی قەیرانە داراییەکەی ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨. کەواتە ئەم نارەزاییەتییە درێژخایەنەی نێو زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقا و وڵاتانی باشوور لە ئاست سیستمە هەرەمبەندییە جیهانییەکەیە کە زەق بووەتەوە لە پەیوەندی بە هەلومەرجی داگیرکاریی ڕووسیا لە ئۆکرانیا. هەرچۆنێك بێت، ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە زۆربەی ئەم وڵاتانە پشتیوانییان لە ڕووسیا کردبێت، یان تەواو بێدەنگ بووبن لە بەرانبەر دەستدرێژیکاری و پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی. لە ڕاستیدا چەند وڵاتی کەمی ئەفریقا تەواو هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ ڕووسیا، لە کاتێکدا زۆرێك لەم وڵاتانە هەوڵیان داوە بە بێلایەنی بمێننەوە، ئەمەش لە پرۆسەکانی دەنگدانی نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەرجەستە بووە و دەرکەوتووە. هەروەها گرنگە کە پرسی نارەزایەتیی وڵاتانی ئەفریقا لە ئاستی سیستمە لیبراڵییە جیهانییەکە جیا بکەینەوە لە بانگەشە و داوای وڵاتی ڕووسیا بۆ هێنانەئارای سیستمێکی فرەجەمسەریی جیهانی.

ئەگەرچی ڕەنگە ئەم دوو پرسە لە ڕواڵەتدا

**ئەوەی پێی دەوترێت «سیستمی لیبراڵیی جیهانی»، سیستمێکی هەرەمبەندی و نایەکسانە، ئەوەش ڕاست نییە کە بوترێت ئەفریقا و وڵاتانی باشووری جیهان لەم سیستمە سوودمەند نەبوون**

**پێویستە وریا بین و ڕۆڵ و کاریگەریی وڵاتانی باشوور لە ڕەنگڕێژکردنی ڕووداوەکانی جیهان و نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا نادیدە نەگرین**

**سیستمی لیبراڵیی جیهان شکستی هێناوە لە بەدیهێنانی بەڵێنەکانی پەیوەست بە یەکسانی و ئەم سیستمە بەردەوام بەرەو هەرەمبەندی و نایەکسانییەکی قووڵ دەچێت**

**یەکێتیی ئەفریقا بە چەشنێکی کارا پاڵپشتی لە دیموکراسی و بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کردووە و برەوی پێ داون**

وەك یەك پرس، یان دوو پرسی زۆر هاوشێوە دەربکەون، بەڵام لە ڕاستیدا جیاوازن و لە هەندێ کاتدا زۆر جیاوازیشن. لە ڕووی مێژووییەوە وڵاتانی ئەفریقا و ڕێکخراوە هەرێمایەتییەکە (یەکێتیی ئەفریقا) پابەندبوون بە هاوکاریی هەمەلایەنەوە و یەکێتیی ئەفریقا بە چەشنێکی کارا پاڵپشتی لە دیموکراسی و بەرپرسیارێتی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ کردووە و برەوی پێ داون. ئەمە لە کاتێکدا دیدگای ڕووسیا کەمتر جەخت دەکاتەوە لەسەر هاوکاریی هەمەلایەنە و لە بری ئەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەم دواییەی ڕووسیا وەك هێزێکی مەزن پێناسەی ئەم وڵاتە (ڕووسیا) دەکات، کە خاوەنی شارستانیەتێکی تایبەتە و هێزێکی مەزنی ئەورووپی-ئاسیاییە. واتە ئەمە تێڕوانینێکی پتر خۆسەپێنانەیە بۆ جیهان، هەروەها زۆر زەحمەتە سیاسەتی ناوخۆیی ڕووسیا مۆدێلێك بێت کە وڵاتانی دیکە بیانەوێت و خوازیاری ئەوە بن کە دووبارەی بکەنەوە. بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆز و فرەڕەهەندە تەواو بکەین، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەمە ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوەیە نەك تەنیا بۆ وڵاتانی ئەفریقا و باشوور، بەڵکو بۆ تەواوی جیهان. لە هەلومەرجی داگیرکاریی ڕووسیادا، ددانپێدانانێك بەدی دەکرێت بۆ گرنگی و سەنگی ئەفریقا بۆ سیاسەتی جیهانی. بەم شێوەیە وڵاتانی ئەفریقا و یەکێتیی ئەفریقا دەرفەتی ئەوەیان بۆ دروست بووە، کە کار بکەن بۆ هێنانەئارای سیستمێکی جیهانیی یەکسانتر و دادپەروەرتر، لە نێویاندا چاکسازیکردن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی ئەم ڕێکخراوە. کە دەبوو زۆر زووتر ئەم چاکسازییە ئەنجام بدرێت. شتێکی ناواقیعییە ئەگەر پێمان وابێت بە ئاسانی و بە کاتێکی کەم دەتوانین ئەم کارە ئەنجام بدەین، هەروەها ئاماژەی ئەوە لە ئارادایە کە هێزە مەزنەکانی نێو ڕۆژئاوا، هەروەها ڕووسیا و چین ئامادەییان هەبێت بۆ تاوتوێکردنی ئەنجامدانی چاکسازی لەم ڕووەوە. من پێم وایە ئەفریقا و باشووری جیهان دەستکەوتێکی کەم بەدەست دەهێنن و زیانێکی زۆر دەکەن، ئەگەر هاوهەڵوێست بن لەگەڵ ڕووسیا و دیدگای ڕووسیا بۆ جیهان.

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئایا ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لەسەر وڵاتانی ئەفریقا چی بووە و بۆچی بەم دواییە سەرکردەکانی ئەم وڵاتانە پلانی ئاشتییان بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە خستەڕوو؟**

- هەرچەندە ئەفریقا دوورە لە بەرەکانی شەڕەوە، بەڵام بە چەند شێوەیەك ئەم کیشوەرەش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەم شەڕەوە. یەکێك لە کاریگەرییە سەرەکییەکان بریتییە لە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراك و کەمبوونەوەی ئاسایشی خۆراك. ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرچاوەی سەرەکیی گەنم بوون بۆ وڵاتانی ئەفریقا، شەڕەکەش دابینکردنی ئەم سەرچاوە سەرەکییەی خۆراکی پەك خستووە، ئەمەش ئاکامی خراپی هەبووە لەسەر زۆرێك لەو هاووڵاتیانەی پێشتر و بە شێوەیەکی ڕۆژانە ڕووبەڕووی برسێتی و کەمیی خۆراك دەبوونەوە. بۆی هەیە کشانەوەی ئەم دواییەی ڕووسیا لە ڕێککەوتنی دانەوێڵەی هەناردەکراو لە ڕێی دەریای ڕەشەوە گوشاری زیاتر لەسەر نرخی خۆراك دروست بکات، حکومەتی کینیاش ڕایگەیاند ئەمە خەنجەردانە لە پشتی ئەو وڵاتانەی بەدەست وشکەساڵییەوە دەناڵێنن لە قۆچی ئەفریقادا. هەروەها ئەم شەڕە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی پەیینیش، هەروەها وزەش کە ئەمەش کاریگەریی توندی لەسەر هەندێ وڵات بەجێ هێشتووە. نیگەرانییەکی ڕاستەقینەی دیکە ئەوەیە کە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان تەرخان دەکرێن بۆ ئۆکرانیا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بڕێکی کەمی ئەو هاوکارییانە لە ئارادا بمێنێت کە پێویستە بە پەلە بۆ وڵاتان و گەلانی ئەفریقا دابین بکرێن. هەندێ کەس پێیان وایە ئەمە ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ سیستمێکی نایەکسانیی جیهانی. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، ئەوا ئەفریقا بەرژەوەندییەکی زۆری هەیە لە کۆتاییهێنان بە شەڕەکە. لە کاتێکدا ئەو پلانی ئاشتییەی بەم دواییە سەرکردەکانی ئەفریقا خستیانەڕوو، گوڕ و تینێکی زۆر بەدەست نەهێنا، ئەمەش ئاماژەیە بە کاریگەرییە مەترسیدارەکانی شەڕەکە لەسەر ئەم کیشوەرە.

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ستیڤن زونێس بۆ گوڵان:

# لە ڕوانگەی چینەوە سەرکەوتنی ئۆکرانیا خزمەت بە هەژموونی ئەمریکا دەکات

**ستیڤن زونێس پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك: پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی. دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ. بۆ تاوتوێکردنی چەند پرسێکی پەیوەندیدار بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و ڕۆڵی چین لە جیهاندا لە پەیوەندی بەم شەڕەوە، هەروەها هەندێ پەرەسەندنی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

**ئەگەر ئۆکرانیا و هاوپەیمانەکانی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ئەنجامی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەوان بێت، ئەمە دەبێتە پێشهات و پەرەسەندنێکی ئەرێنی**

**ئەگەر ئۆکرانیاش لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بێت، کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر بەرەوپێشبردن و باشترکردنی سیستمە جیهانییەکە نابێت**

*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا درێژەی کێشاوە و لەگەڵ درێژەکێشانیشدا کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە زیاتر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕەنگی داوەتەوە و هەندێ دەڵێن سەرکەوتنی ئۆکرانیا دەبێتە هۆی چەسپاندن و جێگیرکردنی سیستمە جیهانییەکە و هەندێکی دیکە پێیان وایە دەرئەنجامی شەڕەکە هەرچۆنێك بێت، ئەوا دەبێ سیستمێکی دیکەی جیهانی بێتە ئاراوە، یان گۆڕانکاری لەم سیستمەی ئێستادا بکرێت، لەم ڕووەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی ئێوە چییە؟**

- ئەگەر ئێمە باس لە ئەگەرەکانی پەیوەست بە دەرئەنجام و ئاکامی ئەم شەڕە بکەین، ئەگەر ئۆکرانیا و هاوپەیمانەکانی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ئەنجامی شەڕەکە لە بەرژەوەندیی ئەوان بێت، ئەمە دەبێتە پێشهات و پەرەسەندنێکی ئەرێنی، چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە مانای شکست دێت بۆ دیکتاتۆریەت و بۆ فراوانخوازی، هەروەها بۆ دەستدرێژیکاری، بەڵام هەر چۆنێك بێت، نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ئێمە کەیسی دیکەمان هەیە و تێیدا وڵاتێك خاکی وڵاتێکی دیکەی داگیر کردووە، بۆ نموونە مەغریب و ئیسرائیل دەستیان بەسەر خاکی گەل و نەتەوەیەکی دیکەدا گرتووە، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە تاوەکو ئەم کێشانەش چارەسەر نەکرێن، ئەگەر ئۆکرانیاش لە شەڕەکەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر بەرەوپێشبردن و باشترکردنی سیستمە جیهانییەکە نابێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە سیستمە جیهانییەکە و ڕکابەریی هێزە مەزنەکان بۆ ئەوەی دووبارە ئەم سیستمە لە بەرژەوەندیی خۆیان دابڕێژنەوە، دەگوترێت شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەرفەتێکی لەباری بۆ چین وەك هێزێکی هەڵکشاوی سەربازی و ئابووری دەستەبەر کردووە، بۆ ئەوەی برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی بدات، ئێوە چۆن لە هەڵوێستی بێلایەنی چین لەئاست ئەم شەڕەدا دەڕوانن، کە باس لەوە دەکرێت ئەمە جۆرێکە لە پاڵپشتیی ڕووسیا؟**

- سەرەتا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە چین وڵاتێکە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو دەگرێت و ڕەچاویان دەکات، هەروەها چین ئەوە دەزانێت کە ڕووسیا بەرەو ئەوە ناچێت بتوانێت شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە، لەبەر ئەوە نایەت چەندین ملیار دۆلار لە دۆز و کەیسێکی دۆڕاودا بە هەدەر بدات، لە هەمان کاتدا چین نیگەرانە لە ئەگەری سەرکەوتنی ئۆکرانیا، چونکە پێی وایە سەرکەوتنی ئۆکرانیا بە مانای سەرکەوتنی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دێت و ئاشکرایە کە چین هەوڵی بەدیهێنانی جیهانێکی چەند جەمسەری دەدات، واتە جیهانێك کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی تێیدا باڵادەست و هەژموونکار نەبن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە بۆچی چین ئەم شێوە بێلایەنییەی گرتووەتەبەر، واتە لەلایەك نایەوێت پشتیوانییەکی بەرچاوی ڕووسیا بکات، لە هەمان کاتدا خوازیاری ئەوە نییە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێگەی خۆی بەهێز بکات و باڵادەست بێت بەسەر کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا.

*** ئایا دەکرێت لەم ڕووەوە بڵێین کە چین سوودمەندی سەرەکییە لەم بارودۆخەی لە جیهاندا هاتووەتەئاراوە بەهۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە؟**

- مەرج نییە بتوانین بەم شێوەیە لێکدانەوە بکەین، چونکە بەدەر لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجامەکانی، ئەوا بمانەوێ، یان نەمانەوێ چین

هێزێکی هەڵکشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵبوونی ڕۆژئاوا دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندووە کە چین بتوانێت هەندێ هەنگاو هەڵبگرێت و دەستپێشخەری بکات، بۆ نموونە دەستپێشخەرییەکەی ئەم دواییەی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ نەهێشتنی گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و عەرەبستانی سعودییە و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، هەروەها چین هەوڵ دەدات وەبەرهێنانی زیاتر لە وڵاتانی ئەفریقادا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە چین بەم ئاراستە و ئاقارەدا کاری دەکرد، ئەگەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاش ڕووی نەدایە. پوختەی وەڵامەکە ئەوەیە پێم وانییە ئەو بارودۆخەی بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هاتووەتەئاراوە کاریگەرییەکی گەورەی دروست کردبێت لەسەر هەوڵ و هەڵوێستەکانی چین، یان با بڵێین ڕۆڵی چین لە جیهاندا.

*** هەندێک پێیان وایە ئەم دەستپێشخەرییەی چین دەرئەنجامی ئەو بۆشاییەیە کە ئەمریکا لەم ناوچەیە جێی هێشتووە و چینیش توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەم بۆشاییە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار بهێنێت، بۆچوونی ئێوە چیە لەم بارەیەوە؟**

- بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێژە و ڕاددەی بایەخدانی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر تەرکیز لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکات، و تەنانەت ئەو بۆچوونە لە سەردەم و سەروەختی ئیدارەی سەرۆک باراك ئۆبامادا هەبوو، کە تاوەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تێوەگلانی سەربازیی زیاتری هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەمریکا کەمتر سەلامەت دەبێت، لێکدانەوەکەش ئەوە بوو کە زۆرێك لە سیاسەتەکانی ئەمریکا دەرئەنجام و ئاکامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە و ئاماژەیان بە سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان و بەهێزبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەکرد و گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەمریکا دۆخەکەی خراپتر کردووە، نەك باشتر. لەلایەکی دیکەوە برەو بەو تێڕوانینە درا، کە گەورەترین هەڕەشە لە ڕووی ستراتیژی و ئابوورییەوە لەسەر ئەمریکا لە چینەوە سەرچاوە دەگرێت، نەك لە هێزێکی نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەو کاتەدا ئەو بۆچوونە هاتەئاراوە و گەڵاڵە بوو، کە پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بایەخی زیاتر بە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بدات و هەوڵەکانی لەوێدا چڕ بکاتەوە، دواتر بە هۆی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە سەرکردایەتیی سیاسی و سەربازی لە نێو ئەمریکادا پتر سەرقاڵن بەم شەڕەوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕووی دا، کە پێشتر ئەمریکا بایەخدانی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم کردبووەوە.

*** هەر سەبارەت بە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان سعودییە و ئێران کە ئەمە پێشهات و پەرەسەندنێکی گەورە بوو، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە ئەمە تەنیا بۆ هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چین دەگەڕێتەوە، یان ئەم دوو وڵاتە (ئێران و سعودییە) هۆکار و پاڵنەری دیکەیان هەبوو بۆ ئەوەی بەم ئاراستەیەدا هەنگاو هەڵبگرن؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەم هەنگاوەی ئەم دوو وڵاتە لە بەرژەوەندیخوازییەوە بۆ وڵاتەکانیان سەرچاوەی گرتووە، مەبەستم ئەوەیە هەردوولا چەندین ملیار دۆلاریان لە بواری خەرجی سەربازی و شەڕی بەوەکالەتدا بەفیڕۆ دا، دەرئەنجامەکەش ناسەقامگیربوونی ناوچەکە و بەفیڕۆدانی سەرچاوە و سامانەکانیان بوو، کەواتە هەر دوولا بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەبەرچاو گرت و ڕایانگەیاند کە ڕاستە جیاوازیی جددی و گەورە لە نێوانماندا هەیە، بەڵام ئەم جیاوازییانە هێندە هەڵناگرن کە شەڕ لەگەڵ یەکدیدا بەرپا بکەین، ئەوە بوو گرنگیی کردنەوەی کەناڵی دیپلۆماتی و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی جیاوازییەکانیان لەبەرچاو گرت. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی چینەوە، ئەوا بە پێچەوانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتانی دیکەوە مێژووی دەستتێوەردانێکی ئیمپریالی نییە لەم ناوچەیەدا، واتە لەم ڕووەوە چین وڵات و هێزێکی بێلایەن بووە، دواتر دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین کە چینیش بەرژەوەندی هەیە لەم ناوچەیەدا، بەتایبەتی هاوردەکردنی نەوت لە ناوچەی کەنداوەوە، کە چین ئەوەی لەبەرچاو گرت کە ئەگەر شەڕ بەرپا ببێت لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا (سعودییە و ئێران) ئەوا ئەم شەڕە دەبێتە هۆی پەکخستنی هەناردەی نەوت لەم ناوچەیەوە و، چەندین کێشە و پشێویی دیکە دروست دەکات، لەبەر ئەوە چین بە بەرژەوەندیی خۆی زانی کە هەوڵی هێورکردنەوەی هەلومەرجەکە بدات.

**چین ئەوە دەزانێت کە ڕووسیا بەرەو ئەوە ناچێت بتوانێت شەڕەکە لە بەرژەوەندیی خۆی یەکلا بکاتەوە، لەبەر ئەوە نایەت چەندین ملیار دۆلار لە دۆز و کەیسێکی دۆڕاودا بە هەدەر بدات**

**چین هەوڵ دەدات وەبەرهێنانی زیاتر لە وڵاتانی ئەفریقادا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە چین بەم ئاراستە و ئاقارەدا کاری دەکرد، ئەگەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاش ڕووی نەدایە**

**ئەمریکا ڕێژە و ڕاددەی بایەخدانی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر تەرکیز لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بکات**



**ئیحسان عەبدولڕەحمان بابان**
بەڕێوەبەری گشتیی چاكسازیی كۆمەڵایەتی لە وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی بۆ گوڵان:

# پێویستە لیژنەی باڵای مادده هۆشبەرەكان فراوان بكرێت و بكرێتە ئەنجومەنی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەكان

# سزادراوانی مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە چارەسەریان بۆ دەکرێت

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی بەکارهێنەران و تووشبووانی مادده هۆشبەرەکان و ئالوودەبووانی لەناو هەر دوو ڕەگەز (نێر و مێ) لە زیادبووندایە، هەڵمەتی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان تەنیا لە بواری ڕێگری و دەستگیرکردنی ئەوانەدا نییە کە بازرگانی بەم مادده مەترسیدارەوە دەکەن، بەڵکو دەبێت قوربانییەکانیش کە ئالوودە بوون، چارەسەر بکرێن، ئەمەش وەکو بەشێك لە پرسی ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ئیحسان عەبدولڕەحمان بابان، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کرد.**

*** ستراتیژیەتێکی نیشتمانیی درێژخایەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێوان سەرجەم سێکتەرەکانی کۆمەڵگەدا دروست کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە ئێوە هەیە، وەکو بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی، ئایا چ هەنگاوێکتان گرتووەتە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر؟**

- ئێمە هەنگاوی یەکەممان لەم ستراتیژیەتە نیشتمانییە ئەوە بوو، ئەو کەسانەی ئالوودە بوون بە مادده هۆشبەرەکان، لە ناو چاکسازییەکاندا لە کەسانی دیکەمان جیا کردەوە، لە هەرێمی کوردستان ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەر هەیە و ٥٨٩ کەسیان تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریان لەسەرە، ئەوانی دیکە بە تاوانی جۆراجۆری بازرگانیکردن و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر سزا دراون، سزای بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەر زۆر جیاوازە لە سزای بەکارهێنەرانی، ئەم ژمارە زۆرەی سزادراوان گوشارێکی گەورەیان لەسەر چاکسازییەکانمان هەیە، چونکە بینایەی چاکسازییەکان تەنیا بۆ ٩٠٠ سزادراو دروست کراون و کۆن و خراپن، کەچی ١٦٠٠-١٧٠٠ سزادراوی تێدایە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆرە و تەنانەت لەناو ئەو هۆڵانەی کە بۆ ١٠ سزادراو تەرخان کراون، زیاتر لە ٢٥ کەسی تێدایە، بە هۆی بڕینی بودجە و قەیرانی داراییەوە بینایەی چاکسازییەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە دروست نەکراون، بە شێوەیەکی گشتی لە هەر شەش چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان گرفتمان هەیە، بەڵام توانیومانە مامەڵەیەکی باش و گونجاو لەگەڵ بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بکەین و جیایان بکەینەوە لەگەڵ ئەوانەی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان دەکەن.

**ئەو کەسانەی ئالوودە بوون بە مادده هۆشبەرەکان، لەناو چاکسازییەکاندا لە کەسانی دیکەمان جیا کردەوە**

بە شێوەیەکی گشتی ئێمە بەردەوامین لە بەرنامەی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان و بەرنامەکانمان لە گەشەکردندایە، تەنانەت لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا توانیمان ٢١ لاپتۆپ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چاکسازییەکان وەربگرین و پێشتریش ژمارەیەکی زیاترمان وەرگرتووە، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو زیندانیکراوانەی خەڵکی دەرەوەی هەرێمن، لەگەڵ خانەوادەکانیاندا بە فایبەر قسە بکەن.

*** واتا دەتوانین بڵێین شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر جیاوازە لەگەڵ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن و ئەم ژەهرە بڵاو دەکەنەوە، ئایا لەم ڕووەوە چیتان کردووە؟**

- ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان لە هەر شەش بەڕێوەبەرایەتییەکەی چاکسازی لە هەر سێ پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) سێ چاکسازیی گەوران و سێ چاکسازیی ژنان و منداڵان کە ٥١٠٣ کەسمان هەیە، کە ٤٤٨ کەسیان سزای لە سێدارەدانیان هەیە و ١٠٣٨ حوکم دراون بە ماددەی هۆشبەر بە هەردوو جۆری بەکارهێنەر و بازرگانیکردنەوە، لە ناو ئەم سزادراوانەشدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و تەنانەت منداڵی خوار ١٨ساڵیش هەیە، لە ماوەی ساڵێکی دەستبەکاربوونم گۆڕانکاری و هەنگاوی باشمان ناوە بۆ ڕێکخستنی چاکسازییەکان و باشکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە سزادراوەکان دەکرێت، بەرنامەی خواردنمان ڕێك خستووە و بنکەی تەندروستییەکانمان باش کردووە و خولی ڕاهێنان و وۆرك شۆپ و سیمنار بۆ کارمەندانی چاکسازییەکان دەکرێتەوە، هەر لە هۆبەی پێشوازییەوە پشکنینێکی تەندروستی بۆ دەکەین و تاوەکو چالاکیی وەرزشی و مەکتەبە و وەرشەی هونەری و کارکردن گرنگیمان بە سزادراوەکان داوە، کارئاسانیش بۆ توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین و سیمینارییان پێشکەش دەکەین.

*** ئایا تاچەند سزادراوەکانی ناو چاکسازییەکان کەوتوونەتە ژێر چاودێریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و، ڕاسپاردە و داواکارییەکانی مافی مرۆڤیان لەسەر جێبەجێ دەکەن؟**

- هەموو چاکسازییەکانمان لەژێر چاودێریی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بە چاودێریی خاچی سووری نێودەوڵەتی و دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەم سێ لایەنە بەردەوام چاودێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ دەکەن لە ناو چاکسازییەکاندا، وەکو ئاماژەم پێ دا، تەنیا گرفتمان گوشاری زۆربوونی ژمارەی سزادراوانە کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان ژمارەی سزادراوان زۆر زیادی کردووە و قەرەباڵغییەکی گەورەی لەسەر داناوین، بەتایبەتی چاکسازییەکانی ژنان و منداڵان کە کۆنن و بە نووسراوی فەرمی داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، بۆ ئەوەی بینای نوێیان بۆ دروست بکرێت، خۆشبەختانە بینای چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێر کە لە پشت بینایەی چاکسازیی گەورانەوە، کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ئێستادا کاری تێدا دەکەن، لە هەوڵی ئەوەشداین بینایەکی چاکسازیی گەوران لە گەرمیان بکەینەوە، بەمەش قەرەباڵغی لەسەر چاکسازیی سلێمانی کەم دەبێتەوە و هاوکاری خێزانەکانیش دەبین ڕێگەیەکی دوور و درێژیان لە کۆڵ ببێتەوە لە کاتی سەردانیکردنی حەفتانەی سزادراوەکانیان، کە نزیکەی ٧٠٠ سزادراو دەبن. بە شێوەیەکی گشتی جێگەی داخە تا دێت ژمارە و ڕێژەی تاوانبارانی ماددە هۆشبەرەکانیش لە هەرێمی کوردستان بە (بەکارهێنەر و بازرگانیکردن)ـەوە ڕووی لە هەڵکشان کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە بۆ چارەسەرکردنی تووشبووانی ماددەی هۆشبەر چەندین خول و وۆرك شۆپ و ڕاهێنانمان کردووەتەوە، بۆ ئەو کارمەندانەی لە چاکسازییەکاندا کار دەکەن، تاوەکو مامەڵەیەکی ڕاست و دروست لەگەڵ سزادراوان بکەن، لە هەر شەش چاکسازییەکەی هەرێمی کوردستاندا بنکەی تەندروستی و دکتۆری پسپۆڕی تایبەت بە لایەنی دەروونیمان هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی قوتابیمان لە هەموو قۆناغەکان خوێندن هەیە و ئەو سزادراوانەی بە پاراڵێل یان لە ئەهلی دەخوێنن، وەزیری خوێندنی باڵا لەسەر داوای ئێمە بڕیاری دا کە خوێندن بۆ سزادراوان بێ بەرانبەر بێت و بۆ ئالوودەبووان

**لە هەرێمی کوردستان ١٠٣٨ سزادراوی ماددەی هۆشبەر هەیە و ٥٨٩ کەسیان تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەریان لەسەرە، ئەوانی دیکە بە تاوانی جۆراجۆری بازرگانیکردن و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر سزا دراون**

**بینایەی چاکسازییەکان تەنیا بۆ ٩٠٠ سزادراو دروست کراون و کۆن و خراپن، کەچی ١٦٠٠-١٧٠٠ سزادراوی تێدایە**

**هەموو چاکسازییەکانمان لەژێر چاودێریی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانن و بە چاودێریی خاچی سووری نێودەوڵەتی و دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستانیشەوە**

بە مادده هۆشبەرەکان لە ڕووی دەروونی و جەستەییەوە چارەسەریان بۆ دەکرێت، سەرەڕای کەمیی دەرمان و توێژەران، ڕێککەوتنمان لەگەڵ یەکێتیی زانایان کردووە کە هەفتانە سیمینارمان بۆ دەکەن لەگەڵ سزادراوەکان، لە هەموو شارەکان لە ئێستادا پلان و بەرنامەکانمان بە چڕ و پڕی دەست پێ کردووە و لیژنەکانمان پێك هێناوە، هەم بۆ کەمتەرخەمییەکان و هەم بۆ پێشخستنی خزمەتگوزارییەکان، تەنانەت لە کاتی بوونی هەر کەمتەرخەمییەکدا سزای کەمتەرخەممان داوە و لێپرسینەوەمان لەگەڵ کردووە، تا سزای گواستنەوەی ڕاژەکەشی جێبەجێ کردووە، تەنانەت ئامێری سۆنەرمان دابین کردووە، بۆ پشکنینی مادده هۆشبەرەکان و ئێستا هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو چاکسازییەکان نزیك بووەتەوە لە سفر و بارودۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە.

*** یەکێك لەو ڕێگەیانەی ژمارەی سزادراوەکانی ناو چاکسازییەکان کەم دەکاتەوە، یاسای لێبووردنی گشتیی بە مەرجە، ئایا لەم ڕووەوە هیچ هەنگاوێك نراوە؟**

- بۆ لێبووردنی گشتی وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای لێبووردنی گشتی و بەرزکردنەوەی بۆ پەرلەمان، لەم ڕووەوە لیژنەیەك پێك هێنرا و بەندە ئەندامە تێیدا، پرۆژە یاساکەمان ئامادە کرد و گەیاندمانە پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە پەرلەمان هەڵوەشایەوە و هەرێم کەوتە ناو فەراغێکی دەستوورییەوە، ئەمە ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی قەرەباڵغیی ناو چاکسازییەکان کەم بکەینەوە و هەلێکیش بدەینە ئەو سزادراوانەی حوکمەکانیان سووکە.

*** ئەی سەنتەرەکانی شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بە کوێ گەیشتووە؟ ئایا بڕیار وا نەبوو چەند سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر بکەنەوە لەپێناو چارەسەرکردنی تووشبووانی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان کە لە زۆر وڵاتدا وەکو نەخۆش و قوربانی سەیر دەکرێن؟**

- وەکو بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتی کارمان لەسەر کردنەوەی سەنتەری شیاندنەوەی ئالوودەبووانی ماددەی هۆشبەر کردووە، چونکە دواجار ئەو کەسانەی ئالوودەی ماددەی هۆشبەر بوون، نەخۆشن و پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە، بە سوپاسەوە ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی داوە سەنتەری شیاندنەوەی تووشبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە و لە سنووری پارێزگای هەولێر یەکەمین سەنتەر هەنگاوی بۆ دەنێین و ٤٠ کارمەند بۆ ئەو سەنتەرە دادەمەزرێنین، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ی مادده هۆشبەرەکان لە ماددەی ٧دا بە ڕوونی هاتووە کە سەنتەری چارەسەری و شیاندنەوە دروست بکرێت، لەگەڵ خودی دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر هێڵین و بە سوپاسەوە هاوکارمانە تاوەکو ئەو سەنتەرە بکەینەوە، لەگەڵ کونسوڵخانەی ئیماراتیش بینایەك لە شەقڵاوە ئامادە کراوە و داوامان لێیان کردووە، نۆژەنی بکەنەوە و ئامادە بکرێت، بەم نزیکانە کارەکانی تەواو دەبێت.

پێویستە لیژنەی باڵای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان فراوان بکرێت و بکرێتە ئەنجومەنی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و لە بەرزترین ئاستدا لە ئەنجومەنی وەزیران سەرپەرشتیی ئەو سەنتەرە بکەن، چونکە هەندێك جار بڕیاری سیاسیی یەکلاکەرەوە و تەمویلی پێویستە، لەبەر ئەوەی ئەمە تەنیا تاوانێك نییە کەسانێك ئەنجامی دەدەن و بازرگانیی پێوە دەکەن، بەڵکو دەبێتە هۆی لەناوبردنی گەنجەکانمان و شیرازەی خێزان و ئاشتیی کۆمەڵایەتی تێك دەدات و بگرە زیانی بۆ سەر ئینتمای نیشتمانییش هەیە، بە سوپاسەوە لە ڕووی ئەمنییەوە دەزگاکانی دژە تیرۆر و ئاسایش توانیویانە زۆر لەو بازرگانانە دەستگیر بکەن و باندە مەترسیدارەکانی مادده هۆشبەرەکان لەناو ببەن، لە کاتێکدا لە تەواوی ناوچەکەماندا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدار بڵاوە و تەشەنەی کردووە، بۆیە پێویستە پلان و بەرنامەکان فراوانتر بکرێت و بە هەمووان هاوکار بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی و چارەسەرکردنی ئەوانەشی بوونەتە قوربانیی ئەم مادده ژەهراوییە.

**وەزیری خوێندنی باڵا لەسەر داوای ئێمە بڕیاری دا کە خوێندن بۆ سزادراوان بێ بەرانبەر بێت**

**ئامێری سۆنەرمان دابین کردووە، بۆ پشکنینی مادده هۆشبەرەکان و ئێستا هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ ناو چاکسازییەکان نزیك بووەتەوە لە سفر و بارودۆخەکە لە ژێر کۆنترۆڵدایە**

**ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندیی داوە سەنتەری شیاندنەوەی تووشبووانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە و لە سنووری پارێزگای هەولێر یەکەمین سەنتەر هەنگاوی بۆ دەنێین و ٤٠ کارمەند بۆ ئەو سەنتەرە دادەمەزرێنین**



شێروان جەلال بەگ

بەڕێوەبەری شارۆچکەی هەریر بۆ گوڵان:

# هەریر بووە قەزا و دانیشتووانەکەشی چاوەڕوانی ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزارین

**هەریر و سنوورەکەی پێویستی بە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوە هەیە کە ئاو لە زێی بادینان بێنێت، ئەوەش بۆ ماوەی پەنجا ساڵ کێشەی کەم ئاوی چارەسەر دەکات**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بە قەزابوونی شارۆچکەی هەریری دەرکرد، بەمەش دانیشتووانی هەریر لە چاوەڕوانیی کۆمەڵێك پڕۆژەی خزمەتگوزاریدان، بەتایبەتی لە ڕووی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زار و فراوانبوونی ماستەرپلانی قەزاکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ شێروان جەلال بەگ بەڕێوەبەری شارۆچکەی هەریر سازدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** شارۆچکەی هەریر دەمێك بوو پێویستی بەوە بوو بایەخی زیاتری پێ بدرێت و ببێتە قەزا، ئەوە لە سەردەمی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەو بڕیارە درا و بوو بە قەزا، پرسیار ئەوەیە لە ساڵی چەندەوە هەریر بووە بە ناحیە و تاچەند بەقەزابوونی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان فراوان دەکات؟**

- لەم مێنبەرەوە کە گۆڤاری گوڵانی ئازیزە، سەرەتا دەمەوێت بە ناوی خۆم و هەموو دانیشتووانی هەریرەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ ئەو بڕیارەی کە ناحیەی هەریر کرا بە قەزا، ئەو فەرمانە بۆ دانیشتووانی هەریر بڕیارێکی مێژوویی و گرنگ بوو، چونکە هەریر لە ساڵی (١٩٢٣) بووە بە ناحیە و لە سەرەتا ناحیە لە گوندی باتاس بووە، پاشان لە پەنجاکانەوە بۆ هەریر گواستراوەتەوە و ژمارەی دانیشتووانەکەی بە شێوەیەکی نافەرمی بە گوندەکانیەوە زیاتر لە (٣٦)هەزار کەسە و لە سنووری ناحیەی هەریر (٤٦) گوند هەن، کە (٤٤) گوندیان ئاوەدانن، لەگەڵ بەقەزابوونی هەریر ناحیەی باسرمەش دەخرێتە سەر سنوورەکەی کە سەنتەری باسرمە و (٥٤) گوند لەخۆ دەگرێت و ڕووبەری هەر دوو ناحیەکە بە گشتی بە هەموو گوندەکانیشەوە کەپاش مەرسومی هەرێمایەتیی خۆی لە قەزای هەریردا دەبینێتەوە، ڕووبەرەکەی زیاتر لە(٢٥٥) هەزار دۆنمە، ئەگەرچی چەندین ساڵ پێشتریش بەپێی گرنگی و مێژووی شارۆچکەکە دەبوایە هەریر ببێتە قەزا، هەرچەندە پێشتریش کار و پڕۆژە بۆ هەریر و باسرمە کراوە، بەڵام ئەو پڕۆژانە بەپێی داواکاری و تمووحی ئێمە و دانیشتووانەکەی هەریر و باسرمە نەبووە، بەڵام بەئومێدین بە بڕیاری بەقەزابوونی، هەریر و ناچەکەی بووژانەوەیەکی باش بەخۆیەوە ببینێت لە هەموو ئاستەکان، بەتایبەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا، هاوکات لە بواری گەشتیاریش، چونکە لە سنووری هەریر چەندین شوێنەوار هەیە کە هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەپێدان و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ سنوورەکە، هەروەها لە بەرنامە و پلانی حکومەتدایە کە ناحیەیەکی تازەش بۆ ئەو سنوورە دابمەزرێت.

دەمەوێت بە ناوی خۆم و هەموو دانیشتووانی هەریرەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ ئەو بڕیارەی کە ناحیەی هەریر کرا بە قەزا

هەرچەندە پێشتریش کار و پڕۆژە بۆ هەریر و باسرمە کراوە، بەڵام ئەو پڕۆژانە بەپێی داواکاری و تمووحی ئێمە و دانیشتووانەکەی هەریر و باسرمە نەبووە

لە سنووری هەریر چەندین شوێنەوار هەیە کە هۆکاری سەرەکین بۆ پەرەپێدان و ڕاکێشانی گەشتیار بۆ سنوورەکە، هەروەها لە بەرنامە و پلانی حکومەتدایە کە ناحیەیەکی تازەش بۆ ئەو سنوورە دابمەزرێت

*** هەریر پێگەیەکی جوگرافیی گرنگی هەیە و هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە فڕۆکەخانەی سەربازیی لێ بووە و ئێستاش ئەم فڕۆکەخانەیە فراوانتر بووە و لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە بەکار دەهێنرێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، بۆچی پێگەی جوگرافیی هەریر لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە ئەوەندە گرنگە، ئایا ئەم پێگە جوگرافییە گرنگە نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم زیاتر فراوانبوونی شارۆچکەی هەریردا؟**

- پێگەی هەریر بەپێی ئەو شارەزایانەی لە هەرێمی کوردستان لە ڕووپێو کار دەکەن، ئەوە دەکەوێتە چەقی کوردستان، هەم بۆ بەستنەوەی سۆران بە هەولێر هەم بەستنەوەی بادینان (پارێزگای دهۆك) بە هەولێرەوە، سەبارەت بەوەی ئەو فڕۆکەخانەی لە هەریر هەیە بووەتە ڕێگر لە بەردەم بەرفراوانی و گەشەکردنی دانیشتووانەکەی، ڕاستە تا ڕادەیەك بووەتە ڕێگر، بەڵام بەو مەفهوومەی نا لە ١٠٠٪ بەڵکو ئێستا بەرنامەیەك هەیە کە فڕۆکەخانەی هەریر بکرێتە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی و لەوەی هەیە زیاتر بەرفراوانتر بکرێت، ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت، ئەوە زیانێکی زیاتر بە زەویی کشتوکاڵیی ناوچەکە دەگات، بەتایبەتی بە دیوی هەریر و باتاس، هاوکات ئەو دەشتەی پێی دەگوترێت دەشتی هەریر هەر هەمووی بەر بەرفراوانیی فڕۆکەخانەکە دەکەوێت، لەو کاتەدا بەرفراوانبوونی

**ئێستا بەرنامەیەک هەیە کە فڕۆکەخانەی هەریر بکرێتە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی و لەوەی هەیە زیاتر بەرفراوانتر بکرێت، ئەگەر ئەو بەرنامەیە جێبەجێ بکرێت، ئەوە زیانێکی زیاتر بە زەویی کشتوکاڵیی ناوچەکە دەگات**

**لە هەریر و سنوورەکەی و باتاس، برنج دەچێنرێت کە لە باشترینەکانی برنجی هەرێمی کوردستانە و وەک براندێک سەیر دەکرێت**

**لە پاش بەقەزابوون یەکێک لەو پڕۆژە و داواکارییانە و ئەولەوییەتی کارەکانمان دامەزراندنی کۆلێژێکی کشتوکاڵی، یان بە لانی کەمەوە پەیمانگەیەکی کشتوکاڵی دەبێت بۆ هەریر**

**یەکێک لە کێشە هەرە گەورە و بەرچاوەکانی هەریر ئەوەیە کە هیچ ماستەرپلان و نەخشەیەکی بنەڕەتیی نییە، بەڵکو ئەو ئاوەدانی و بەرفراوانییەی هەیەتی، هەر هەمووی بە هەڕەمەکی و زێدەڕۆیی دروست بووە**

هەریر کە زیاتر بۆ ئەو دەشتەیە بەرتەسك دەبێتەوە، ئەگەرچی لەو کاتەی فڕۆکەخانەکە بەشی مەدەنیی تێدا بکرێتەوە، ئەوە دەبێتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و گەشەکردنی ئابووریی ناوچەکە.

*** دەشتی هەریر یەکێکە لە دەشتە بەناوبانگەکانی کوردستان و عێراق بۆ کشتوکاڵ، هەروەها ژینگە و کەشوهەوای ناوچەکەش لەبارە بۆ پڕۆژەی زۆر گەورەی کشتوکاڵی بە هەموو سێکتەرەکانیەوە، وەك (کشتوکاڵی کێڵگەیی، ڕەزگەری، بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ و تەنانەت پەروەردەکردنی ماسی) پرسیار ئەوەیە بۆچی پڕۆژەی زۆر گەورەی کشتوکاڵی لەو ناوچەیە وەبەرهێنانی تێدا ناکرێت؟**

- لە هەریر و سنوورەکەی و باتاس، برنج دەچێنرێت کە لە باشترینەکانی برنجی هەرێمی کوردستانە و وەك براندێك سەیر دەکرێت، هاوکات لە گەنمیش هەریر و ناوچەکە یەکێکە لە زەوییە بەپیت و بەرەکەتەکان، بەڵام لەو کاتەی کە هەریر دەبێتە قەزا، ئەوە گرنگی و کاری زیاتر و جددیتری بۆ ئەنجام دەدرێت، بەوەش کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییش زیاتر گەشە دەکات، بەخێوکردنی ماسییش پێویستی بە ئاوی زۆرە، هەرچەندە پێشتر ئەو ناوچەیە ئاوی زۆر بووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی وشکەساڵی و کەمیی پۆنت و نەبوونی بەنداوەوە گرنگی زۆر بەو سامانە گرنگە کە ماسی بەخێوکردنە نەدراوە.

*** لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە ناوچەیەکی کشتوکاڵیی بەپیت و بەرەکەتە، ئایا داواتان نەکردووە، یان لە بەرنامەتاندا نییە، بۆ نموونە کۆلێژی کشتوکاڵی یان پەیمانگەیەکی کشتوکاڵی لە هەریر دابمەزرێت؟**

- یەکێك لە داواکارییەکانی ئێمە و ئەو بەڕێزانەی پێشتریش لە ئیدارەی ناحیەی هەریر بوون، دامەزراندنی کۆلێژێکی کشتوکاڵی، یان پەیمانگەیەکی کشتوکاڵی بووە، چونکە دەشت و سنووری هەریر لە ڕووی ڕووبەری کشتوکاڵی و بەپیت و بەرەکەتی پاش شارەزوور دووەم شوێنە لە بەناوبانگی و بەرفراوانی، ئەگەرچی بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویست و دەرفەت ئەوە نەگونجاوە، بەتایبەت لەبەر ئەوەی ناحیەش بووە ئەو پڕۆژە گرنگە زانستییە ئەکادیمییەی بۆ نەکراوە، لە پاش بەقەزابوون یەکێك لەو پڕۆژە و داواکارییانە و ئەولەوییەتی کارەکانمان دامەزراندنی کۆلێژێکی کشتوکاڵی، یان بە لانی کەمەوە پەیمانگەیەکی کشتوکاڵی دەبێت بۆ هەریر.

*** لە کابینەی نۆیەمدا لە بەشی زۆری ناوچەکانی کوردستان دەست کراوە بە دروستکردنی بەندا و پۆند، ئەوجا بە گلدانەوەی ئاوی باران بێت، یان سەرچاوەیەکی ئاو، ئایا هیچ پڕۆژەیەکی بەنداو یان پۆند لە بەرنامەدا هەیە لە هەریر جێبەجێ بکرێت؟**

- لە ئێستادا پۆندێك لە گوندی بەربیار هەیە و پۆندێکی دیکە ڕەزامەندیی لەسەر دراوە، بەڵام لەسەر شوێنی دروستکردنەکەی هەندێك کێشە هەیە کە ڕەزامەندیی بۆ دەرچوو لە گوندی خرە بوو، لەوێ کێشەی موڵکداریی لەسەر بوو و تا ئێستا ماوەتەوە کە لە کوێ دروست دەکرێت، هەر چەندە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی هەولێر دوو سێ شوێنمان بۆ دەستنیشان کردووە و لە هەوڵ و کاردایین ئەو پۆندە لە هەر شوێنێك ئاوی زۆرتر بێت و گونجاو بێت، دروست بکرێت، یەکێك لە کار و ئەولەوییەتەکانی من ئەو جۆرە پڕۆژانەیە، چونکە پۆند و بەنداویش سوودێکی یەکجار زۆری بۆ زیادبوونی ئاوی ژێر زەوی و بۆ برەودان بە کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ماسی دەبێت.

*** هەریر بە قەدپاڵی کۆمەڵێك چیای سەرکەشەوەیە، بەڵام چیاکانی دەوروبەری هەریر وەك سەرنج دەدەین لە بواری گەشتیاریدا وەبەرهێنانی تێدا نەکراوە، ئایا کێشەی ئاوتان هەیە؟ مەبەستمان ئەوەیە لەسەر ئەو چیایانە ئاو نییە، یان کێشەی ڕێگەوبانتان هەیە؟**

- هەریر ژمارەیەك شوێنەوار و شوێنی مێژوویی هەیە کە دوو تا سێیان دەکەونە قەدی چیای بنی هەریر، لەوانە قەڵای خانزاد و دەرگای کافران و گردێك لە دەشتی هەریر هەیە کە پێی دەگوترێت گردی تەڵی، یەکێك لەکار و بەرنامەکانمان بریتییە لەوەی ئەگەر لە ڕێگەی حکومەتیشەوە نەبێت، لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی کە گرنگی بە شوێنەوار و گەشتیاری دەدەن، کار و پڕۆژە لەسەر ئەو شوێنەوار و شوێنە مێژووییانەی سنوورەکە بکەین، لە ڕووی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی شوێنەوارەکان بۆ سوودوەرگرتن تێیاندا لە بواری گەشتیاریدا.

*** ئایا هەریر ماستەرپلانی ئاوەدانیی هەیە و لە ڕووی ئاوی خواردنەوەوە پڕۆژەی ستراتیژیتان بۆ کراوە؟**

- یەکێك لە کێشە هەرە گەورە و بەرچاوەکانی هەریر ئەوەیە کە هیچ ماستەرپلان و نەخشەیەکی بنەڕەتیی نییە، بەڵکو ئەو ئاوەدانی و بەرفراوانییەی هەیەتی، هەر هەمووی بە هەڕەمەکی و زێدەڕۆیی دروست بووە، هەر بۆیە داوامان کردووە لانی کەم نەخشەی بنەڕەتی و کەرتی بۆ هەریر دروست بکرێت، بەپێی ئەو واقیعەی هەیەتی و بکرێتە بووە، بۆ چارەسەری ئاوی خواردنەوەش داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە، پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوەی ستراتیژیمان بۆ بکرێت، کە ئاو لە زێی بادینانەوە بۆ هەریر و باسرمە و گوندەکانی دەوروبەریان بهێنێت، بە جێبەجێکردن و تەواوبوونی ئەو پڕۆژەی ئاوە ئەو ناوچە و شوێنانە بۆ ماوەی پەنجا ساڵ کێشەی کەمئاوییان ڕووبەڕوو نابێتەوە.

*** ئایا لە بواری ڕێگەوبان و نەخۆشخانەی قەرەوێڵەییەوە چیتان پێویستە؟**

- لە ڕووی ئەو خزمەتگوزارییەوە تا ئێستا

**لە چەند ساڵی ڕابردوود بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەیی بۆ هەریر دانراوە، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە**



نەخشەیەکی بنەڕەتی، ئێستا پلان و بەرنامە هەیە کە هەریر ئەو کار و پڕۆژە گرنگەی بۆ بکرێت، وەك هەموو شوێن و دەڤەرێك هەریریش بەدەر نییە لە کێشە و گرفتی کەمئاوی، ئەگەرچی نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا شارەزایانی جیۆلۆجی کە دەهاتنە هەریر دەیانگوت خەڵك چۆن دەتوانێت لەسەر زەویی ئەو ناوچەیە بژی، چونکە ئاوی ژێر زەوی زۆر نزیك بوو لەسەر زەوی، بیر هەیە کە سێ ئینج ئاوی دەهێنا، بە ٢٤مەتر گەیشتووەتە ئاو، بەڵام لە کاتی ئێستادا لە هەمان شوێن بە (٢٥٠) مەتر قووڵی ناگاتە ئاوی ژێر زەوی، کە ئەمە دەیسەلمێنێت ئاستی ئاوی ژێر زەوی لە هەریریش زۆر دابەزیوە، هەر بۆیە کێشەی کەمئاویی لە هەریریش دروست کاری باش لە سنوورەکە جێبەجێ کراوە، بەڵام هەندێك کەموکووڕیی بەرچاو هەیە و پێویستە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەویش بەجووتسایدکردنی ڕێگەی نێوان هەریر بۆ گوندی گوڵەك و جووتسایدی هەریر بۆ گوندی خڕواتان، کە ئەم دوو جووتسایدە جگە لەوەی دەبێتە جوانکارییەك بۆ ناوچەکە و کێشەی ترافیك و ڕووداوەکانیش تا ئاستێکی زۆر ناهێڵێت، لە لایەکی دیکەوە لە ناو سەنتەری هەریر لە چەندین شوێن پێویستمان بە شەقام و قیرتاو و کۆنکریتکردن و ئاوەڕۆ هەیە، سەبارەت بە نەخۆشخانە، لە چەند ساڵی ڕابردوود بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەیی بۆ هەریر دانراوە، بەڵام تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

**نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا شارەزایانی جیۆلۆجی کە دەهاتنە هەریر دەیانگوت خەڵك چۆن دەتوانێت لەسەر زەویی ئەو ناوچەیە بژی، چونکە ئاوی ژێر زەوی زۆر نزیك بوو لەسەر زەوی**

# بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە نێو ئافرەتان و نەوجەوانان زەنگی مەترسیی لێ داوە



**پرسی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش بازرگانیکردن و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەڵکشانێکی مەترسیداردان، تەنانەت ڕێژەیەکی ئافرەتان و نەوجەوانان ئالوودە و گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر بوون. بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، کۆمەڵێك ڕێككەوتننامەی نێودەوڵەتی هەن، لەسەر ئاستی عێراق یاسای ژمارە ٥٠ی ساڵی ٢٠١٧ و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠مان هەیە. لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵاندا یاساناس و توێژەران خوێندنەوەی زیاتری پرسەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی قسەکانی پەیام فەتحوڵڵا ڕەسوول، بەڕێوەبەری پلاندانان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاکسازی و کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، لە ئێستادا لە چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان ٥٠٥٣ سزادراو هەن، (١٠٣٨) سزادراوی ماددەی هۆشبەرن بە هەردوو جۆری (بەکارهێنەر و بازرگانی) لەمانە ٤٤٩ کەس بە تاوانی بازرگانیکردنی ماددەی هۆشبەر سزا دراون، ٥٨٩ کەسیشیان بە تاوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، لە ناو سزادراوەکانیشدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و منداڵی خوار هەژدەساڵیش هەیە.



بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە ساڵی ٢٠١٩ ژمارەی ئەو کەسانەی لە عێراق لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیر کراون ٦٠٧٤ کەس بووە.

- ئەم ڕێژەیە هەر لە عێراق لە ساڵی ٢٠٢٠ بەرز بووەتەوە بۆ ٧٥١٤ کەس کە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون.
- لە ساڵی ٢٠٢١ گەیشتووەتە ١٢٠٠٠ زیندانی و لە ساڵی ٢٠٢٢ گەیشتووەتە ١٦٠٨٥ کەس، کە لەسەر ماددەی هۆشبەر زیندانی کراون.
- تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣ش ١٠٠٠ کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە عێراق گیراون.



- لەم ژمارانە ٦٠٪ بازرگان بوون، تەمەنیان لە نێوان ١٨-٣٠ ساڵ بووە، ٥٠٠ کەسیشیان تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵی بووە و ٢٠یشیان ئافرەت بوون.

یاساناس زانا نەبەز، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ماددەی هۆشبەر بە بێدەنگترین تیرۆری سەردەم پێناسەی بۆ کراوە کە بووەتە چەکێك لە ئێستادا بۆ مەرامی سیاسی لە نێوان وڵاتان بەکاردەهێندرێت، کە کار دەکاتە سەر ئاسایشی وڵات و هیوا و ئاواتی تاك لە کۆمەڵگە بەرەو داڕووخان و لەناوچوون دەبات». هاوکات دەڵێت: «ماددەی هۆشبەر، یان کارتێکارە ئەقڵییەکان کە لە زۆر ڕوانگەوە پێناسە و ناساندنیان بۆ کراوە، بە گشتی وای دادەڕێژین کە گشت ئەو ماددە خاوانەن، یان ئامادەکراوە کیمیاییانەن کە تایبەتمەندن بە بواری پزیشکی و باری ڕاهاتن بونیاد دەنێن لەسەر جەستە و دەروونی مرۆڤ کە پۆلێنی دەکەین بۆ سێ بەش: هیمنکەرەوەکان، وریاکەرەوەکان، هەڵوەسەهێنەرەکان، کە بڵاوبوونەوەیان هەڕەشەیەکی جددی و ترسناکن بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر نییە لە شاڵاوی ئەو مەترسییەی کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆشبەرەکانەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەم دواییانە زیاتر هەست بە بڵاوبوونەوەی ئەم ماددانە دەکرێت، کە هۆکارە سەرەکییەکە دەگەڕێنمەوە بۆ سەر دۆخی تاك کە پەنای بۆ دەبات، لە کاتی دۆخی خراپی خۆیدا و هەوڵ دەدات خۆی پێ ئارام بکاتەوە، کە چی ڕووبەڕووی هەزاران دۆخی نەخوازراوی دەکاتەوە، وای لێ دەکات لە کۆمەڵگە دابڕێت و هەست و سۆزی بەرانبەر بە خانەوادەکەشی لەدەست دەدات»، گوتیشی: «هەوڵدانی هێزی ئەمنییەکان جێگەی دەستخۆشییە و ڕوونە بۆ گشتمان کە هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ماددە هۆشبەرەکان و ئەو لادانە لە ڕەوشت و بەهاکان، بەڵام هێزی یەکگری خەڵك وەك پێویست نابینم بۆ یارمەتیدانی هێزە ئەمنییەکان» هۆکاری دیکەش زۆرن، لەوانە: بڵاوبوونەوەی فیلمە بیانییەکان کە ئاماژە و بەکارهێنانی ئەم ماددانە لە دیمەنەکانی دەبیندرێن، هەروەها بێکاری و لە کاتی وەستانی خوێندن کە پێویست دەکات ئەم

**ماددەی هۆشبەر بە بێدەنگترین تیرۆری سەردەم پێناسەی بۆ کراوە کە بووەتە چەکیک لە ئیستادا بۆ مەرامی سیاسی لە نێوان وڵاتان بەکاردەهێندرێت**

**هەوڵدانی هێزی ئەمنییەکان جێگەی دەستخۆشییە و ڕوونە بۆ گشتمان کە هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ماددە هۆشبەرەکان و ئەو لادانە لە ڕەوشت و بەهاکان**

**لە کابنیەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا کاری باش کراوە بۆ ڕێگری و نەهێشتنی دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کە گرنگترینی کردنەوەی سەنتەری چارەسەرە بۆ ئالوودەبووان**

**پێویستە جگە لە حکومەت، مامۆستایانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی ناحکوومی وێنای ئەم دۆخە مەترسیدارە بکەن و بە خەڵکی نیشان بدەن**

**کێشەی ئالوودەبوون و هەڵکشانی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، بووەتە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی**

**لێکترازانی باوان و پەرتەوازەبوونی خێزان و هاوڕێیکردنی کەسانی خراپ و دوور لە بەها جوانەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەر**

**پێویستە لایەنەکانی پەیوەندیدار کۆك بن لەسەر هەماهەنگیکردن و کارکردنی جددی و گرنگیدان بە توێژینەوەی کۆمەڵناسان، بۆ ئەوەی پەنجە لەسەر برینەکان دابنرێت و تا ڕاددەیەک بتوانین لەو تیرۆرە سپییە ڕزگار بین**

پشووە هەڵبقۆزرێتەوە بۆ ڕۆشنبیرکردنی زیاتر، بەڵام بەداخەوە وا وێناکەی دەبینین کە هەرزەکارەکان زیاتر هەلیان بۆ ڕێك دەکەوێت و بە زیاتر تێکەڵبوون بە خەڵك و چوونە شوێنە گشتییەکان، تووشی ئەو ئالوودەبوونە دەبن، هەروەها کێشەی نێوان خێزانەکان بەتایبەتی دایك و باوك، هەل بۆ منداڵە هەرزەکارەکان دەڕەخسێنێت و وایان لێ دەکات، پەنا بۆ ماددەی هۆشبەر ببەن، گرنگتر لە هەموو شتێك هاتنی هاووڵاتی بیانی بۆ کوردستانە، بە تایبەت لە ئێرانەوە کە وەك پەنابەرن، یان بۆ کارکردن لە کوردستان ئیقامەیان پێ دەدرێت، ئەوان زۆربەیان ئاشنابوونێکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ ئەو ماددە هۆشبەرانە بە هۆی زۆریی بەکارهێنەر لە وڵاتەکەیان، تورکیا و ئەفغانستان و عێراقیش بە هەمان شێوەن. بۆیە جگە لە هەوڵدانی ڕێکخراوەی دەزگا فەرمییەکانی کوردستان، بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە سەرکەووتوو نەبوون».

ئەو یاسانامە ئەوەشی دووپات کردەوە کە «لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستاندا کاری باش کراوە بۆ ڕێگری و نەهێشتنی دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، کە گرنگترینی کردنەوەی سەنتەری چارەسەرە بۆ ئالوودەبووان، بەڵام ڕێگەی دیکەی چارەسەریش هەن، لەوانە بەدواداچوونی بەردەوام لەسەر کەسی تووشبووی چارەسەرکراو بۆ ماوەی شەش مانگ تا دوو ساڵ لە سەرەتای دەستپێکردن بە چارەسەرکردنی، تا کۆتا ڕۆژی چارەسەرکردنەکەشی پێویستە چارەسەرکردنی دەروونیی کەسەکە و لایەنی کۆمەڵایەتی بە هەند وەربگرن، ئەمەش بە زانینی کێشەی ناو خێزان و هۆکاری بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکە چارەسەر دەکرێت، سەرەڕای لایەنی یاسایی کە بۆ بنبڕکردنی ئەم ئالوودەبوونە سزای دیاری کردووە».

گوتیشی: «پێویستە جگە لە حکومەت، مامۆستایانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی ناحکوومی وێنای ئەم دۆخە مەترسیدارە بکەن بە خەڵکی نیشان بدەن، هەروەها پێویستە وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی ناوەندەکانی خوێندن لە ئاستی سەرەتاییەوە تا دواقۆناغی خوێندن کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی قوتابییان بەرانبەر بە ماددەی هۆشبەر بکات، کە ئەوانە لە داهاتوو جڵەوی کۆمەڵگە دەگرنە ئەستۆ، بە هیوای تەندروستبوونی کۆمەڵگەی کوردی».

دیمەن محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتییە و یەکێکە لەو هەزاران کەسەی کە بە بڵاوبوونەوەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەر نیگەرانە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «کێشەی ئالوودەبوون و هەڵکشانی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر، بووەتە مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و لەسەر ژیانی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە وەك چەکێکی شاراوەیە کە بە هێواشی ئەندامانی کۆمەڵگە لەناو دەبات. لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونیشەوە بووەتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، بە جۆرێك کۆنترۆڵکردنی ئەستەم بووە و بەرەو هەڵکشان دەچێت و خەریکە دارمانی کۆمەڵگەی لێ دێتە کایەوە».

وەك ئەو توێژەری کۆمەڵایەتییە باسی کرد، بەپێی چەندین توێژینەوە کە کۆمەڵناسان ئەنجامیان داوە، هۆکارگەلێك هەن کە بوونەتە هۆی هەڵکشان و زۆربوونی ئەو دیاردەیە، وەك کرانەوەیەکی بێ بەرنامە و بێ سنووری کۆمەڵگە و تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەکانی دی لە ڕێگای سۆشیال میدیا و گواستنەوەی دابونەریتە ناباوەکان بۆ ناو کۆمەڵگە، لە لایەکی دیکەوە بارودۆخی خێزانی و کۆمەڵایەتیی نەگونجاو و شڵەژاو وەك لەدەستدانی کۆنترۆڵی باوان لەسەر منداڵ و هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتیی باوان بەرانبەر منداڵەکانیان و فەرامۆشکردنیان و نەمانی پەیوەندی جوانی نێوان ئەندامانی خێزان و کۆنەبوونەوەی ئەندامانی خێزان لەسەر یەك مێز و سفرەی خێزان و ئاگاداربوون لە ڕەوش و داواکاری و کێشەکانی یەکتر، هەروەها لێکترازانی باوان و پەرتەوازەبوونی خێزان و هاوڕێیکردنی کەسانی خراپ و دوور لە بەها جوانەکان، هۆکاری سەرەکین بۆ دیاردەی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەر، گوتیشی: «زۆربوونی کافتریا و یانە شەوانەکان وای کردووە، نەتوانین کۆنترۆڵی بەکارهێنەرانی ماددە هۆشبەرەکان بکەین. بۆ کۆنترۆڵکردن و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و دیاردە مەترسیدارە پێویستە لایەنەکانی پەیوەندیدار کۆك بن لەسەر هەماهەنگیکردن و کارکردنی جددی و گرنگیدان بە توێژینەوەی کۆمەڵناسان، بۆ ئەوەی تا پەنجە لەسەر برینەکان دابنرێت و تا ڕاددەیەك بتوانین لەو تیرۆرە سپییە ڕزگار بین. ناکرێت ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مامۆستایانی ئایینی و مینبەرانی ئایینیش لەو بوارەدا لە یاد بکەین».

عوبێد گۆمەشینی توێژەر و ڕۆژنامەنووسە و ئەویش ڕای وایە «هەڵکشانی ڕاددەی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یەکێکە لەو



مەترسییە گەورانەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەگشتی بووەتەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەناو ئەو وڵاتانەش عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەم مەترسییە هەڕەشەیەکی ستراتیژی و فرەڕەهەندەی جۆراوجۆرە، نەك تەنیا ئاسایشی تاك، بەڵکو ئاسایشی نیشتمانی و نەتەوەیی و مانەوەی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگەش دەخاتە مەترسی و بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ، هەرێمی کوردستان کێشەی ماددەی هۆشبەری تا ئاستێکی بەرچاو کەمترە و هەڕەشەکانیشی کەمترە، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم بابەتە جێی باخ و گرنگپێدانی پسپۆڕان و توێژەرانی کۆمەڵایەتی نەبێت. هەرێمی کوردستان بەر لە ساڵانی ١٩٩٠ و دواتریش یەکێك بوو لەو ناوچانەی پاکترین و جوانترین ناوبانگی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەبوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین و ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەهۆی هاتنە ناوەوەی چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و هەرێمی و تێکەڵبوونی ناوچەکە بە پەیوەندییە بازرگانییەکان، خەڵکانێکی بازرگان و سەرمایەدار هەوڵیان دا ئەو پەیوەندییە بازرگانییە بقۆزنەوە، لە ژێر بیانووی پەیوەندیی بازرگانی و هێنانە ناوەوەی کەلوپەل و دەرمان و کەرستەوە، ڕێگە خۆش بکەن بە دزییەوە بابەتی ماددەی هۆشبەر بخەنە نێو بابەتە بازرگانییەکانیان، ئەمەش وای کرد، بە چەندین ڕێگە و شێواز بیخەنە ناو کۆمەڵگە، بەتایبەتی لەنێو توێژی هەرزەکار و گەنجان تەشەنە بکات، ڕۆژانە گوێمان لێ دەبێت لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشەوە دەست بەسەر بڕێك لە ماددەی هۆشبەردا گیرا، یان چەندین کەس بە تۆمەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستبەسەر کران».

سەبارەت بە هۆکاری تەشەنەکردنی ئالوودەبوون و بەرکارهێنانی ماددەی هۆشبەری بەو خێراییە گەڕاندەوە بۆ «ئاسانیی هێنانە ناوەوەی بۆ ناو کۆمەڵگە، دەستکەوتنی قازانجی زۆر و بە ئاسانی و لە ماوەیەکی کورتدا دەوڵەمەند بوون، بێ هێزیی بنەما ڕەوشتی و ویژدانی و ئایینییەکان، لای کەسانی نەفس نزم کە بە لایانەوە ئاساییە هەموو کۆمەڵگە لەناو ببەن، لە پێناو دەستکەوتنی بڕێك پارە و قازانجێکی ماددی، ئەوەش لە ڕێگەی تەڵەنانەوە بۆ گەنجانی ناشارەزا و کەم ئەزموون بە هۆی بێکاری، یان نەزانی، یان هاوڕێی خراپ و کەسانی دەوروبەریەوە کە لە خشتە دەبرێن، بەتایبەت لە ناوەندەکانی خوێندن و زانکۆ و کافتریا و بازاڕەکان، کە بە دزییەوە کاری بازرگانی پێوە دەکرێت، بەتایبەتی بێ ئاگابوون و کەمتەرخەمی خێزان لە پەروەردەکردن و چاودێریکردنی منداڵەکانیان وا دەکات، هەرزەکار و گەنجان ڕووبەڕووی ئەو مەترسییە ببنەوە، بۆیە پێویستە ڕۆڵی ڕێنماییکارانی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندن لە قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکان چالاك بکرێت، بۆ ئەوەی ڕێنمایی پێویست پێشکەش بە قوتابی و خوێندکار بدەن، کە خۆیان بە دوور بگرن لە وەرگرتنی حەب، یان جۆرە خواردنێك لە کەسانی نەناسراو و هاوڕێی خراپ، پێویستە چاودێریی توند لەسەر کەسانی ئالوودەبوو دابنرێت».

**بەراورد بە وڵاتانی دراوسێ، هەرێمی کوردستان کێشەی ماددەی هۆشبەری تا ئاستێکی بەرچاو کەمترە و هەڕەشەکانیشی کەمترە**

**هەرێمی کوردستان بەر لە ساڵانی ١٩٩٠ و دواتریش یەکێك بوو لەو ناوچانەی پاکترین و جوانترین ناوبانگی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەبوو**

سەرگوڵ کەریم:

# بە هۆی سەختیی گوزەرانمان دەستم بە کار کرد، بۆ ئەوەی منداڵەکانم بە سەربەرزی بەخێو بکەم



**لە هەمـوو بـارودۆخ و سـەردەمێكدا ئافـرەت هەمیشـە هـاوكار و یارمەتیـدەری هاوژینەكـەی بـووە و لە ڕۆژە سەختەكاندا دەستباری ژیانی لەگەڵدا گرتووە، وێڕای ئەركەكانی خۆی لە بەڕێوەبردنی مـاڵ و دایكایەتیـدا لـە ڕاپەڕاندنـی ئەركـی هاوژینەكەشـی هاوبەشـی كـردووە. سـەرگوڵ كەریـم خانمـە شـێفێكی دانیشـتووی شـاری سـلێمانییە، نزیكـەی سـاڵ و نیوێكـە لەگـەڵ هاوسـەرەكەی خواردنگەیەكیـان كردووەتـەوە، لـە خواردنگەكەیاندا هەمـوو جۆرە خواردنێك پێشكەش بە كڕیارەكانیـان دەكـەن و هێماكانـی سەركەوتنیشـی بـۆ خوێنەرانـی گۆڤـاری گـوڵان دەخاتـە ڕوو.**

## گوڵان: كۆمەڵایەتی

سـەرگوڵ كەریـم، سـاڵی ١٩٧٤ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایـك بـووە، دایكـی پێنـج كـچ و كوڕێكـە، تـا پۆلـی سـێی ناوەنـدی خوێنـدووە، وەك خـۆی باسـی دەكات، بـە هـۆی نەخۆشـكەوتنی دایكـی نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، لـە ئێسـتادا لـە جووتسـایدی هـەواری شـار لـە سـلێمانی چێشـتخانەیەكی بـە هاوكاریـی هاوسـەر و كوڕەكـەی كردووەتـەوە و ڕۆژانـە هەمـوو جـۆرە خواردنێـك ئامـادە دەكات و توانیویەتـی سـەرنجی كڕیارەكانـی ڕابكێشـێت.

ئـەو خاتوونـە دەسـتڕەنگینە ئەزموونـی خـۆی وەكـو خانمێكـی خـاوەن پیشـە بـۆ خوێنەرانـی گۆڤـاری گـوڵان بەمجـۆرە بـاس دەكات: «بەیانیـان سـەعات شـەش و نیـو دەچمـە سـەركار تاوەكـو هەشـتی ئێـوارە، هەمـوو چێشـتەكان لـێ دەنێـم، دڵخۆشـم بـە كارەكـەم، چونكـە چێشـتلێنان و كاركردنـی چێشـتخانەم زۆر بـەلاوە خۆشەویسـتە، بـە هـۆی سـەختیی گوزەرانمـان دەسـتم بـە كاركـردن كـرد، بـۆ ئـەوەی منداڵەكانـم بـە سـەربەرزی بەخێـو بكـەم، بـۆ ئـەوەی بـاری شـانی هاوسـەرەكەم كەمێـك سـووك بكـەم و ببمـە یارمەتیدەرێـك بـۆ ئـەو كارم كـرد، چونكـە هاوسـەرەكەم بەتەنیـا نەیدەتوانـی بژێـوی خێزانێكـی گـەورە بـە ئاسـانی پەیـدا بـكات، سـوپاس بـۆ خـوای گـەورە لـە ئیشـەكەم سـەركەوتوو بـووم و بـووم بـە خاوەنـی داهاتـی خـۆم و پێداویسـتی مـاڵ و منداڵەكانـم دابیـن بكـەم، لـە كارەكانـی خواردنگەكەمـان هاوسـەرم و كوڕەكـەم هاوكاریـم دەكـەن».

سـەرگوڵ كەریـم ڕاشـكاوانە دەڵێـت: «لـە پۆلـی سـێی ناوەنـدی وازم لـە خوێنـدن هێنـا، ئەویـش بەهـۆی ئـەوەی دایكـم ئـەو كات تووشـی نەخۆشـییەكی سـەخت بـوو و كەوتـە سـەر جێگـە، منیـش كچـی گـەورەی مـاڵ بـووم، خوشـك و بـرای وردم هەبـوو، لەبـەر ئـەوە بـە ناچـاری دەسـتبەرداری خوێنـدن بـووم، چونكـە خزمەتكردنـی دایكـم و بەڕێوەبردنـی مـاڵ لـە خوێندنەكـەم گرنگتـر بـوو، سـوپاس بـۆ خـوا ئێسـتاش خاوەنـی كار و بزنێسـی خۆمـم، وادەزانـم كۆلێـژم تـەواو كـردووە و خاوەنـی بڕوانامـەی بەرزم، شـانازی بـە خـۆم و بـەو خاتوونانـە دەكـەم كـە لـە ئێسـتادا بوونەتـە خاوەنـكاری خۆیـان و هـەر یەكەیـان لـەو بـوارەی كـە بەهرەیـان هەیـە كار دەكـەن، دەسـتخۆشییان لـێ دەكـەم و پێیـان دەڵێـم كاركـردن شـەرەفێكی گەورەیـە».

سـەرگوڵ كەریـم ڕای وایـە «بـۆ دابینكردنـی ژیانێكـی خۆشـتر و باشـتر دەبێـت ژن و پیـاو هاوشـانی یەكتـر كار بكـەن، هـاوكات دەڵێـت: «دەبێـت ئێمـەی ئافـرەت ئـەو ڕێچكەیـە بشـكێنین كـە ئافـرەت هەر كابانـی مـاڵ بێـت و چاوەڕێـی دەسـتی پیـاو بێـت. مـن بـەش بـە حاڵـی خـۆم وەكـو پشـتگیرییەك بـۆ كاركردنـی خانمـان و بوونیـان بـە خـاوەن گیرفانـی خۆیـان، حـەز دەكـەم دەسـتی چەنـد ئافرەتێـك بگـرم و بیانهێنمـە نـاو كارەكـەم، بـەڵام بەداخـەوە داهاتـی كارەكـەم بـە زۆر بەشـی كرێـی دووكان و ئـاو و كارەبـا و مۆلیـدە دەكات، لێـرەوە داواكارم لـە حكومـەت كـە هاوكارمـان بێـت و لـە پـارەی كارەبـا و وەرگرتنـی بـاج، ئەگـەر نەشـمان بەخشـێت، بـا داشـكاندنمان بـۆ بـكات، چونكـە نەبوونـی و بـێ ئیمكانیاتـی ناچـاری كاركردنـی كردوویـن، مـن مـاوەی ٣٠ سـاڵە هاوسـەرگیریم كـردووە و تاوەكـو ئەمـڕۆش كرێچیـم».

**هاوسەرەكەم بەتەنیا نەیدەتوانی بژێوی خێزانێكی گەورە بە ئاسانی پەیدا بكات**

**سوپاس بۆ خوای گەورە لە ئیشەكەم سەركەوتوو بووم و بووم بە خاوەنی گیرفانی خۆم و پێداویستی ماڵ و منداڵەكانم دابین بكەم**

**شانازی بە خۆم و بەو خاتوونانە دەكەم كە لە ئێستادا بوونەتە خاوەنكاری خۆیان و هەر یەكەیان لەو بوارەی كە بەهرەیان هەیە كار دەكەن**

**دەبێت ئێمەی ئافرەت ئەو ڕێچكەیە بشكێنین كە ئافرەت هەر ژنی ماڵ بێت و چاوەڕێی دەستی پیاو بێت**

# نەوید محەمەدزادە لە (ئەکتۆر) دەدرەوشێتەوە

مەنسوور جیهانی

زنجیرە درامای ئەکتۆر(The Actor)لە دەرهێنانی نیما جاویدی، لە بەرهەمهێنانی مەجید موتەلیبی و بە ڕۆڵ بینینی نەوید محەمەدزادە کە ئەم ئەکتەرە بەناوبانگە کوردە براوەی خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی بەشی پێشبڕکێی ئاسۆکانی لە حەفتاو و چوارەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ڤێنیسیا (Venice) لە وڵاتی ئیتاڵیایە، بە یەکێك لەو بەرهەمانە دادەنرێت کە بەم دوایانە توانیوییەتی لە چەندین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی لە بواری زنجیرە درامادا خەڵات و سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت.

ئەم زنجیرە درامایە، بە بنەمایەکی نوێوە دنیای شانۆی بە ژیانی ڕاستەقینە گرێداوە، کە زۆربەی خەڵکی ئەزموونی دەکەن و لە هەر بەشێکدا، چیرۆکێکی نوێی دەگێڕێتەوە، کە هەندێك لەوان وەکو ژیان و ڕووداوەکانیەتی.

«ئەکتۆر بە چەند چیرۆکێکی جیاجیا سەربوردەی ژیانی دوو ئەکتەری شانۆ دەگێڕێتەوە و تێیدا نەوید محەمەدزادە و ئەحمەد میهرانفەڕ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، باس لە خەبات و هەوڵی ئەو دوو هونەرمەندە دەکات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بە نواندنی ڕۆڵە جۆراوجۆر لە هەر چیرۆکێکدا، ڕووداوگەلێك





دەنەخشێنن. هەندێك جار دەچنە قاڵبی کەسێك کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەرە بۆ ئەوەی بزانێت کچەکەی گیرۆدە بووە یا نا و هەندێك جاریش لەسەر داوای زاوایەك، وەکو دوو دز کەشوهەوایەکی خافڵگیریی بۆ خوازبێنییەکی هەست بزوێن دەڕەخسێنن.

ئەوان لە تەواوی ئەم ڕۆڵانەدا بە میکیاج و کارەکتەری جیاوازەوە دەردەکەون کە هەر ئەوە یارمەتی دەبەخشێت بۆ ئەوەی کە ئەم زنجیرە درامایە سەرنجڕاکێش بێت و بینەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. لە بنەڕەتدا بینەر لە هەر بەشێکدا ڕووبەڕووی چیرۆك و کەشوهەوای جیاواز دەبێتەوە، ڕەوتێك کە ئەو هانت دەدات تاکو سەیری چیرۆك و ئەڵقەی دواتر بکەیت.

دەسپێك و کۆتایی ئەم زنجیرە درامایەش بە ئامادەبوونی ئەم دوو ئەکتەرە لەسەر تەختەی شانۆ دەخولقێت و وەبیرهێنەرەوەی دێڕی دەسپێکی ئەو کۆمەڵەیە کە لە زمانی «شێکسپیر»ەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «دنیا بەدەر لە گۆڕەپانی شانۆگەری نییە، ژنان و پیاوان هەمووان ئەکتەرەکەین، هەر کەسێك لە ژیانی خۆیدا ڕۆڵی زۆر دەنوێنێت» لە ڕاستیدا ئەکتۆر ئەم حەقیقەتە سامناك و هەڵبەت شیرینە لە دەسپێك و کۆتایی هەر ئەڵقەیەکدا وەبیری بینەر دێنێتەوە، ئەویش بە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەیەکی قووڵی ئەم ڕاستییە.

وەرگرتنی دوو خەڵاتی گەورەی فێستیڤاڵی سێریز مانیا (Series Mania) لە وڵاتی فەڕەنسا ڕووداوێك بوو، کە ئەم زنجیرە درامایە بەم دواییانە بەدەستی هێناوە، سێریز مانیا یەکێکە لە فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکانی زنجیرە دراما لە جیهان دێتە ئەژمار، کە ساڵانە لە شاری لیل لە وڵاتی فەرەنسا بەڕێوە دەچێت. هەروەها نزیکەی ٤٠٠ زنجیرە دراما لە وڵاتانی جۆراجۆری دنیا بۆ دوایین خولی ئەم ڕووداوە هونەرییە ڕەوانە کرابوون و تەنیا هەشت زنجیرە دراما لە بەشی نێودەوڵەتی لە لایەن ئەندامانی لیژنەی دادوەرانەوە هەڵسەنگێندران.

لە درێژەی ئەم ئامادەبوونانەدا ئەکتۆر لە بەشی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی ترانسیلوانیا (Transylvania) ڕووداوێکی نوێی بوو، ئەم ڕووداوە یەکێکە لە گەورەترین و گرینگترین فێستیڤاڵەکانی ئەورووپا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، زنجیرە درامای ئەکتۆر لە بەشی (It will follow series) ئەم فێستیڤاڵە و شانبەشانی زنجیرە دراما سەرکەوتووەکانی وڵاتانی (نەرویج، ئیسلەندا، لیتوانیا، کەنەدا، بەلژیکا، دانیمارك و ئەڵمانیا) نمایش کرا.

لە سێیەمین بەشداریی نێودەوڵەتیی خۆیدا ئەم زنجیرە درامایە، نوێەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سرین کەمپ (Serien-camp) خانەخێوی بوو و لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکیی ئەم فێستیڤاڵەدا لەگەڵ بەرهەمەکانی کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، لەوانە(وارنێر برادێرز دیسکاوێری Warner Bros Discov-ery و ئامازۆن ستۆدیۆ Amazon Studios) لە ڕکابەریدا بوو و لە تەنیشت زنجیرە دراما سەرکەوتووەکان لە وڵاتانی (ئەمریکا، نەرویج، ئیسپانیا، مەکسیك و کازاخستان) نمایش کرا.

# ئایا سینتیا خەلیفە دەبێتە ئەستێرەی هۆڵیود؟



سینتیا خەلیفە لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە بەنیازە ئەزموونێکی هونەریی نوێ ئەنجام بدات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ بەشداریکردن لە دوو فیلم لە لۆس ئەنجلۆس، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ماوەی شەش مانگە مەشقی چڕ و پڕ ئەنجام دەدات.

سینتیا خەلیفە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «خولێکی زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشم وەرگرت کە فێری نواندنت دەکات، ئەمەش کەمێك قورسە، چونکە بە قووڵی دەچێتە ناو وردەکارییەکانی کارەکتەرەکەوە و، وا دەکات بە وردی هەست بەو کەسایەتییە بکەیت کە ڕۆڵەکەی دەبینیت.

هەروەها گوتی: «من دەچوومە ئەمریکا بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و ناسینی خەڵك و هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە، کەسانێك لەوێوە کە ئارەزووی ئەوەیان هەیە لەگەڵ ئێمە فیلم بگرن و چیرۆکەکانمان وێنە بگرن، لە هەمان کاتدا منیش وەڵامی ئەو کەسانە بدەمەوە کە لەگەڵیاندا کاردەکەم و ئەو کارە لە دەرەوەی لە ئەستۆ دەگرن»، ڕوونیشیکردەوەئامادەکاری دەکات بۆ دەستپێکردنی وێنەگرتنی فیلمی ئەمریکی Deborder لەگەڵ ئەستێرەکانی بن کینگسلی و ئارۆن ئێکهارت، کە لە مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوو دەست بە وێنەگرتنی دەکات و سەرەتای ساڵی داهاتوو لە سینەماکان نمایش دەکرێت.

لە بارەی فیلمەکە سینیتا گوتی: «لەوە فیلمێکی ئەکشنەدا کە بە ناوی (دیپۆرتەر)ـە فڕۆکەیەك دەکەوێتە خوارەوە، و من دەمەوێت کە عەرەب لە ناو ئەم فلیمە زیاتر بێت لە ئەکتەرە ئەمریکییەکان، من بەشداریی تێدا دەکەم کە بێن کینگسلی و ئارۆن ئێکهارت ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن، ناوێکی چوارەم هەیە کە کەسێکی میسرییە، لەسەری ڕێککەوتبوون، بەڵام ناتوانم ناوەکەی بڵێم، چونکە هێشتا یەکلا نەبووەتەوە، ئەو ئەستێرەیەکی گەورەیە بێگومان، کارەکە زۆر سەرنجڕاکێش دەبێت چونکە من خۆم لەگەڵیدا ڕۆڵ دەگێڕم و دڵخۆش کە ئێمە دوو کەسین لە کارێکی جیهانیداین».

سەبارەت بە فیلمی دووەم کە سینتیا خەلیف بەشداری تێدا دەکات، بە ناوی (هێڵی سنوور) لە دوورگەی ماڵتا وێنە دەگیرێت، کە دەرهێنەرەکەی بە ڕەچەڵەك لوبنانییە و بە بەشداری کۆمەڵێك ئەکتەری بەریتانی و ئەمریکی کاری وێنەگرتنەکە ئەنجام دەدەات.

سینتیا خەلیفە ئاماژەی بەوەدا کە ڕووداوەکانی فیلمی دووەم لە کەشێکی پڕ لە نهێنی ڕوو دەدەن، لە شەوێکی زریاناویدا، کە تێیدا تاکەکان لەناو چێشتخانەیەکدا ڕاگیراون، کە بەردەوام کوشتنی تێدا روو دەدات.

هەر لەو چوارچێوەیەدا، سینتیا خەلیفە کشانەوەی خۆی لە فیلمی (سیسیلیی هۆڵیدای) ڕاگەیاند، بەهۆی کەمیی کات لە نێوان دراما میسری و ئەمریکییەکان لە ئێستادا، خۆی بە پێشکەشکردنی گۆرانییەك لە ناو فیلمەکەدا ڕازی بوو، دوای ئەوەی مەشقی دەنگی بۆ ئەنجام درا.



ئیلۆن ماسک:

# بارِبی هانی توندوتیژی دژی پیاوان دەدات

دوای ماوەیەکی کەم لە نمایشکردنی لە سینەماکانی چەند وڵاتێکی جیهان ملیاردێری ناسراوی ئیلۆن ماسک، هێرشی کردە سەر فیلمی باربی.

ئیلۆن تاکە کەس نەبوو کە هێرشی کردە سەر فیلمەکە و گاڵتە بەو بیرکردنەوە دەکات کە لە مێشکەکاندا بڵاودەبێتەوە. بەپێی ڕۆژنامەی دەیلی مەیل، ئیلۆن ماسک ڕایگەیاندووە کە سەرسام نییە بە فیلمی باربی بەهۆی پەیامەکەی کە هانی توندوتیژی دژی پیاوان دەدات، بەو پێیەی جەختی لەوە کردووەتەوە کە فیلمەکە هەوڵدەدات بیرۆکەی دەسەڵاتی ژنان بچەسپێنێت و دژە پیاوانە.

لەلایەکی دیکەوە سیاسەتمەداری ئەمریکی بن شاپیرۆ ڤیدیۆیەکی لە یوتیوب بڵاوکردەوە بە ناوی «بێن شاپیرۆ فیلمی باربی بۆ ماوەی ٤٣ خولەک لەناو دەبات» ڤیدیۆکە هەستێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا چونکە لە ڤیدیۆکەدا بووکەڵەیەکی باربی هەروەها پشتڕاستی کردەوە کە پەیامی فیلمەکە ڕوونە پشتگیری لە چەمکی فێمینیزم و هاندان بۆ ڕق لێبوونەوە لە پیاوان بە ڕوونی، و سەرکەوتنی بەدەستهێنا ڤیدیۆکە زیاتر لە ملیۆنێک بینەری هەیە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێک ئافرەتی دیکە کۆنەپەرست  لەوانە لۆرین شین هێرشیان کردە سەر بیرۆکەکانی فیلمەکە، و بە «پەیامێکی خراپەکاری ڕق لە پیاوان» وەسفی کرد.

هەروەها داوایکرد  پێویستە فیلمەکە بایکۆت بکرێت، چونکە بیرۆکەی بەهێزکردنی فێمینیستەکان بڵاودەکاتەوە، هەرچەندە کارەکتەری باربی خۆشدەوێت، بەڵام بێزار بوو لەوەی فیلمەکە پەرە بە بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی خێزان و نەهێشتنی ئیمان و بڵاوکردنەوەی بەها پیسەکان دەدات.

فیلمی باربی لە دەرهێنانی گرێتا گێرڤیگ و مارگۆت ڕۆبی و ڕایان گۆسلینگ ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن و مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە بەو پێیەی  بانگەشە بۆ باربی دەکات سەرەڕای تورەیی کەسایەتییە ناودارەکان سەبارەت بە چیرۆکی فیلمی باربی، بەڵام ستایشی ڕەخنەگرانی هونەری بەدەستهێنا، و داهاتێکی پێوانەیی بەدەستهێنا دوای ئەوەی لە سینەماکانی چەند وڵاتێکی جیهان نمایشکرا

ڕێزان محەمەد:

# زیاتر لە بەیانیان زوودا شیعرەکانم دەنووسم





**خاتوو ڕێزان محەمەد خاوەن بەهرەیەکی جوانی ئەدەبی و شیعرنووسینە، جگە لەوەش لە بواری هونەری شێوەکاریدا توانیویەتی ئەسپی خۆی تاو بدات و لە ڕێگەی تابلۆکانییەوە چەندین پیشانگەی هاوبەش و تایبەتی کردووەتەوە، ئێمە لەم دیمەنەیەدا لە ڕێگەی چەند پرسیارێکەوە، جەخت لە هەوڵەکانی شیعرنووسینی ئەو خاتوونە دەکەینەوە.**

**هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس**

*** پێمان باشە سەرەتا بۆ خوێنەرامان باس لە چۆنیەتی ئاشنابوون بە شیعر بکەیت؟**

- سەرەتای ئاشنابوونم بە شیعر بۆ تەمەنی نۆ ساڵییم دەگەڕێتەوە، کاتێ بە شیعری مامۆستا(گۆران) ئاشنا بووم، ڕۆژانە بە دەنگ و بە دەموودوو شیعرە کانیم دەخوێندەوە، تاکو لەگەڵ شیعردا گەور بووم، لە ساڵی ١٩٩٣ دەستم بە نوسین کرد و بەردەوام بووم لە نوسین و خوێندنەوە، بێ ئەوەی بەرهەمەکانم بڵاو بکەمەوە، تاکو ساڵانی ٢٠١٣ کە لە ڕێگەی کۆڕ و سیمینار و ئیڤێنتەکانەوە لە نێو جەماوەردا لە ڕێگەی شیعرەکانمەوە ناسرام، تا کوساڵی ٢٠١٥ کە یەکەم بەرهەمم بڵاو کردەوە کە بریتی بوو لە ئەلبومێکی شیعری کە لە ١٠تراك پێك هاتبوو،دواتر لە ساڵی ٢٠٢٢ دیوانە شیعرێکم بە ناوی (هەناسە) بڵاو کردەوە.

*** ئەو بابەتانە چین کە دەبنە هەوێنی شیعرەکانت؟**

- زۆر بابەت لە شیعرەکانمدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام زیاتر بابەتی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و دایك لەگەڵ بابەتی سۆزداری و ئەڤین لە شیعرەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە.

*** ئایا شیعر نووسین کات و ساتی دیارکراوی هەیە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت زۆرێك لە شاعیرەکان بۆچوونیان وایە کە نووسینی شیعر کات و ساتی دیاریکراوای نییە، بەڵام من وەکو خۆم زیاتر لە بەیانیان زووداا شیعرەکانم دەنووسم.

*** ئەو شاعیرانە کامەن کە کاریگەرییان لەسەر ئێوە هەبووە؟**

- بێگۆمان شاعیر زۆرن کە کاریگەرییان لەسەر من هەبووە، لەسە دەیەکانی ڕابردوو مامۆستا گۆران و مەحوی و بێکەس، لە شاعیرە نوێیەکانیش کۆمەڵێ شاعیر کاریگەرییان هەبووە، وەك مامۆستا جەمال غەمبار و لەتیف هەڵمەت.

*** ئاستی خانمە شاعیرەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی خانمە شاعیرەکانمان تا ڕادەیەك باشە، هەرچەندە شاعیری ژنی زۆریشمان هەیە، بەڵام کات و ساتیان بۆ نەرەخساوە بۆ ئەوەی بەهرەی خۆیان دەربخەن، هۆکاریکش زۆرن لە وانەیە هەندێك لە هۆکارەکان کۆمەڵگە بێت، هەندێکی تریش خودی ئافرەتان خۆیان بن.

*** ئایا لە کوردستان ڕەخنەگری ئەدەب و شیعرمان هەیە، ئەگەر هەیە لە چ ئاستێك دایە؟**

- بێگومان ڕەخنەگری زۆر باشمان هەیە، کە شوێن پەنجەیان لە گۆڕەپانی جیهانی شیعر دیارە، بەڵام بەداخەوە بەشێك لە ڕەخنەگران بە ویژدانەوە هەڵسەنگاندن بۆ شیعرەکان ناکەن، دەکەونە باری هاوڕێیەتی و بەپێی بەرژەوەندی کارەکە ئەنجام دەدەن.

*** ئەگەر باس لە پرۆژەی داهاتووی خۆتمان بۆ بکەیت؟**

- لە بواری هونەریدا بەنیازم سەرەتای مانگی نۆی ئەم ساڵ پیشانگەیەکی تایبەت بە خۆم بکەمەوە، لە ڕووی نووسینیشەوە لە ئێستادا دیوانێکی دیکەی شیعریم ئامادەیە و نیازم وایە لە ساڵی نوێ چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

*** زۆر سوپاس، هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.**

- منیش زۆر سوپاسی ئێوە دەکەم و ئەوشیعرەی خۆم پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم.

بۆ لەبیرکردنت...

تا بتوانم جارێکیتر هەناسە بێ تۆ هەڵمژم
تاکو حەز و خۆشەویستیت لە ناو ڕۆحمدا بکوژم
تا فرمێسکی بێنازی من واز لە چاوانم بهێنێ
هیچکە شەوان خەونەکانم خەوەکانم نەتارێنێ
ئیتر ڕەشماری ناپاکیت قەفی لە ڕۆحم بترازێ
نێرینەییت بایبت نەکا و بە ئەشکی مێدا بنازێ
لە حەسرەتی بێنازیمدا دەستی نزام لە ئاسمان بێ
بەختەوەریت لە ناو کڵپەی گڕ و دووکەڵی سووتان بێ
ئیتر دەستی ژنێکیتر بە ناو زووخاودا وەرنەدەی
سەگی ڕۆحی نەهێنگرت بۆ باڵای هیچکەس بەرنەدەی
ببیتە پەندی زەمان و لەبیر زەمەن بچیتەوە
تۆش وەکو من ئاهوناڵەی سەرگەردانی بچڕیتەوە

**یەکێکی دی لە دەستکەوتەکان ئەوە بوو سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ کرایە بنەما بۆ دیاریکردنی دانیشتووانی کەرکووک کە لەو سەرژمێرییەدا گەلی کورد زۆرینەی شارەکە پێکهێنابوو**

**بابەتی خۆشەویستیی خاك و نیشتمان و دایك لەگەڵ بابەتی سۆزداری و ئەڤین لە شیعرەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە**

دلستان محەمەد

یاریزانی کاراتێ لە یانەی شێروانە:

# کچان
# لە وەرزشی کاراتییەوە
# پشتگوێ خراون

یانەی شێروانەی قەزای کەلاری سەر بە ئیدارەی گەرمیان یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی (شێروانە دلستان محەمەد) ـە کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٣یە و پێشتریش یاریی بۆ هەریەك لە یانەکانی قەرەداخ و سەیدسادق کردووە، ئێستاش بەردەوامە لە تیپی کاراتێی یانەی شێروانە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی ■



*** چۆن بوو هاتیتە نێو جیهانی وەرزش؟**

- من حەزم لە وەرزشەکەیە و بوون بە یاریزانێکی باش خەونێکی گەورەیە بۆمن، بۆیە ئەم وەرزشەم هەڵبژاردووە، هونەری جەنگ هونەرێکی یەکجار گرنگە کە من یان هەر کەسێکی تر فێری ببێت.

*** لە نێو ئەم هەموو وەرزشە چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟**

- هەڵبژاردنەکە لە ڕووی جەستییەوە، وە لە ڕووی مێشکەوە زۆر چالاکم دەکات.

*** هەست ناکەی یارییەکی قورست هەڵبژاردووە؟**

- شەڕکردن یارییەکی قورسە بە تایبەت بۆ ئافرەتان، بەڵام وەکو گوتم هونەر بەرگریکردنە، ئەمەش زۆر گرینگە بۆ تاکەکەس.

*** ئاستی یاریی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی وەرزش گرینگیی ئەوتۆی پێ نەدراوە، بەڵام لە ئێستادا ئەوەی بتوانێت وڵات پێش بخات وەرزش و هونەرە، هیوادارم ئەو یاریزانانەی کە بەتوانان پشتگوێ نەخرێن لە کوردستان.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- پێویستە ئەم یارییە نیشان بدەین، ساڵانە زۆرترین پاڵەوانێتی بکرێتەوە یاریزانەکانمان هەڵبژێرین بۆ دەرەوەی کوردستان.

*** ڕاستە دەڵێن یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان لە یانەکانیان پشتگوێ خستووە؟**

- بە دڵنیاییەوە ڕاستە، کچان لە ڕووی وەرزشی کاراتێیەوە پشتگوێ خراون، ئێمە چەندەها یاریزانی کچمان هەیە زۆر بەتوانان، بەڵام وەك پاڵەوان هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە بەهۆی ئەوەی پشتگیرییەك نەکراون تا لە دەرەوە یاری بکەن.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

- بەرنامەم وایە لە داهاتوودا بتوانم ببم بە یاریزانێکی باش لە بوارەکەی خۆمدا.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- بەڕاستی هەستێکی خۆشە سەربکەویت لە کارێکدا کە پێوەی ماندوو بوویت.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانیت؟**

- چەندەها یاریزانی لە من باشتر هەیە، یاریکردن خۆی ڕکابەرییە لە نێوان یەکتردا.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەهیوای ئەوەم ڕۆژێك لە ڕۆژان ببم بە پاڵەوان لە یەکێك لە یانە ئەوروپییەکان.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

-لە کوردستان بە گشتی کچ لە وەرزشدا کەمە، بەتایبەت وەرزشی کاراتێ کە بە شتێکی نەگونجاو تێگەیشتوون بۆ ئافرەت، ئەمەش وا دەکات ڕێژەی کچ لە ناو ئەم وەرزشە کەم بێت.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردوویت؟**

- لەبەر ئەوەی یاریزانێکی زۆر کۆن نیم، لەبەر ئەوەی من یاری بۆ شارەکەی خۆم دەکەم، ڕەنگە گەر گرێبەستیشم پێشکەش بکرێت قورس بێت قبوڵکردنی.

*** خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- خانەوادەکەم زۆر هاوکارمن هەمیشە سوپاسیان دەکەم کە پاڵپشتی منیان کردووە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا، لە ڕووی وەرزشەوە پشتیان بەرنەداوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات.

**بەهیوای ئەوەم ڕۆژێک لە ڕۆژان ببم بە پاڵەوان لە یەکێك لە یانە ئەوروپییەکان**



# چارەنووسی نێمار نادیارە




رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسا بۆمبێکی تەقاندەوە و رایگەیاند نێمار بە بەرپرسانی پاریس سانت جێرمانی گوتووە دەیەوێت ئەم هاوینە یانەکە جێبهێڵێت.

لیکیپ ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە نێمار دەیەوێت بە خواستن و بۆ ماوەی یەك وەرزی بگەڕێتەوە بەرشلۆنە و لەپێناو ئەوەش ئامادەیە مووچەکەی کەمبکاتەوە.

رۆژنامەکان رایانگەیاندووە لویز ئێنریکی راهێنەری پاریس سانت جێرمان رێگری لە رۆیشتنی نێمار ناکات و یانەی پاریس چاوەڕێی ئۆفەرێکی باش دەکات و ئامادەیە دەستبەرداری نێمار بێت.

سەرچاوەکان زیاتر دەڵێن: نێمار و پاریس بەیەکەوە دانەنیشتوون و باسی جیابوونەوەیان لە یەکتری نەکردووە، بەڵام هەردووکیان لە یەکتر بێزاربوون و لەوە تێدەگەن رازین ئەگەر لەم هاوینە لە یەکتر جیاببنەوە.

هەمان سەرچاوە گوتی: نێمار بەرشلۆنەی خۆشدەوێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە ئەو یانەیە، بەڵام بەرشلۆنە هیچ هەوڵێکی بۆ گواستنەوەی نەداوە.

تا ئێستا نێمار بە فەرمی لەلایەن یانەی لۆس ئەنجلۆس گالاکسی ئەمەریکا گرێبەستی پێگەیشتووە و لە خولی نایابی ئینگلیزی هیچ شتێکی فەرمی بۆ گواستنەوەی نێمار بوونی نییە، بەڵام لە خولی سعوودیە ئارەزووی گواستنەوەی ئەو هێرشبەرە بەرازیلییە دەکرێت.

نێمار دا سێڵڤا تا هاوینی ٢٠٢٥ گرێبەستی لەگەڵ پاریس سانت جێرمان ماوە و ساڵانە چل ملیۆن و ٨٠٠ هەزار یۆرۆ مووچە وەردەگرێت.

# کیسی
# بەرشلۆنە جێدەهێڵێت

یاریزانی کۆتدیڤواری فرانك کیسێ رایگەیاندووە، کە هەست بەوە دەکات لە لایەن ئیدارەی یانەی بەرشلۆنە خیانەتی لێکراوە.

کیسێ بە بێدەنگی یانەی بەرشلۆنە جێدەهێڵێت و خەریکە پەیوەندی بە یانەی ئەهلیی سعودییەوە بکات.

رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی گوتی: چاڤی راهێنەری بەرشلۆنە لە ماوەی رابردوودا زۆر بە کەمی قسەی لەگەڵ یاریزانەکە کردووە و پشتگوێی خستووە، ئەمەش پەیامێکی روون بووە بۆ یاریزانەکە، کە پێویستە بڕوات.

رۆژنامەکە دەڵێت کیسێ پێی وایە بەرشلۆنە فێڵیان لێکردووە، چونکە بەبێ بەرامبەر گواستیانەوە یانەکە و لەم هاوینەشدا بۆ پارە زوو دەستبەرداری بوون.




# بایرن
# بەتووندی وڵامی مانێ دایەوە

یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانی وەڵامی راوێژکاری سادیۆ مانێ یاریزانی پێشووی یانەکەی دایەوە، کە گوتبوی رۆیشتنی مانێ لە بایرن پەیوەندی بە تۆپی پێ نەبوو. باکاری سیسێ راوێژکاری مانێ گوتی: مووچەی مانێ یانەی بایرن میونیخی بێزار کردبوو، چوتکە پێیان سەیر بوو یاریزانێکی ئەفریقی پارەی زیاتر لە یاریزانانی ئەڵمانی وەردەگرێت، بۆیە دووریان خستەوە.

یانەی بایرن میونیخ لە بەیاننامەیەکدا گوتیان: بە رێککەوتنی هەردوولا گرێبەستی مانێ هەڵوەشایەوە بۆیە تۆمەتی رەگەزپەرستی بۆ سەر یانەکەمان دوورە لە راستییەوە.

سادیۆ مانێ ئەم هاوینە لە یانەی بایرن میونیخەوە روویکردە یانەی نەسڕی سعوودی دوای ئەوەی لە یانەی بایرن میونیخ سەرکەوتوو نەبوو بە هۆی بوونی کێشە لەگەڵ یانەکە.



# هەولێرپلەی دووەمی جامی عێراقی بەدەست هێنا




لە شاری بەغدا بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشدۆست، لە یاریی کۆتایی جامی عێراقی هەردوو یانەی هەولێر و قوە جەوییەی شاری بەغدا ڕووبەڕووی یەکتری بوونەوە، بۆ ئەم یارییە کە یەکەمجارە پاسەوانانی قەڵای هەولێر گەیشتونەتە فینالی جامەکە، ئامادەکاریی زۆریان کردبوو، جگە لە چوونی هەزاران هاندەری یانەکە لە شاری هەولێرەوە بۆ شاری بەغدا بۆ پشتگیریی یانەکەی پایتەخت، لەم یارییەشدا یاریزانانی هەردوو یانە لە گێمی یەکەم تا ڕادەیەك یارییەکی ئاست مام ناوەندیان پێشکەش کرد و هەوڵیان دەدا بۆ تۆمارکردنی گۆڵ، بەڵام لەم گێمە گشت هەوڵەکان بێ سوود بوون، تاکو خولەکی ٢٩ی یارییەکە کاتێك موهەند ڕەحیم لە پاسێکی هێڵی بەرگریی یانەی هەولێر تۆپێکی پێ گەیشت و تاکە گۆڵی ئەم گێمەی تۆمار کرد، لە بەرامبەریشدا هەولێرییەکان هەوڵی زۆریان دا بۆ ڕاستکردنەوەی ئەنجامی یارییەکە، بەڵام بێ سوود بوون، لە دوای ئەم گۆڵەش یاریزانانی هەولێر فشاری زۆریان خستە سەر گۆڵی یانەی جەوییە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی یا ر ییە کە ڕاست بکەنەوە، سەرئەنجامیش یارییەکە بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ بە سوودی یانەی قوەی جەوییە بە کۆتا هات و نازناوی جامی عێراقی بەدەست هێنا، هەولێریش پلەی دووەمی خولەکەی بەدەست هێنا، بەم ئەنجامەش بۆ یەکەمجارە لە مێژووی خۆیدا یانەی هەولێر ببێتە دووەمی جامی عێراقی، لە کۆتایشدا خەڵات و دیاری بەسەر یاریزانانی هەردوو تیپدا دابەش کرا.



## یاسین کەریم گرێبەستی زۆری بۆ هاتووە

هەر چەندە ئەم وەرزە یاسین کەریم گۆڵپارێزی کوردی ڕیزی یانەی شورتەی عێراقی کە توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی عێراقی لەگەڵ یانەکەی شاری بەغدا بباتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وەکو پێویست کاتی تەواوی پێ نەدراوە لە یارییەکان تا بتوانێت ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پێشکەش بکات، بەڵام بەشێك لە یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی گرێبەستیان پێشکەش کردووە بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەکانیان، لەم بارەشەوە یاسین کەریم گۆڵپارێزی یانەی شورتە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستەکەم لەگەڵ یانەی شورتە بۆ یەك ساڵ بووە، هەر چەندە ئیدارەی یانەی شورتە داوای مانەوەیان لێم کردووە، چەندین یانەی دیکەش داوای گرێبەستیان لێم کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا نەمتوانیوە خۆم یەکلا بکەمەوە، بۆ ئەوەی وەرزی نوێ لەکام یانەی خولی نایابی عێراقی یاری بکەم»، لە بارەی گرێبەستەکانیش گوتی: «هەریەك لە یانەکانی زەورا و مینا و چەندین یانەی دیکەی بەغدا پێیان گوتووم بۆ یاریکردن، جگە لەوەش من نازانم وەرزی داهاتوو دەچمە هەولێر یان نەورۆز یان دهۆك، جارێك تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە و چاوەڕوان دەبم» .





## کچانی گازی باکوور پاڵەوانی باسکەی عێراقی بوون

بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندیی باسکەی عێراقی و بە بەشداریی شەش یانەی شارەکانی عێراقی، کە پێکهاتبوون لە هەریەك لە یانەکانی (گازی باکوور، ئەکاد، سەنحاریب، ئەفرۆدێت، سپایس، دەربەندیخان) لە شاری هەولێر لە هۆڵی یانەی ئەکادی عەنکاوە پاڵەوانێتیی باسکەی کچانی یانەکانی عێراقی بەڕێو ەچوو، لەم پاڵەوانێتییەشدا کچانی ژیمای شاری سلێمانی بە ناوی یانەی گازی باکوورەوە بەشداریی پاڵەوانێتی باسکەی عێراقیان کردبوو، ئامانجیان بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بوو، دوای ئەنجامدانی پێنج یاری لە خولەکە، توانیان سەرجەم سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دوایین یاریی خولەکە کە یاریی کۆتایی و دیاریکردنی پاڵەوانی خولەکە بوو، لە نێوان هەردوو یانەی گازی باکوور و ئەکاد بەڕێوە چوو، دوای ئەنجامدانی یارییەکی ئاست بەرز و پڕ لە کێبڕکێ، کچانی گازی باکوور بە سەرکردایەتی (ڕزگار عەلی)ی ڕاهێنەر، توانیان یارییەکە بە ئەنجامی(٥٦-٥٤)خاڵ ببەنەوە و نازناوی پاڵەوانی عێراقیان بۆ شاری کەرکووك بردەوە، لەم بارەشەوە دکتۆر ڕزگار تۆفیق ڕاهێنەری کچانی یانەی گازی باکوور بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە لە ساڵی ٢٠٢١ـەوە لەگەڵ یانەی گازی باکوور کار دەکەین، ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵە بەردەوامبین، یانەکانی سلێمانی و کوردستان بە گشتی وەرزش ناکەن بەتایبەتی یاریی باسکەش ناکەن، لە هەولێر تەنیا یانەی ئاسۆ و ئەکاد باسکە دەکەن، ئەویش بە شێوەیەکی باش نییە، چونکە نە بەشداریی خولی عێراقی و نە بەشداریی پاڵەوانێتی ئاستەکانی تەمەن دەکەن، ئەگەر یاریزانی پرۆفیشناڵ نەهێنێ و ڕاهێنەرێکی باشی پرۆفیشناڵ نەهێنی ئەوە کەی باسکەیە، تەنیا بۆ کات بەسەربردنە»، هەروەها گوتیشی: «ئێمە هەموو ئاستەکانمان هەیە و ئەنجاممان زۆر باشە، گازی باکووریش پارەی تێدا سەرف دەکات، جگە لەوەش پیشەگەرمان هێناوە، دوو یاریزانی ئەمریکی دەهێنین بۆ پاڵەوانێتی مەغریب کە بە زیاتر لە شەش هەزار دۆلار گرێبەستیان لەگەڵ دەکەین، لەبەر ئەوەی یانەکانی کوردستان بە تایبەتی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، وەرزشی باسکە ناکەن، بۆیە چوینەتە شاری کەرکووك و زۆریش ئاسوودەین».



# قژ سپیبوونی پێشوەختە

ئەمە ڕوونە کە قژ لەگەڵ تەمەندا سپی دەبێت، کە بەگشتی لە تەمەنی ٣٠ -٤٠ساڵیدا دەست پێدەکات، بەڵام چەند هۆکارێك دەبنە ئەگەری سپیبوونی قژ لە تەمەنێکی زووتردا، واتە قژسپیبوونی پێشوەختە کە بریتین لە: هۆکاری جینەکان (بۆماوە) کە لە هەندێك خێزاندا ڕۆڵی هەیە لە سپیبوونی قژ لە تەمەنێکی زوودا، جگەرەکێشان کە هاندەرە بۆ خێراکردنی سپیبوونی قژ، سترێس کە هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی خانەکانی دروستکردنی ڕەنگی قژ Melano-cytes، دەردە ڕێوی Alopecia areata، بەڵەکی Vit-iligo، گرفتەکانی گلاندی دەرەقی جا زیادبوون یان کەمبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی دەبێتە ئەگەری کەمتر بەرهەمهێنانی بۆیەی سرووشتیی قژ، کەمیی ڤیتامینەکان بەتایبەتی ڤیتامین B12 پاشان ڤیتامینەکانی B6،B7، D، E، هەروەها کەمیی کانزای کۆپەر، فشاری ئۆکسان یان زیادبوونی ئاستی کرداری ئۆکسان لە لەشدا کە دەبێتە هۆی دوستبوونی گەردیلە، یان ئەتۆم یان ئایۆنی ناتەواو کە زیانی جیاواز بە تەندروستی دەگەیەنن، هەروەها بەکارهێنانی ئاوێتەی تایبەت بە قژ وەکو بۆیە، شامپۆ، یان ئاوێتەکانی دیکەی ستایلکردنی قژ، کە ماددەی کیمیایی بەهێز لەخۆدەگرن، وەکو پیرۆکسیدی هایدرۆجین کە کاریگەری دەکاتە سەر بۆیەی سرووشتیی قژ، کە بە میلانین ناسراوە.



# سوود و زیانەکانی پاوەدری پرۆتین

پاوەدری پرۆتین Protein powder بریتییە لە پرۆتینی پوختەکراو لە خۆراکی ئاژەڵیی وەکو هێلکە یان شیر، هەروەها لە خۆراکی ڕووەکیی وەکو نۆك یان سۆیا، بە پێی جۆری پاوەدرەکە لەوانەیە کە بۆ خۆشکردنی چێژ شەکر یان ماددەی شیرینکار لەخۆبگرێت. پاوەدری پرۆتین بەکاردێت لە لایەن وەرزشوانان بە مەبەستی هاندانی گەشە و بینای ماسوولکەکان و باشترکردنی لیاقەی جەستەیی، هەروەها: بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی پێویستیی پرۆتین یان زیادکردنی دروستیی کێشی لەش، هاندانی زوو چاکبوونەوە پاش نەشتەرگەری، ڕێگرتن لە پوکانەوەی ماسوولکە یان کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکە، بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا. جگە لە گرانیی نرخەکەی، لایەنە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی پاوەدری پرۆتین ئەمانەن: پیسبوونی پاوەدری پرۆتین بە ماددەی زیانبەخشی وەکو قوڕقوشم، جیوە، کادمیۆم، ماددەی BPA کە دروستکردنی پلاستیك بەکاردێت، ئەگەری زیانەکانی زیاد وەرگرتنی پرۆتین وەکو بارگرانی لەسەر گورچیلەکان، قەبزی، کەمبوونەوەی تەرکیز، گرفت بۆ جگەر و ئێسکەکان لەگەڵ هەستکردن بە بێهێزیی لەش.





# هۆکارە ناخۆراکییەکان کە شەکری خوێن بەرز دەکەنەوە

ئەمە لای هەموان زانراوە کە خۆراك هۆکاری سەرەکییە کە کاریگەری دەکاتە سەر ئاستی شەکری خوێن، بۆنموونە شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە لە ئەنجامی زیاد خواردنی خۆراکی کاربۆهیدراتی، بەتایبەتی شەکر و شیرینی، بەڵام هەشت هۆکاری دیکەی ناخۆراکی دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، وەکو: کەمخەوی کە هۆکارە بۆ تێکچوونی مامەڵەی دروستی لەش لەگەڵ هۆرمۆنی ئینسولیندا، کە لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوی شەکری خوێن، سترێس کە هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل کە هانی جگەر و ماسوولکەکان دەدات کە کۆگای شەکرن بۆ دەردانی شەکر، بەمەش ئاستی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration کە هۆکارە بۆ چڕبوون یان بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکر لە خوێندا، کاتەکانی ڕۆژ بۆنموونە ئاستی شەکری خوێن لەکاتی بەیانیدا بەزرە، بەتایبەتی لە کاتژمێر ٧-٨ ی بەیانی لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل، زیانی لابەلای بەکارهێنانی هەندێك دەرمان بەتایبەتی دەرمانی سترۆیدی و سپرای لووت کە دەرمانی ستیرۆیدی لەخۆدەگرن، مەشقی بینای ماسوولکەکانی لەش Anabolic exercise وەکو مەشقی هەڵگرتنی قورسایی، هەروەها خۆربردن Sunburn کە هۆکارە بۆ سترێس و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی کۆرتیسۆل.



# خراپترین شتەکان بۆ تەندروستیی دڵ

نەخۆشیی دڵ هۆکاری یەکەمی مردنی پێگەیشتووانە لە سەرتاسەری جیهاندا، بۆنموونە تەنیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەر ٣٣ چرکە کەسێك بە نەخۆشیی دڵ گیان لەدەست دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا دەتوانرێت کە بە چەند هەنگاوێك ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ کەم بکرێتەوە.

جگە لە جگەرەکێشان و ئەلکهول و مێژووی خێزانی (بۆماوە)، چەند هۆکارێکی دیکە ئەگەری تووشبوون بە توندی زیاد دەکەن کە بریتین لە:

- ستریسی کار یان خێزان کە بە هۆکاری هاندەری یەکەمی زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی دڵ هەژمار دەکرێت.
- زیاد خواردنی گۆشتی سوور و گۆشتی پرۆسێسکراو Processed meat کە ئەگەری رەقبوونی خوێنبەرەکان Arteriosclerosis زیاد دەکەن.
- دووبارەبوونەوەی زیادبوون و کەمبوونی کێشی لەش Yo-Yo Dieting یان سووڕی کێشی لەش Weight cycling کە لەوانەیە زیان بە تەندروستیی دڵ بگەیەنێت.
- قەڵەوی، بەتایبەتی چەوری زیاد لە سکدا، فاکتەرێکی گەورەی تووشبوونە بە نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی دیکەی وەکو شەکرە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و کۆلیسترۆڵی خوێن.
- کەمیی جووڵە و ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی.
- بەسەرنەکردنەوەی تەندروستی بە شێوەیەکی دەوری، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە مەیلی خێزانیی تووشبوونیان بە نەخۆشیی دڵ هەیە، بۆنموونە پشکنینی کۆلیسترۆڵ و پەستانی خوێن، جگە لە پشکنینی کلینیکی لە لایەن دکتۆر.

# بەهای خۆراکیی شوفان

شـوفان Oats بـە خۆراکێکـی تەندروسـت دادەنرێـت، بەتایبەتـی بـۆ ژەمـی بەیانییـان، چونکـە دەوڵەمەنـدە بـە کاربۆهیدراتـی ئاڵـۆز و ریشـاڵ، مـاددەی دژەئۆکسـان، لەگـەڵ ڤیتامینـی B و کانزاکانـی ئاسـن، مەگنسـیۆم، زینـك، مەنگەنیـز. سـوودە تەندروسـتییەکانی شـوفان: کەمکردنـەوەی ئەگـەری تووشـبوون بـە نەخۆشـییەکانی کۆئەندامـی دڵ و سووڕان لە ئەنجامی دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵی خراپ LDL لە خوێندا بەوەی کە شوفان جۆرێکی ریشاڵی تـواوە بە ناوی بیتا گلوکان Beta-glucan لەخۆدەگرێت کە کۆلیسـترۆڵ کـەم دەکاتـەوە، کەمکردنـەوەی ئەگـەری نەخۆشـی شـەکرەی جۆری دووەم، خۆپاراستن لە ئەگـەری شێرپەنجەی کۆڵۆن و مەمـك لـە ئافرەتـدا، باشـترکردنی تەندروسـتیی کۆئەندامـی هـەرس، بەتایبەتـی هاندانـی گەشـەی بەکتریـای سوودبەخشـی ڕیخۆڵـە، کۆنترۆلکردنـی کێشـی لـەش و کەمکردنـەوەی چەوریـی سـك Visceral fat ئـەو چەورییـەی کـە ئەگـەری تووشـبوون بـە جەڵتـەی مێشـك و نەخۆشـیی شـەکرە زیـاد دەکات، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی وزەی لـەش، هەروەهـا بەهێزکردنـی سیسـتمی بەرگریـی لـەش.



# خراپترین چەوری لە لەشدا

چەوریـی هەنـاو یـان چەوریـی سـك Visceral fat، ئـەو چەورییەیـە کـە لـە قوڵایـی نـاو بۆشـایی سکدا لـە دەوری ئەندامەکانی وەکو گەدە، ڕیخۆڵـە، جگـەر کۆدەبێتـەوە، کـە بـە چەوریـی شـاراوە نـاوزەرد دەکرێـت و ڕێـژەی ١٠٪ی کـۆی چەوریـی لـەش پێـك دەهێنێـت. چەوریی هەنـاو بە خراپترین جۆری چەوریـی لـەش هەژمـار دەکرێـت، چونکـە مـاددەی کیمیایی زیانبەخش و هۆرمۆن دروست دەکات، کـە هاندەر بـۆ تووشـبوون بـە گەلێـك نەخۆشـیی وەکـو: نەخۆشـیی دڵ، نـۆرەی دڵ، نەخۆشـیی شـەکرەی جـۆری دووەم، بەرزبوونـەوەی پەسـتانی خوێـن، جەڵتـەی مێشـك Stroke، شـێرپەنجەی کۆڵـۆن و ڕێکـە و مەمـك لـە ئافرەتـدا، هەروەهـا نەخۆشـیی ئەلزهایمـەر. ڕێـژەی چەوریـی سـك پێوانـە دەکرێـت بـە: یەکەم، پێوانـەی چێوەی کەمـەر کـە ئەگـەر لـە ٨٠ سـم زیاتـر بێـت لـە ئافـرەت و لـە ٩٤ سـم زیاتـر بێت لە پیاواندا، واتە ڕێژەی چەوریی سك بەرزترە لـە ئاسـتی ئاسـایی. دووەم، پشـکنینی وێنەگرتنـی ڕەنینـی موگناتیسـی MRI کـە لـە خوێندنـەوەی ژمـارە یـەك تـا ١٢ بـە ئاسایی هەژمـار دەکرێـت و خوێندنـەوەی نێـوان ژمـارە ١٣-٥٩ واتـە ڕێـژەی بەرزی چەوریـی سـك. هۆکارەکانـی زیادبوونـی چەوریـی هەنـاو: زیـاد وەرگرتنـی وزە (کالـۆری) لـە خـۆراك و کەمیـی جووڵـە یـان مەشـقی وەرزشـی، تەمەنـی وەسـتانی یەکجارەکیـی سـووڕی مانگانـە لـە ئافرەتـدا، لـە پیاویشـدا تەمـەن و جینـەکان لەگـەڵ خواردنـەوەی ئەلکهـول ڕۆڵیـان هەیـە لـە زیادبوونـی ڕێـژەی چەوریـی هەنـاودا.



# کاتژمێری زیرەکی دووانە

کاتژمێرە زیرەکەکان هەروا دێت پەرەگر دەبن و کاتژمێری نوێ بە توانا و ستایلی نوێوە بەرهەم دێن. بۆ نموونە کاتژمێری جۆری Blacktime کە بە کاتژمێری (١١ی شەو)یش ناسراوە. کاتژمێرێکە لە دوو شاشەی جیاواز پێکهاتووە. تایبەتە بۆ ئەو کەسانەی کە لەناو سروشتدا بەپێی گەشت دەکەن. کاتژمێرەکە هەم کاتژمێرە و هەم دۆرزەرەوەی ڕێگا، واتە ئاراستە نوێنی تێدایە و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەو شوێنانەی شارەزاییت لێ نییە. ئەگەر چەند گەشتیارێك پێکەوە گەشت بکەن و هەرکام ئەو کاتژمێریان لەدەست دابێ ئەوە بە ئاسانی یەکتر دەدۆزنەوە و دەتوانن بەبێ ئەوەی لە تۆڕی ئینتەرنێت یا تۆڕێکی دیکە بەشدار بن پێکەوە قسە بکەن، بەڵام لە مەودایەکی کەمدا. ئەگەر لە سیستەمی ئینتەرنێتیش سوود وەربگرن ئەوە دەتوانن بەهۆی کاتژمێرەکە بە دەنگ و ڕەنگ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دامەزرێنن. کاتژمێرەکە بە تەڕبوون و کەوتنە ناو ئاو تێکناچێت و دەتوانێت ڕێژەی ئۆکسیجین و، لێدانی دڵ و چاودێری بەسەر دڵەڕاوکێدا و زۆر لایەنی تەندروستی دیکە بزانێت. هەروەها بەهۆیەوەوە دەتوانیت هەناسەدان و چاودێری خەوتنی بەکارهێنەرەکەی بکات. لەبەشی ئاراستە نوێنەکەیدا، ٩ لایەن نیشان دەدا و بەرزی و پاڵەپەستۆی هەواش نیشان دەدات.



# درۆنێک بەشێوەی ستوونیش دەفڕێت

درۆنەکان لەم سەردەمەدا گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، بۆ بوارەکانی سینەما و فیلم هەڵگرتنەوە، ڕاگەیاندن و گواستنەوەی ڕووداوەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ، پزیشکی و بەهاناوە چوونی خێرا و هەروەها لە مەیدانی شەڕ و سوپاییشدا گرنگییەکی بەرچاوی هەیە.

شێواز و کارکردی درۆنەکان جۆراوجۆرن و لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. درۆنی جۆری Parrot Swing زۆر جیاوازە لە درۆنەکانی دیکە هەم ستایل و هەم کارکردەکەی. خۆی لە چوار باڵ پێکهاتووەو دیزانێکی ناوازەیە وەك هیچ درۆنێکی دیکە ناچێت. شێوازی هەڵفڕین و نیشتنەوەشی جیاوازە چونکە یەکەم درۆنەکە دەتوانێت بەشێوەی خۆکار هەستێت و هەروەها بەشێوەی ستوونی بفڕێت. ستایلەکەی زۆر وەك پیتی (ئیکس X)ی ئینگلیزی دەچێت. کامێرای لەسەر دادەنرێت و دەکرێت بۆ هەموو کون و کەلەبەرێك بنێردرێت کە درۆنی دیکە ناتوانێت، بۆ نموونە ناو ئەشکەوتەکان و دارستانە چڕەکان. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس دەگونجێت و هەر لەسەر مۆبایلەکە دەتوانیت شێوازی فڕینەکە و هەروەها مەودای فڕین و ڕێژەی باترییەکەی کۆنترۆڵ بکەی و ببینی.

درۆنی Parrot Swing لە کاتژمێرێکدا ١٩ مایل دەڕوات و هەروەها ئەگەر بە شەحنی تەواو هەتا سێ کاتژمێر لە ئاسماندا دەمێنێتەوە. ریمۆت کۆنترۆڵێکی تایبەتی لەگەڵدایە کە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆی دوگمەی ریمۆتەکە کۆنترۆڵ دەکرێت. لەسەر درۆنەکە کامێرایەکی ٣٠ میگاپیسکیلی لەسەرە وەك دوو چاوی بەهێز سەیری دەوروبەر دەکات و فیلم و وێنە دەگرێت.







# مێزێکی ناوازەی کۆمپیوتەر

لەسەردەمی دیجیتالی نوێدا کەرەسە و ئامرازە ئاساییەکانی ڕۆژانەش بەرەو دیجیتالی دەڕۆن، ئێستا مێزی کۆمپیوتەر هەر تەختەدارێك یا کانزایەکی دیکە نییە و کۆمپیوتەرەکەی لەسەر دابندرێ، بەڵکو مێزێکی کۆمپیوتەر چەندین ئەرك ئەنجام دەدات.

مێزی کۆمپیوتەر جۆری LIVTAB Cyber One مێزێکی ناوازەیە، هەم ستایلەکەی و هەم کارکرد و تواناکانی. مێزەکە بە کۆنترۆڵ و بە ویستی بەکارهێنەرەکەی بەرز و نەوی دەبێت و تەنانەت هۆشمەندە و خۆی لەگەڵ قەدی بەکارهێنەرەکەی ڕێك دەخات. هەموو پۆرت و کەلێنێك کە بۆ کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی دیکە پێویستن لە مێزەکە دا هەیە، بۆ نموونە دانانی هەموو جۆرە کێبلێك وەك USB, HDMI و هەر کێبلێکی دیکە. سیستەمی شەحنکردنەوەی بێ وایەری تێدایە بۆ شەحنی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە. هەر چوار دەوری بە گلۆپی LED داپۆشراوە ئەوەش جوانییەکی تایبەت بە مێزەکە دەبەخشێت. گرنگتر لە هەمووی نە تەنیا بۆ کۆمپیوتەر بەڵکو بە بەکارهێنەرەکەشی سیستەمی ساردی و گەرمی تێدایە، شوێنی ساردی و گەرمی بۆ ساردەمەنی و چا و قاوە هەیە.

# پاوەربانکێکی تایبەت ڕوون و شەفاف



هیچ شتێك لەوە باشتر نەدەبوو، هەموو ئامێرەکان بە ڕوونی و شەفافی خۆیان دەرخستبا و ئەوەی لەناخیاندایە وەك خۆی دیترابان تا فیڵ و گزی لە هیچ کەسێك نەکرابا.

پاوەربانکی جۆری Shargeek STORM2 ڕوون و شەفافە. چ شتێك لەناخیدایە ئەوە بە ڕوونی دەبیندرێ جگە لەوەش لە شاشەیەکی تایبەتی بچووکدا هەرچی زانیاری هەیە تایبەت بەشەحنکردنەوە و کەمکردنەوەی باتری نیشان دەدا.

هێزی داکردنی شەحن لەو پاوەربانکەدا ٢٥٦٠٠ میلی ئامپێرە. هەشت باتری تێدایە کە کە بە ڕوونی دەبیندرێن. بۆ گشت ئامێرێك دەبێت کە بارگاوی دەکرێنەوە وەك مۆبایل، کامێرا، تەبلێت و کۆمپیوتەر.

لە شاشەیەکی بچووکی جۆری IPS زیرەکدا، سیستەمی ڕێکخستنی وزەی شەحنکردنەوەی مۆبایل، تەمەنی باتری، چۆنییەتی بارگاوی کردن، گەرمی و ڕێکخستنی ڤۆڵتاژی DC بە ڕوونی نیشان دەدرێ.

یەکەم پاوەربانکیشە کە وردەکارییەکانی ناوەوەی بە ڕوونی دەبیندرێن. سیستەمی خێرا شەحنکردنەوەی هەیە. بۆ هەردوو پۆرتی PD و USB دەبێت. بە چل خولەك لاپتۆپێك نیوە شەحن دەکات. بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایلیش خێراتر لە شەحنی خودی مۆبایلەکە شەحن دەکاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن پێشگیری بکەم لە ئێمیلە نەخوازراوەکان بۆ جیمەیلەکەم؟**

خوێنەری بەڕێز، ئیمێلە نەخوازراوەکان ئەوانەی هیچ پەیوەندییەکان بە تۆوە نییە چ لە جیمێلی گوگڵ یا ئیمێلی یاهوو بێت، دێنە ناو ئیمێلەکەتەوە. بۆ ئەوەی بلۆکیان بکەی، دەبێت ئیمێلەکە بکەیەوە، لە بەشی سەرەوە سێ خاڵی لەسەر یەك هەن، کلیك لەسەر ئەو بەشە بکە، لەوێدا فەرمانی Block دەبینی و دایبگرە، بۆکسێك دەکرێتەوە و block دابگرە. پاشان کە سەیری جیمێلە نەخوازراوەکە بکەی فەرمانی Unblock Sender دەبینی. لە مۆبایلدا چ سیستەمی ئەندرۆید بێت یا ئایفۆن، کردارێکە هەر بەم شێوەیە بە تۆزێك جیاوازییەوە. لە مۆبایلدا بۆکسی بلۆککردن و هەڵبژاردن نایە و یەکسەر بلۆك دەبێت.



# پرۆگرامی تایبەت بە سکان کردن

سکانکردن واتە گۆڕینی داتای سەر کاغەز بە داتای دیجیتالی، واتە گواستنەوەی دیکۆمێنتەکانی سەر کاغەز بۆ سەر کۆمپیوتەر. ئەو ئامێرانەی ئەرکی سکان کردن دەکەن پێیان دەگوترێ، سکانێر. بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و سکانێر هەبێ، پێویستە پرۆگرامی تایبەتی هەبێت. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ سکانکردن. یەکێك لەو پرۆگرامانە Office Lens. پرۆگرامەکە هەر هی خودی مایکرۆسۆفتە. یەکێك لە پرۆگرامە بێ بەرامبەرەکانی ویندۆز١٠یە. پرۆگرامەکە، کوالیتی وێنە و دۆکیۆمێنتەکان دەباتە سەرێ و و پاشان فایلە سکانکراوەکان بە فۆرماتی PDF یا word یا هەر پرۆگرامێکی زنجیرەی ئۆفیسی مایکرۆسۆفت خەزن دەکات. ساپۆرتی چەندین زمانی زیندووی جیهانیش دەکات. جگە لە پرۆگرامی کۆمپیوتەر، ئاپی تایبەت بە مۆبایلیش هەیە.



# دۆزەرەوەی کلیلەکان

زۆربەمان زۆر جاران سویچی ئۆتۆمبیل و کلیلی دەرگاکانمان بزر کردووە، هەرچەندی گەڕاوین نەماندۆزیوەتەوە، یان مۆبایلەکان لە شوێنێك لە بیرچووە نایەتەوە بیرمان. ئەو دوگمە سوور و سەوزو شینانەی کە لەوێنەکەدا دەبینن دۆزەرەوەی کلیل و مۆبایلە. Orbit لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە و بە تەربوون تێکناچێت و باترییەکی بچووکی تێدایە کە بە شەش مانگ دەبێ بیگۆڕی. سیستەمی بلوتسی هەیە و لەگەڵ پرۆگرامێکی GPS. وەك مەدالیا لەگەڵ سویچ و کلیلەکان دادەنرێ و لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. هەرکاتێك بەکارهێنەر دە مەتر لە کلیلەکانی دوورکەوتەوە لەسەر مۆبایلەکەی زەنگ لێدەدا. گەر ئاگاداری زەنگەکەش نەبوو ئەوە دەتوانێت لەسەر پرۆگرامێکی تایبەت بە Or-bit شوێنی کلیلەکان لەسەر نەخشەی مۆبایلەکە بدۆزیەوە. ئەگەر مۆبایلەکەت لێبزربوو بەهۆی ئەو دوگمەیەوە دەکرێت زەنگ بە مۆبایلەکەت لێبدەی تەنانەت ئەگەر لەسەر بێدەنگیش داندرابێ. هەروەها دەکرێت ئەو دوگمەیە بە دوگمەی سیلفی گرتنی مۆبایلیش بەکاربهێندرێ.



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی دەستکاری کردنی دەنگ و ڕەنگی

ژیری دەستکرد کارئاسانییەکی وایکردووە، مرۆ بۆ هیچ شتێك دانەمێنێ و هەر شتێك دەستی بۆ بەرێ لە چەند چرکەیەکدا دروست بێ. ئەویش بەبێ خۆ ماندووکردن. یەکێك لەو ماڵپەڕانەی کە لە ژیری دەستکرد سوود وەدەگرێ و تایبەتە بە دەستکاری کردنی فیلم و ڤیدیۆ، ماڵپەڕی runwayml.com. ماڵپەڕێکی سیحری بۆ گۆڕینی فیلم و دەنگ! ماڵپەڕەکە بۆ هونەرمەندان و نەخشەسازانە. دەتوانی دەنگ و وێنە و فیلم بە ویستی خۆت دەستکاری بکەی. یان لەخۆتەوە بیری نوێ دابڕێژی. دەتوانی لەگەڵ ئەندامەکانی ناو ماڵپەڕەکە پەیوەندی دامەزرێنی و سوود لە بەهرە وتواناکانیان وەربگری و کارەکانی خۆشت بڵاو بکەیەوە. دەکرێ دەنگی ناو فیلمەکان بگۆڕی و بۆ کاری دوبلاژیش سوودی لێوەربگری.



# جزدانێک بۆ پارەی دیجیتالی

پارەی دیجیتالی، ئەو پارەیەیە کە تەنیا لە جیهانی دیجیتالیدا هەیە و لە واقیعدا نییە وەك پارەی بیت کوین و دوج کوین و هاوشێوەکانی. هەڵگرتن و ڕاگرتنی پارەی دیجیتالیش زۆر ئاسان نییە و هاککەر و کەسانی شارەزای ئەو بوارە دەتوانن دزە بکەنە ناو شوێنی پارە دیجیتالییەکان.

جزدانێکی تایبەت بە پارەی دیجیتالی بەرهەم هاتووە، هەر بەقەد مۆبایلێکی ئاسایی دەبێت. ئەم جزدانە بە SafePal S1 ناسراوە. جزدانەکە هەموو کۆد و پەسۆرد و هەژمارەکانی جیهانی دیجیتالی لەخۆیدا تۆمار دەکا بە جۆرێك هیچ کەسێك توانای ئەوەی نەبێ دزە بکاتە ناو شوێنی هەڵگرتنی پارەکان.

جزدانە دیجیتالییەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و جگە لەوەش سیستەمی WiFi و NFC تێدایە. بەهۆی ئەو جزدانەوە هەڵگرتنی پارەی دیجیتالی هەم ئاسانە و هەم ڕاگواستنی بۆ شوێنێکی دیکە ئاسانە. جزدانی SafePal S1 تایبەت بە یەك جۆر دراو نییە بەڵکو زیاتر پشتیوانی زیاتر لە ٥٤ جۆرە دراو و هەزاران تۆکەن دەکا. ئەگەر هەرکاتێکیش بزر بوو یا شتێکی لێهات بە ئاسانی لە ماڵپەڕی تایبەت بەخۆیدا و لە هەژمارەکەی خۆت پارەکان وەربگریەوە. لەکاتی دزران یا ون بوونی جزدانە دیجیتالییەکە دەکرێت لە ڕێگای دوورەوە گشت داتاکانی ناویەوە بسڕیەوە.



## نەخش و نیگاری سەر نینۆک بۆ دەرچوون و بۆنەکان

نەخش و دیزاینی جۆراوجۆری ڕەنگاوڕەنگ و هەمەچەشن لەسەر نینۆکەکانی پەنجە، هەر تەنیا نەخش و شێوە نییە، بەڵکو بە تێکەڵی نێوان ڕەنگەکان و گونجاندنی چەند ڕەنگێك ئامادە دەکرێن. پێشتر زیاتر باوی نەخشکردن بوو بۆ نینۆکی دەستی ئافرەتان، ئەوەشیان لە دوو جۆر بوون، یەکەمیان نەخشکردنی سەر نینۆکەکان بوو، کە ئەوەش ماندووبوونێکی زۆری دەویست، بەشی دووەمیش نینۆك بە نەخشی ئامادە کراو بوو، ڕاستەوخۆ لە نینۆك دەدرا، تازەترین شێوەی نەخش و مۆدی بۆیەی نینۆك، بریتییە لە لێکدانی هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپی لەسەر نینۆکێکی پەنجە، وێڕای ئەوەی نینۆك هەر خۆی سپییە، تەنیا ئەوە نەبێ کە ڕەنگی ڕەشی بۆ دەخرێتە سەر و زیاد دەکرێت، هەندێ لە نەخشکێشەرانی نینۆك وا هەست دەکەن ڕەنگی نینۆکیان ئەوەندە سپی نییە، بەڵکو ڕەنگی سپیش لەگەڵ ڕەنگە ڕەشەکە بەکار دەهێنن، هەروەها دەتوانی دوای دانانی هەردوو بۆیە ڕەش و سپییەکە، هەندێك وردە سیم کە لە شێوەی بۆیەدا هەن، لە نێوان ڕەنگە ڕەش و سپییەکە بدەیت تا جیایان بکاتەوە.

## برژانگەکانت درەوشاوە و قەشەنگ بکە

بۆ قەشەنگکردنی برژانەگەکانت، گرنگە بزانیت کە فڵچەی برژانگ چاککردن، دەبێ بە نەرمی بێت، هەروەها دەنکەکانی گەورەش بن تا بە نەرمی تاڵەمووەکانی برژانگت لە یەکتر جیا بکات. لەو کاتەی برژانگت ڕێك دەکەی، یان ماسکارای بۆ دەکەیت، ئەنیشکی دەستت لەسەر مێزێك دابنێ تا دەستت نەجووڵێت و ڕاستەوخۆ کارەکە بکەیت و دەستت نەلەرزێت، کاتێك دەتەوێت برژانگت بۆیە و ماسکارە بکەیت، واچاکە ئاراستەی چاوت بەرەو خوارەوە بێت و تەماشای پێشی خۆت بکەیت، لە هەمان کاتیشدا لە ژێرەوەی ڕەگی برژانگت ماسکارە بکە، یان فڵچەی پێدا بخشێنە بۆ ڕاست و چەپ، تا ڕاست دەبێ، دواتر چاوەڕێبە تا وشك دەبێتەوە، دواتر هەمان هەنگاو دووبارە ئەنجام بدەرەوە، بەم شێوەیە برژانگت پڕ و ناسك و یەکسان دەبن، لەگەڵ یەکتریش گرێ دروست ناکەن، تا ماکیاژێکی جوانیش بۆ برژانگ و چاوانت بکەیت، سەرەتا هێڵێکی ڕەش لە ژێر برژانگی خوارەوە بکە، پاشان بەشی ناوەوەی برژانگی سەرەوە بە قەڵەمی ڕەش ڕەنگ بکە، دواتر بەشی سەرەوەی هێڵی برژانگی سەرەوە بە قەڵەمی هیلامی یان تەڕ ڕەنگ بکە، لە کۆتاییشدا ماسکارە بە برژانگ بخشێنە بۆ چەند جارێك، ئینجا سەیری برژانگەکانت بکە.





# ڕەنگە باوەکانی قژ بۆ کەشی گەرمی هاوینە

لە وەرزی گەرمادا گرنگی دان بە قژ هەنگاوێکی قورسە و کاتێکی زۆری پێویستە تا بتوانیت جوانی و نەرم و بریقەداریی قژت لەو وەرزەدا بپارێزیت، هەڵبژاردنی ڕەنگێك بۆ بۆیەکردنی قژ، یان دەستنیشانکردنی هایلاتەکان ئەرکێکی قورسە، بۆیە پسپۆرانی قژ چەند ڕەنگێکیان بۆ ئەو وەرزە داناوە، دەتوانی بە سوودوەرگرتن لە ڕێنماییەکان قژێکی جوانت هەبێت، سەرەتا بە ڕەنگە زنجیرەکان دەست پێدەکەین، وەك ڕەنگی ڕەساسی بەرەو ڕەنگی هەنگوینی، مۆدێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئەوانە گونجاوە کە ئەسمەرن، ڕەنگە تەدریجییەکانی ڕەنگی زەرد، بە هەموو نمرەکانەوە بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان شیکە، ڕەنگی هەنگوینی کە بە ئۆمبرێ ناسراوە، دەتوانی بە تاڵە ڕەنگی دیکە ڕێکی بخەیت، بەمەش سەرنجڕاکێش و ناسك دەبێ، هەروەها دەتوانی نمرەکانی ڕەنگە تێکەڵەکان وەك ڕەنگی شکۆلاتە لە تۆخ تاوەکو کراوە و شێوازی ڕەنگی قژی نەرم و کلاسیکیش بەکار بهێنیت کە مۆدێکی نایابە، بە تایبەت بۆ ئەوانەی سپی پێستن، ڕەنگی پلاتینی یان ڕەساسیی تۆخ، ڕەنگی کەمە و تەنیا بۆ هەرزەکاران و کچانی تازە پێگەیشتووە، ڕەنگی قاوەیی لۆلایتیش هەیە، مۆدێکی ناسکە بە تایبەت بۆ گەشت و دەرچوون گونجاوە.



# ساندویچ و لەفەی درێژ



ئەو جۆرە لەفەیە بە (ساندویچ) ناسراوە و بە ناوی (تۆرتا) دەناسرێت، درێژی ئەو لەفەیە دەگاتە (٧٠) مەتر، کە بۆ داوەتێکی فەرمی و کۆمەڵە کەسێکی زۆر ئامادە دەکرێت، ئەو لەفەیە لە گۆشتی مریشك و گیانداران پێك دێت، جگە لە گۆشت تەماتە و پەنیر و ساس و سەوزەشی لەگەڵدا دادەنرێت. کێشی ئەو لەفەیە (٨٦٥) کیلۆگرامە، کە بۆ بەدەستهێنانی نازناو دروست کراوە و داهێنراوە، تا ئێستا درێژترین لەفەی جیهانە، کە لەلایەن چێشتلێنەرێکی مەکسیکی بەناوی (خوانیتۆ) دروست کرابێت و پێشکەشی میوانانیش کرابێت، بەمەش دەبێتە درێژترین لەفە لە جیهاندا و تا ئێستا کاری لەم جۆرە نەکراوە.



# جەنگ و شەڕی ئەسپە بەهێزەکان

لە جیهاندا ئەسپ هێمای ئارامی و جوانی دەبەخشێت، بەڵام لە ئێستادا وەك گیاندارە شەڕانگێز و شەڕکەرەکان بەکار دەهێنرێن، بەهێزیی نێوان ئەسپەکان لە کاتی شەڕەکانیاندا مرۆڤ دەتاسێنن، وێنەگری ئەو وێنانە لەلایەن وێنەگرێك بە ناوی (جامی بۆلشایر)یە، ئەو دیاردە تازەیە سەرەتا لە ویلایەتی یۆتای ئەمریکی سەری هەڵداوە، ڕەنگە پەرەبسەنێت و ببێتە یەکێك لە گەمە و نمایشە سەیرەکان. ئەوەی سەیرە لە شەڕی ئەسپەکاندا هێندە یەکتر ئەزیەت و بریندار دەکەن، کە هاوشێوەی گیاندارانی دیکە نین، چونکە بەهێزن و کاتێك لە یەکتر دەدەن توانا و وزەیەکی زۆر بەکار دەهێنن، ئەمەش وای کردووە کە بەپێی قسەکەرانی ئامادەکارانی نمایشی شەڕە ئەسپ، نمایشەکەیان بەجۆش بێت.

# خێزانێكی گەورە و زەبەلاح لە جەستەدا




بە هۆی گەورەیی و زەبەلاحیی جەستەیەوە ژیانی ئەو ئافرەتە بەریتانییە كە ناوی (بیانكا برۆیز)ە، هێندە سەختە كە ژیانی وێران كردووە،، خۆی و كچە و منداڵەكانی بە شێوەیەكن، كە خەڵك لێیان دەترسێت و بەلایاندا ڕەت نابێ، چونكە شێوەیان زۆر گەورە و زەبەلاحە، لیای كچی ئەو ئافرەتە جارێ تەنیا تەمەنی (١٢)ساڵە، كەچی باڵای (١٨٠) سەنتیمەتر دەبێ، هەروەها كچێكی دیكەی ناوی ئێمایە، كە (٦) ساڵە نزیكەی (١٤٠) سەنتیمەترە، كێشەی ئەو خێزانە بۆ گرێیەكی بۆماوەیی دەگەڕێتەوە كە ساڵانێكە لە نێو خێزانەكەیاندا هەیە، ئەوەش وای كردووە كە زۆربەی ئەندامانی ئەو خێزانە شێوەیان گەورە بێت و جیاواز بن لەگەڵ كەسێكی ئاسایی.

# بیر و ناعوورە مێژوویی و كۆنەكان لە كوردستان

لە ناوچە شاخاوی و شارستانی و ئاسەوارەكانی كۆندا، چەندین بیر و ناعووری جۆراوجۆر دۆزراونەتەوە، كە هەندێكیان ئەستەمە بیرۆكەی هەڵكەندن و بیرلێدانەكان شی بكرێتەوە، تا ئێستا زیاتر لە ٤٣ بیری لە شاخ هەڵكۆڵدراو ئاماژەی دەسەڵاتی میرێكی بەهێزی كوردستانە، قەڵای میرێكی كورد لەسەر چیایەكی هەرێمی كوردستان، زیاتر لە ٤٣ بیری لە شاخ هەڵكۆڵدراوی لە دەوروبەر هەیە، بیرەكان قووڵی و فراوانییان جیاوازن، لە یەك مەتر قووڵی تا دەگاتە هەشت مەتر قووڵ هەیە، لە یەك مەتر بەرینی و فراوانی تا دەگاتە سێ مەتر فراوان و بەرین هەیە، ئەم شارستانییەتە ئەنجامی هێز و توانایەكی بەرز و بەهێزە، بەڵام تاكو ئێستا توێژینەویەكی زانستیی لەسەر نەكراوە، لە كۆیسێ لووتكە شاخدا، زیاتر لە ٣١ بیری ئاوە و ناعوور لە خۆ دەگرێت، یەكەمیان ١٥ بیری هەبوو، دووەمیان چوار بیری هەبوو، سێیەمیان ١٢ بیری هەبوو، بەڵام ئەمەیان ٤٣ بیری هەیە، كە پێك هاتووە لە چوار شوورا كە ئەوانیش ژمارەیەك بیریان هەبوو، لە نێوان دوو تاكو چوار بیر بووە.





## کاریکاتێر


ئـەم کاریکاتێـرە بـاس لـەو هونەرمەنـد و ئەکتەرانـە دەکات کـە لـە کاتـی وەرگرتنـی خەڵاتـی ئۆسـکاردا قەڵغانـی بەرگـری بـەکار دەهێنـن، کـە وەك ئاماژەیەکـە بـۆ زللەکـەی ویـل سـمیت.



## دیمەنە سەیرەکان

لەم وێنەیەدا مەیموونێك لەسەر دارێکە، هەوڵ بدە بزانیت کە مەیموونەکە سەر دارەکە دەکەوێت یان دێتە خوارەوە، زیرەکیی خۆت دەربخە و لە ماوەی ٢٠ چرکەدا وەڵامەکە بزانە.

## وێنەی ئاهەنگی دەرچوون



ئەو کچە ئەمریکییە پێچەوانەی هەموو کەسێك، هەمیشە خۆی لە گیاندارە ترسناکەکان نزیك دەکاتەوە (ماکێنزی نۆڵاند) دەرچووی کۆلێژی زانستی زیندەوەرزانی دەریاییە، لە ڕۆژی ئاهەنگی دەرچووونیدا چەندین وێنەی یادگاریی لەگەڵ تیمساحی گەورە و زەبەلاح گرتووە و بڵاوی کردووەتەوە، هەر یەکێك لەو تیمساحانە بە ناوی (BIG TEX) دەناسرێت کە درێژییان تا چوار مەتر دەبێت. ئەو جۆرە تیمساحە لە دەریاچەکانی ویلایەتی تیکساسدا هەن، ژمارەیان نزیکەی (٤٥٠) دانە دەبێت، سەردان و لێکۆڵینەوەکانی ئەو کچە قوتابییە لەسەر زیندەوەر و گیاندارەکانی نێو ئاودا وای کردووە کە شارەزایی زۆربەی گیانداران بێت و هەروەها دەزانێت کە چۆن مامەڵەشیان لەگەڵ دەکات، هەر بۆیە بەبێ ترس و بە جلی دەرچوونەوە چەندین وێنەی جۆراوجۆری لەگەڵ تیمساحە زەبەلاحەکان دەگرێت و بڵاویشی دەکاتەوە.

## یاسا



**تاوانی هەڵخەڵەتاندنی مێینە بەمەبەستی هاوسەرگیری کردن (الوعد بالزواج)**

**مادەی ٣٩٥ یاسای سزادان**

ئەگـەر پیاوێـک بەڵێـن بەکچێـک بـدات کـە هـەژدە ساڵی تـەواو کردبێ بـەوەی هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئـەکات بەهـۆی ئـەم بەڵێنـە لەگەڵـی جـوت ببێـت ، بـەڵام دواتـر جێ بەجێ کردنـی بەڵێنەکـەی ڕەت بکاتـەوە بەپێـی مـادەی ٣٩٥یاسـای سـزادانی عێراقـی ڕووبـەڕوی سـزا دەبێتـەوە .
بەپێـی مـادەی ٣٩٥ ئەگـەر ئـەو مەرجانـە هەبـوون ئـەوە تاوانبـار (جانـی) بـە حەبسـکردن سـزا دەدرێ( ئێـوە دەزانـن حەبـس لـە ٢٤ کاتژمێـر تاوەکـو زیاتـر نەبێ لـە ٥ سـاڵە ) ئەویـش بەپێـی بـارودۆخ و لێکەوتـەکان و گـەورەی تاوانەکـە ، دەسـەڵاتی خەمڵانـدن و دیاریکردنـی سـەرجەم لایەنتکانـی تاوانەکـەش بـۆ قـازی دەگەڕێتـەوە .
لـەو بارودۆخانـەی کەکورەکـە بەڵێنـی هاوسـەرگیریشـی دابێـت ، ئەگـەر کـردەی سێکسـی ڕوی نەدابێـت ، ئـەو مادە جێ بەجێ ناکرێ ، ڕەنگە لـەو دۆخەدا قازی بەمـادەی دیکـەی یاسـای تەکیفـی دۆخەکـە بـکات بەپێـی خەمڵانـدن و قەناعەتـی دادگا.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

باشترە ئامادەبیت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو بەربەست و قورساییانە ببیتەوە کە لە کارەکەت توشت دەبێت، خێزانەکەت متمانەی زۆریان پێتە، پێویستە خۆشەویستیی زیاتریان پێ ببەخشیت، یارمەتیدانی کەسانی چواردەورت وات لێدەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەیت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

توانایەکی باش هەیە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەموو کارەکان ببیتەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، پێویستە خۆت بڕیارە چارەنوسسازەکان بدەیت لەلایەنی سۆزدارییەوە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆز نەبێت، ئەوەت لەبیربێت ڕێگە کۆنەکانت هەمیشە باشترین نین، بۆیە هەوڵی تاقیکردنەوەی ڕێگەی نوێ بدە.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەندێك گۆڕانکاریی گەورە ڕوو دەدات لە کارەکەت، بەڵام دەبێت وریابیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی دەستوەردانی کەسانی چواردەورەوە، هەمیشە بە شێوەیەکی ئەرێنی لە کارەکان بڕوانە و تواناکانی خۆت بەکار بهێنە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**


سەرکەوتنێکی گەورە چاوەڕوانت دەکات، لە کێشەیەکی خێزانی ڕزگار دەبێت کە ماوەیەکی زۆرە پێوەی دەناڵێنیت، بەهۆی ناکۆکی و جیاوازیی بیروڕاکانەوە، توانای داهێنانت هەیە و هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، ئاستی زانیارییە گشتییەکانت بەرز بکەرەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

سەرکەوتوو دەبیت لە ئاست چارەسەرکردنی گرفتەکانت، بەسەربردنی ساتێکی ڕۆمانسی لەگەڵ هاوبەش و خۆشەویستی ژیانت، وا دەکات هەست بە ئاسوودەیی بکەیت، کاتێك شتەکانت بەو شێوەیە نارۆن کە تۆ دەتەوێت بێهیوا مەبە، چونکە هێشتا کۆنترۆڵی شتەکانت لەدەست نەداوە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

بایەخدان بە گەشت و وەرگرتنی زانیاریی زیاتر وا دەکات هەنگاوی باشتر بنێیت لە ئاستی خواستەکانت، ڕەنگە لەگەڵ کەسێکی ئازیزت یەك ببینن و لەگەڵ یادگارییەکانتاندا ساتێکی خۆش بەڕێ بکەن، باوەڕت بە تواناکانت هەبێت، باشترە دوای دڵت بکەویت نەك گیرفانت.




## بۆ زانیاریت

### ناوکە تیشکدانەوە چییە؟
### Radioactive nuclide

ناوکە تیشکەکان تەنۆلەکانی (ئەڵفا و بێتا و گاما). تەنۆلکەکانی ئەڵفا: تەنیا چەند سانتیمەترێکی هەوا ئەبڕن و توانستی تێپەڕینی لاوازی هەیە بەهۆی بارستە و بارگە زۆرەکەیەوە، بەو پێیە ناتوانێت پێست ببڕێت، بەڵام زیانبەخشە ئەگەر قووت درا (خورا) یان هەڵمژرا، تەنۆلکەکانی ئەڵفا لە دوو پرۆتۆن و دوو نیوترۆنی یەکگرتوو پێك دێن، لە کاتی هەندێ جۆری تیشکە لێکهەڵوەشاندا لە ناوك دەردەپەڕن، تەنۆلکەکانی ئەڵفا ناوکی توخمی هیلیۆمن و بە پەڕە کاغەزێکی تەنك دەتوانرێت بەری پێ بگیرێت. تەنۆلکەکانی بێتا: دەتوانێت چەند مەترێك هەوا ببڕێت، تەنۆلکەکانی بێتا ئەلیکترۆنە کە بە خێراییەك دەردەپەڕێت کە نزیك خێرایی ڕووناکییە، توانای تێپەڕین و سمینەکەی (١٠٠ ئەوەندەی) تەنۆلکەکانی ئەڵفایە، و ئەلیکترۆنی لە ناوك دەرپەڕیوون لە کاتی هەندێ جۆری تیشکە لێکهەڵوەشاندا، تەنۆلکەکانی بێتا پێویستیان بە قورقوشم یان شووشە هەیە بۆ بەر لێگرتنیان. تیشکی گاما: شەپۆلی کارۆموگناتیسی وزە بەرزن لە ناوك دەردەپەڕن لە کاتی گۆڕانیدا لە بارێکی هاندراوەوە بۆ باری وزەی زەمینی، تیشکی گاما لە ڕووناکی بینراو دەچێت، لەو ڕووەوە کە هەردووکیان تیشکی کارۆموگناتیسین، بەڵام تیشکی گاما شەپۆلەکانی زۆر کورتن، بەو پێیە وزە بەرزترن لە وزەی ڕووناکیی بینراو، تیشکی گاما گەورەترین توانای تێپەڕینی (سمینی) هەیە و بەهۆی چینی (ئەستوور)ی قورقوشم یان کۆنکرێتەوە یان بە هەردووکیان بەری لێ دەگیرێت.

## فیلم




### سەرمایەدار لە خۆشەویستیدا
### Rich in Love 2

فیلمێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆمانسییە،، باس لە کوڕێکی سەرمایەدار دەکات کە پەیوەندی زۆری لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگەکاندا هەیە، دوای ئەوەی لە بەشی یەکەمدا سەرکەوتنێکی باشی لە کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەست هێنا، لەو بەشەدا باس لە پاولا دەکات لە شاری ڕیۆدیجانێرۆی بەرازیلی وەك پزیشکێك کار دەکات، تیتۆی کوڕە سەرمایەدارێك دوای دەکەوێت و دەیەوێت ڕازی بکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٠ خولەکە، لە دەرهێنانی برۆنۆ گارۆتی و نووسینی دانتی بیلۆتییە، بە زمانی پورتوگالی دەرهێنراوە، لە نواندنی: جیۆڤانا لانسیلۆتی، دانیلۆ مسیکویتا، ئەلین دیاز، جەفەر بامبێرا، کای سارا.



## پەند و وتە

جولیۆس ویلیام ڕیچارد دیدیکاند، بیرکاری ئەڵمانی و داهێنەری چەندین تیۆری جۆراوجۆر، لە ساڵی ١٨٣١ لە شاری برۆنسویك لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩١٦ لە ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی کەسانی بەرژەوەندخواز دەڵێت: «ئەوانەی لە کاتی کەوتنتدا لەگەڵت نەبوون، مافیان نییە لە کاتی گەشانەوەتدا لەگەڵت بمێننەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بارودۆخەکە جێگیر دەبێت و هەنگاوی زیاتر بەرەو بەدیهێنانی خەونەکانت دەنێیت، کێشە خێزانییەکان ئەم ماوەیە سەرقاڵت دەکەن و پەیوەندییەکانت باش نییە، پێش ئەوە هەر هەنگاوێك بنێیت، بە وردی بیری لێ بکەرەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کارەکانت بەشێوەیەکی باش بەڕێوە دەچێت، لایەنی ماددیشت باش دەبێت، ڕاستی هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕە، چونکە بەوشێوەیە پەیوەندیتان بەهێزتر دەبێت، بە بیری هاوپیشەکانت بهێنەرەوە کە کارەکانتان بە گرووپ بکەن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەمێك هەست بە نائارامی دەکەیت بەرامبەر پلانەکانت بۆ داهاتوو، بەهۆی بونی هەندێك ئاڵۆزییەوە، کێشە و ناکۆکی نوێ لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت ڕوو دەدات، بەهۆی دەستوەردان لە ژیانی تایبەتیت بەشێوەیەکی زیاد لە سنوور، هەوڵ بدە بڕیارەکانت لە دەستی خۆتدا بێت و بە شێوەیەکی ژیرانە بیر لە بڕیارەکانت بکەرەوە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


کارەکانت ئەم ماوەیە باش بەڕێوە دەچێت، بەهۆی تواناکانی خۆتەوە، هەست بە بێزاری دەکەیت بەهۆی فەرامۆشکردنت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، دڵنیابەرەوە لەوەی هەمو کارەکانت بە ڕێڕەوی ئاسایی خۆیدا دەڕوات.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

باشترە ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکەیت بە بێ دواکەوتن، لایەنی سۆزداریت کەمێك ئاڵۆزە و پەستانێکی زۆرت لەسەرشانە، بەهۆی گرفتەکانی کارکردنەوە، ئەمرۆ بەهۆی زۆری کارەکانتەوە کەمێك ماندوو دەبیت، هەوڵ بدە لە کۆتایی ڕۆژەکەدا پشوو وەربگریت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


بەهۆی هەندێك بەباتی بێ بایەخەوە، پێویست ناکات کاردانەوەت زۆر توند بێت بەرامبەر هەمووان، دەکرێت بە ئاسانی چارەسەر ببێت، ئەگەر لەسەرخۆبیت، ئەو ناکۆکیانەی ماوەیەکە پەیوەندی سۆزداریتی تێك داوە ڕزگاردەبێت، ئەم ماوەیە کەسانی چواردەورت پێویستیان بە یارمەتیت دەبێت هەوڵ بدە بە پێی پێویست هاوکارییان بکەیت.







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
August 14, 2023 Issue,No.1376


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez District 240/1/626